**منداڵ ئەوشتە دەکێشێت، کە دەیزانێت، نەك دەیبینێت.**

# من بیر دەکەمەوە . . .

# من خاوەن بیرۆکەم . . .

# من داهێنەرم . . .

**منداڵ لەم قۆناغەدا بەدوای بیرۆکەی نوێدا دەگەڕێت و هەستەکانی لە ئاستێکی هاوسەنگدان و دەتوانن پێکەوە لەکاردابن بۆ بیرکردنەوەی ڕاست و دروست، پاشان ئەو کارەی بەرهەمی دەهێنێت زادەی بیرکردنەوەو بیرۆکەکانییەتی و وەك کارێکی هونەری داهێنەرانە لێی دەڕوانێت.**

**هەتا ئەم قۆناغەش منداڵ بۆ گوزارشتکردن پشت بە هزرو بیری دەبەستێت و ئەگەر شتە ڕاستەقینەکەشی لەبەرچاوبێت، ئەوا بێگومان هانا بۆ هزرو خەیاڵە تایبەتییەکانی خۆی دەبات و شتە ڕاستەقینەکە فەرامۆش دەکات (ئەو شتە دەکێشێت، کە دەیزانێت، نەك دەیبینێت).**

سەرپەرشتی زانستی : سالار جەلال ئەحمەد
سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود
نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز
نەخشەسازی ناوەرۆك: شڤان سابیر عولا
تایپکردن : شڤان سابیر عولا

# پەروەردەی هونەر

## بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەت

### ڕێبەری مامۆستا


ئامادەکردنی

م . خەلیل عەلی عەبدوڵا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس

پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن

د. شێروان حسێن خۆشناو

پێداچونەوەی زانستی

د. قادر حسێن ساڵح

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ٦ |
| پێشكار | ٧ |
| ئاراستەكردن | ٧ |
| پرۆگرام و ئامانجی ئاراستەكردن و ڕێنمایی هونەری و دەروونی | ٨ |
| پرۆگرامی خۆپاراستن لەسێ ئاستدا خۆی دەبینێتەوە | ١٠ |
| ئاراستەكردنی قوتابی لەم قۆناغەدا (١٠ساڵ) | ١٣ |
| بۆچی منداڵ ڕەفتاری نەشیاو ئەنجام دەدات؟ | ١٥ |
| ئاراستەكردنی ڕەفتار لە نێوان سزاو پاداشتدا | ١٧ |
| قۆناغەكانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیكتۆر لۆنفیلد) | ٢٢ |
| گرنگترین تایبەتمەندییەكانی منداڵ لەم قۆناغەدا (٩ بۆ ١١) ساڵی | ٢٤ |
| پلان | ٣٣ |
| هەنگاوەكانی پڕكردنەوەی خشتەی پلانەكان | ٤٠ |
| خشتەی پلانی مامۆستا | |
| خشتەی پێشنیاركراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ٤٧ |
| تەوەری یەكەم | |
| دەربڕینخوازی | ٥١ |
| تەوەری دووەم | |
| داهێنان | ٦٦ |
| تەوەری سێیەم | |
| ڕاڤەكردن و ڕەخنەی هونەری | ٧٩ |
| تەوەری چوارەم | |
| نیگاركێشان و دەربڕینی هونەری | ٨٧ |
| وانەی یەكەم | |
| چالاكییەكان | ١٠٣ |

| | |
|---|---|
| وانەی دووەم | |
| گەشەپێدانی بینگەی هونەری | ١٠٤ |
| وانەی سێیەم | |
| بنەماکانی پێکهێنانی هونەری | ١١١ |
| وانەی چوارەم | |
| گرنگی تەواوکردن لە پێکهاتەی کاری هونەریدا | ١١٧ |
| تەوەری پێنجەم | |
| نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا | ١٢٤ |
| وانەی یەکەم | |
| نەخشەسازی | ١٢٥ |
| وانەی دووەم | |
| پێکهاتەکانی نەخشەسازی و شیکردنەوەی شێوەکان | ١٣٦ |
| وانەی سێیەم | |
| خۆشنووسی | ١٤٥ |
| تەوەری شەشەم | |
| کاردەستی | ١٦١ |
| وانەی یەکەم | |
| لکاندن | ١٦٣ |
| وانەی دووەم | |
| خوری، دەزوو، داوکاری | ١٦٩ |
| وانەی سێیەم | |
| بەکارهێنانەوە | ١٧٣ |
| تەوەری شەشەم | |
| خومکاری و ڕەنگکاری | ١٨٠ |
| تەوەری حەوتەم | |
| پرۆژە | ٢٠١ |
| فەرهەنگۆك | ٢١٢ |
| سەرچاوەکان | ٢٣٢ |

# پێشەكی

مامۆستای بەڕێز،لەم پرۆگرامەدا چەند بابەتێكی هەستیارو نوێم هەڵبژاردووە، كە لەتوانا لەشەكی و ئەقڵییەكانی گەشەی منداڵەكاندا بێت و هاوسەنگییان بپارێزێت. پرۆگرامەكە لە حەوت تەوەر پێكهاتووە، بەڵام پێویستە سەرەتا پێشكار بخوێنیتەوە، چونكە بابەتی ئاڕاستەكردن و ڕێنمایی كردنی قوتابییەكانی تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا كێشەو چارەسەرییەكان ڕوونكراوەتەوەو هۆكاری سەرهەڵدانی كێشەكانیش باسكراوەو ڕۆڵی مامۆستا لەم باسەدا خراوەتە ڕوو.

مامۆستای بەڕێز... تەوەری یەكەم بریتییە لە دەربڕینخوازی منداڵ، لەم قۆناغەدا هەنگاو بەهەنگاو لەسەری دواوم و تۆش شوێن پێی بكەوەو هەنگاوەكان جێبەجێبكەو جێگەیان بۆ بكەوە لە كاتی كاركردندا. هەروەها تەوەری دووەم باسی داهێنان دەكات و هەنگاوەكانی داهێنان لەم قۆناغەدا خراوەتە ڕوو، لەهەمانكاتیشدا ئاگات لە بیری ئاڵۆزی منداڵەكان بێت و سەریان لێنەشێوێنی. لە تەوەری سێیەمدا ڕاڤەكردن و ڕەخنەی هونەری باس كراوە، كە لە هەستیارترین بابەتەكانەو قوتابی فێری ڕەخنەی هونەری دەكات و ڕایدەهێنێت چۆن لە تابلۆ بڕوانێت و خوێندنەوەی بۆ بكات. لە تەوەری چوارەمیشدا جارێكی تر بابەتی نیگاركێشان و دەربڕینی هونەری بەكەرەستەی جیاواز خراوەتەوە ناو پرۆگرامەكەو دابەشكراوە بەسەر چەند وانەیەكدا، بۆیە لەسەرتۆی مامۆستایە بەوردی لەسەر هەنگاوەكان بوەستیت و لە هەمانكاتیشدا نموونەی چەند هونەرمەندێكی كوردم هێناوەتەوە، كە لەگەڵ وانەكەدا دەگونجێت و تۆش زانیارییەكان بە شێوەیەكی سادە بگوازەوە بۆ قوتابییەكان و تابلۆكانیان پیشان بدە. لە تەوەری پێنجەمدا بابەتی كاردەستی خراوەتە ڕوو، بەڵام ئەم جارە كاردەستییەكە بە شێوازێكی وردو داهێنەرانە و تازە كاری لەسەر كراوە، بۆیە لەسەر تۆیە هەنگاو بە هەنگاو بۆ منداڵەكانی ڕوون بكەیتەوە، تا لەمەبەستی كارەكە تێبگەن و پاشان قوتابییەكان ئازاد بكە لە كاركردن. لە تەوەری شەشەمیشدا بابەتی خومكاری و ڕەنگكاری باسی لەسەر كراوەو هەنگاوەكانی لە بواری كاركردندا خراوەتە ڕوو، بۆیە پێویستە زۆر بە گرنگییەوە لەسەر ئەم بابەتە بوەستیت و وردەكارییەكانی بخەیتە بەرباس و لەگەڵ قوتابییەكانتدا گفتوگۆی گەرمی لەسەر بكەیت، چونكە بابەتەكە تازەیەو هەندێكیشی پەیوەستە بە ساڵانی ڕابردووەوە. لە كۆتا تەوەردا، كە تەوەری حەوتەمە كاری «پرۆژە» دانراوە، ئەم بەشە لە گرنگترین بەشەكانی ئەم پرۆگرامەیە، چونكە قوتابییەكان واز لەكاری «تاككاری» دەهێنن و ڕوو لەكاری هەرەوەزی و بەكۆمەڵ دەكەن و دواتر لە شێوەی پرۆژە نمایشی دەكەن، یەكەم قوتابییەكان فێری كاری پرۆژە دەبن و دووەمیش ئەوە فێردەبن، كە كاری بە كۆمەڵ ئاسانترە، وەك لە كاری بەتەنیا.

مامۆستای بەڕێز هەنگاوەكانی كار بەوردی بخوێنەوەو دڵنیام، كە دەتوانیت و دەزانیت، ئەمەش هەنگاوێكی زۆرباشی كاركردنە لە وانەكەتداو لەدوای هەركاردنێكیشدا ڕێزو ستایشی قوتابییەكانت بكە.

م. خەلیل عەلی

## پێشکار:

مامۆستای بەڕێز... لەم پرۆگرامەدا وردەکاری زۆرترو ڕوونکردنەوەی ورتر خراوەتە ڕوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە منداڵەکان هەستەکانیان باش گەشەیان کردووەو دەتوانین بڵێین هاوسەنگیش بوون. واتە لە یەك کاتدا دەتوانن هەموو هەستەکانیان بەگەڕ بخەن و وەڵامدانەوەشیان هەبێت بۆ هەر ئەگەرێك بێتە ڕێگەیان. هەروەها پێویستە بەوردی بابەتەکان بخوێنیتەوەو لەسەر یەك بە یەکی داواکاری و زانیارییەکان ڕابوەستیت، چونکە قوتابییەکان بەرەو کامڵبوون چوون و بە هەموو کارێك ڕازینابن و بە هەموو زانیارییەکیش تینوێتیان ناشکێت، هەرلەبەر ئەوەیە زانیارییەکان وردو زۆرو ڕووتر کراونەتەوە.

## ئاڕاستەکردن

لەم باسەدا چەندین بۆچوون و شیکردنەوەو بیروڕا دەخەینە ڕوو لەبارەی ئاڕاستەکردن و پێناسەکردنی، هەموو ئەو بیرو بۆچوونانەش یەك مانایان هەیە و ئامانجیان یەك مەبەستە لەو چالاکییەی ئەنجامی دەدەن لە چوارچێوە گشتیەکەی ئاڕاستەکردندا، ئەویش بریتییە لە چاککردن و ڕێککردن و ئاسانکردنی کاری قوتابییەکان لە کەمترین ماوەدا، تا بتوانن ڕێگایان ڕۆشنبێت بۆ کارکردن و ئامانجیشیان ڕوون بێت بۆ ئاینده. بۆیە لێرەدا هەندێك لەم بیرو بۆچوونانە بۆ مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر دەخەینە ڕوو، تا زانیاری ورتری لەبارەی ئاڕاستەکردنەوە هەبێت و ڕێگا دوورو درێژەکەی پەروەردەی کەمێك بۆ کورت بکەینەوە:

– ئاڕاستەکردن بریتییە لە ڕێنوێنی کردنی تاك بە ڕێگای جیاواز، تا بتوانێت بە بەکارهێنانی هێزو تواناکانی یەکێك لەم ڕێگایانەی بۆی دیاریکراوە بەکاربهێنێ، بۆ ئەوەی بتوانێت فێرببێت و دواتر ژیانێکی ئاسودە بگوزەرێنێت لەگەڵ خۆیی و کۆمەڵگاکەیدا.

– ئاڕاستەکردن بریتییە لە هاوکاریکردنی تاك بۆ ڕاڤەکردن و گەیشتن بە: ئامادەکاریەکانی، تواناکانی، حەزەکانی و ڕەخساندنی ئەو هەلانەی لەبەردەمیدایە، کێشەکانی، پێداویستیەکانی. هەروەها بەکارهێنانی زانیارییەکانی بۆ هەڵبژاردن و بڕیاردانی دروست بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی هاوسەنگ، تا لە کۆتاییدا بە ئاسودەیی و دڵخۆشی بژیت.

– ئاڕاستەکردن بریتییە لە هاوکاریکردنی تاك و هاندانی بۆ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن و پلاندانان بۆ ئایندەی خۆی بە شێوازێکی باش و ووردو لێزانانە و بەرپرسیارانە لەبەر ڕۆشنایی زانیارییە خۆییەکانی و بە لەبەرچاوگرتنی گوزەرانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیت.

– ئاڕاستەکردن بریتییە لە هاوکاریکردنی تاك بۆ تێگەیشتن لە ئێستا و ئامادەکاریکردن بۆ داهاتوو، بە ئامانجی ئەوەی خۆی لەشوێنێکی گونجاودا بدۆزێتەوە بە تایبەت لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژیت.

## پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی هونەری و دەروونی

ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی هونەری و دەروونی کردارێکی ژیرانەی بەردەوامە بۆ بنیاتنان و پلاندارشتن بۆ ئایندە. ئامانجی هاوکاریکردن و هاندانی قوتابییە، تا خۆی بناسێت و لەخۆی تێبگات و خۆی شیبکاتەوە لەڕووی لەشەکی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتی و تاوگیرییەکانی، تا لە کۆتاییدا لە تواناکانی خۆی تێبگات و کێشەو پێداویستییەکانی بە کەمترین ماوە دەستنیشان بکات. واتە لە هەڵە هەڵکەوتووەکان تێبگات و بتوانێت دووبارەیان نەکاتەوە، تا دەتوانیٚ هێزو تواناکانی بە گەڕ بخات بە مەبەستی چاککردنەوەو باشترکردنی بیرو بۆچونە هەڵەکانی. هەروەها هەڵبژاردنەکانی دەستنیشان بکات و بڕیاریان لەسەربدات و کێشەکانی چارەسەر بکات لەبەر ڕۆشنایی زانیاری و حەزەکانی، تا بە ئاسوودەیی و ئازادی بڕیاری دروست لە بارەی کارەکانی بدات. پێویستە قوتابی هەوڵبدات بۆ فێربوون لە ڕێگەی ڕاهێنانی تایبەتی ڕێنیشاندەرو مامۆستاو دایی و باوکەوە.

کەواتە قوتابی، ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردن لە ناوەندەکانی قوتابخانەو خێزانەوە وەردەگرێت، تا بتوانێت ئامانجە ڕوونەکانی دەستنیشان بکات، کە زامن و بەدەستهێنەری دروستی دەروونییە و خۆشی و ئاسوودەیی بۆ کۆمەڵگەو ئەوانی تر دەستەبەر دەکات و دواتر ئارامیش بە خۆی دەبەخشێت. لە کۆتایشدا ئەم سەرکەوتنە، سەرکەوتنە لەڕووی پەروەردەیی و پیشەیی و خێزانییەوە بۆ کەسێتی خۆی.

## پڕۆگرام و ئامانجی ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی هونەری و دەروونی

### ١- پڕۆگرامی گەشە Developmental Program

هەندێکجاریش پێیدەگوترێت ستراتیجی هاندان، یان بەرزکردنەوە Strategy of Promotion گرنگی پڕۆگرامی گەشە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خزمەت پێشکەش بە ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی بکات، تا قوتابی بتوانێت ئاستی تواناکانیان زیاد بکەن و قوتابییەکی بەهێزیان لێدەربچێت و دواتر پشتیوانی پێشکەش بە هاوڕێکانیان بکەن، ئنجا لە کۆتاییدا دەتوانیٚ لە خۆی و کارەکانی ڕازیبێت.

پڕۆگرامی گەشە لە بواری پەروەردەی هونەردا کۆمەڵێك ڕێوشوێن لەخۆدەگرێت، کە دەمانگەیەنێتە گەشەیەکی دروست و هاوسەنگ لەلای قوتابییە ‹‹ئاسایی و نائاساییەکان››، ئەم هاوسەنگییەش لە بوارەکانی دروستی دەروونی و ئاسوودەیی و تێربوون، تا دەگاتە ئاستی

هاوسەنگی دەروونی و دواتر خۆی جێگیر دەکات. کەواتە لەم قۆناغەدا مامۆستای هونەر پێویستە هەستیارتر کارەکانی ئەنجام بدات لەگەڵ قوتابییەکانیدا، چونکە پێویستە هاوسەنگی دروست بکات لەنێوان دروستی دەروونی و تێربووندا. مامۆستا دەبێت ئەم پرسیارانە لەخۆی بکات:

١- بۆچی قوتابییەکان ناتوانن خۆگری بنوێنن؟

٢- بۆچی قوتابییەکان جووڵەی زیاد لەپێویست دەکەن؟

٣- بۆچی قوتابییەکان ناتوانن لەگەڵ یەکتردا هەڵبکەن؟

٤- بۆچی قوتابییەکان پرسیاری بێسەرو سەروا دەکەن؟

٥- بۆچی قوتابییەکان ناتوانن زانیاری دروست و ڕاست بڵێن؟

ئەمانەو چەندین پرسیاری تر پێویستە لە بیری مامۆستا کەڵکەڵە بکات، چونکە لەوانەشە مامۆستاکەی پێش خۆی، وەك پێویست نەیتوانیبێت خۆی لەگەڵ قوتابییەکاندا ماندووکردبێت و هەموو بارەکە کەوتووە بەسەر شانی مامۆستای نوێدا. هەر لەبەر ئەوەشە، کە ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بێت ئەوەیە، کە مامۆستای هونەر چۆن دەتوانێت ئەم هاوسەنگییە لەناو قوتابییەکانیدا ڕابگرێت و کاریان لەسەر بکات و بیانگێڕێتەوە سەر ڕێچکە ڕاستەکە؟ بۆیە کاتێك قوتابی دەگاتە ئاستی هاوسەنگی دەروونی ئەم هاوسەنگییە بەڕوونی بە ڕەنگوڕوویەوە دیارەو هەست بە ئارامی زیاتر دەکات، ئەگەر نا پێچەوانەکەی ڕاستە.

لای قوتابی ئەم تێڕوانینە کاتێك دروست دەبێت، کە ئاستی زانین و تێگەیشتن و لەخۆڕازیبوون و گەشەی تێگەیشتنە خۆییەکانی بۆ ژیان و دەورەبەری تەواو بووبێت، یان پێگەیشتبێت. هەر لەبەر ئەوەیە مامۆستا پێویستە ئەوەی لەسەرشانییەتی ئەنجامی بدات بۆ گەیشتن بەژیانێکی سەرکەوتوو و هاوسەنگ لەڕێی تێبینیکردن و ئامادەکاریەکان پێش چالاکییە هونەرییەکان، تا قوتابییەکان ئاڕاستە بکات بەشێوەیەکی هونەری و پاشان دەروونی و پەروەردەیی و پیشەیی، ئەمەش بەچاودێری کردنی گەشەی کەسێتی و لەشەکی و ئەقڵی و کۆمەڵایەتی و تاوگێرییەکانی قوتابییەکە، یان قوتابییەکان. بە کورتییەکەی پێویستە مامۆستا کارە هەڵەکانی ڕابردووی ئەوانی تر چاك بکاتەوەو فەرامۆشیان نەکات و نەڵێت، جا من هەقم چییە؟ ئەمە کارێکی ناپەروەردەیی و نا مرۆڤانەیە، چونکە لە هەموو شتێك زیاتر قوتابییەکانت پێویستیان بەتۆیەو تۆش دەبێت ئامێزیان بۆ بگریتەوەو لەباوەشیان بگریت و کێشەکانیان بۆ چارە بکەیت. دوای چارەکردنی کێشەکان دەبینیت چیت کردووە و ئەنجامەکەی چی بووە؟

## ٢- پرۆگرامی خۆپاراستن Preventive Program

خۆپاراستن بەشێکە لە ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی هونەری و دەروونی و بەشێك لەم پرۆگرامەی ئێمەش داگیر دەکات. هەندێکجاریش ناوی لێدەنێین پرۆگرامی (قەڵغانی دەروونی، یان هونەری)، چونکە لە کاتی چالاکییەکاندا تێدەکۆشێت دژی کێشەو شڵەژان و گرفتە هونەری و دەروونیەکان، هەر وەك دەڵێن: (خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە)، ئێمە دەزانین، کە خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن و دەبێت قوتابییەکان لەسەر ئەم ڕەفتارە ڕابهێنرێن و پێویستە بەرچاویان ڕوونبێت، کە شەیدابوون بۆ خۆپاراستن زۆر باشترە لە خۆدزینەوە لە چارەسەر، چونکە ئەم کەنارگیریە لە خۆپاراستن قوتابییەکان ماندوو دەکات و زۆریان لەسەردەکەوێت لەڕووی پێدانی چارەسەری و هەروەها مامۆستاو فێرگەش سەرقاڵ دەکات، پاشان لەهەموو ڕوویەکەوە خێزان بەخۆیەوە شەکەت و پەرێشان دەکات. بۆیە لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەر پێویستە هەوڵبدات پێش بە ڕوودانی هەر کارێکی نەخوازراو بگرێت و پێشبینی هەر ڕووداوێکی نەخوازراویش بکات. هەروەها لەسەری پێویستە ئاستی خۆپارێزی بەرز بکاتەوە، جا ئەم خۆپارێزییە لەڕووی دەروونییەوە، یان کەرەستەو شمەکە هونەرییەکانەوە بێت، چونکە پیرت نەچێت ڕوودانی هەر کارێکی نەخوازراو لە هۆڵی فرەمەبەستدا، یان لەناو پۆلدا کاریگەری ڕاستەخۆ لەسەر دەروونی قوتابییەکان دروست دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە کورد دەڵێ: ((پێش ئەوەی دەستی خەڵك ماچ بکەین، باشترە دەستی خۆمان ماچ بکەین)). کەواتە مامۆستای وانەی هونەر دەبێت ئەوە بزانێت، کە خۆپاراستن گرنگی زیاتر بەو قوتابییانە دەدات، کە بەرەو ڕەفتار نواندنی خراپترو شڵەژانی دەروونی زیاتر دەڕۆن، وەك لەوانی تر، ئەمەش بۆ بەرپێگرتنە لە شڵەژانی زیاتر و خراپتربوونی قوتابییەکان لەڕووی زیادبوونی کێشە و شڵەژان و گرفتە هونەری و دەروونییەکانیانەوە. هەروەك لە کتێبی ((پەروەردەی هونەر بۆ زارۆخانە)) نموونەی چەند منداڵێك هێنراوەتەوەو خراپترینیان منداڵی ‹‹جرین و منداڵی فرەجوڵەی کەم سەرنجە››، کە بە منداڵی ADHD ناسراوەو کورتکراوەی Attention Deficit Hyperactivity Disorder یەو پاشان ناسینەوەی کێشەکانی و چارەکەشی خراوەتە ڕوو.

### پرۆگرامی خۆپاراستن لەسێ ئاستدا خۆی دەبینێتەوە

- **خۆپاراستنی سەرەتایی**

پێکدێت لە بەرپێگرتن و پاشان لابردن و کەمکردنەوەی هۆکارەکانی ڕوودانی کێشە، یان شڵەژان، یان نەخۆشی، تا کاری نەخوازراو ڕوونەدات.

- **خۆپاراستنی مامناوەند**

هەوڵدەدەین پێشوەختە کێشەکە دەستنیشان بکەین. واتە دەستنیشانکردنی شڵەژان لە قۆناخی یەکەمدا، بەو واتایەی پێشبینی ڕوودانی دەکەین و بۆ ئەوەی دواتر هەوڵبدەین، تا بتوانین کۆنترۆڵی کێشەکە بکەین و ڕێگری لە گەشەسەندن و کەڵەکەبونی بگرین.

- **خۆپاراستن لە قۆناخی سێیەمدا**

هەوڵدانە بۆ کەمکردنەوەو بەربەست دانان لەبەردەم شڵەژانەکە، یان ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندن و کۆن بوونی نەخۆشیەکە، یان گرفتەکە.

## بۆ خۆپاراستن لە شڵەژانە هونەری و دەروونیەکان تیشك دەخەینە سەر چەند خاڵێك:

- **چاودێری کردنی ڕاستەوخۆ**

لەم ئاستەدا مامۆستا هەوڵدەدات سەرنج و تێبینی لەسەر ڕەفتاری قوتابییەکان دابنێت و کەمتەرخەمی نەنوێنێت، چونکە هەر فەرامۆشکردن و کەمتەرخەمییەك لە لایەن مامۆستاوە ئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە. هۆڵی فرەمەبەست جێگەی ئەنجامدانی چالاکیەکانەو قوتابییەکان پێکەوە لەم هۆڵەدا، یان لە پۆلدا کارە هونەرییەکانیان ڕایی دەکەن. بوونی ئەم هەموو قوتابییەش بەدڵنیاییەوە بیَ سەرئێشەو گرفت نابێت. واتە پێویستە ئاستی چاودێری کردنەکە باشترو چڕتر بکەینەوە، تا بە یەکسانی بە هەموو قوتابییەکان ڕابگەین، ئەگەر نا قوتابی هەست بە ناهاوسنگی دەکات لەناو پۆلەکەیداو بە ئاشکرا پێت دەڵێت: مامۆستا سەرێکیش لە ئێمە نادەیت؟! ئەم پرسیارە سەرسوڕماناوییە کۆمەڵێك نهێنی گەورە لەخۆ دەگرێت و یەکێك لەو نهێنیانەش ئەوەیە، کە قوتابییەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ پێت دەڵێت: مامۆستا ئاگایەکیشت لە ئێمە بێت، یان مەبەستییەتی، کە ئەوانیش لە پۆلەکەدا هەن و پێویستە فەرامۆش نەکرێن. کەواتە پێویستە مامۆستا هەموو شتێك بەهەند وەربگرێت لە کاتی چالاکییەکاندا، چونکە هەموو کارێکی نەخوازراو لە گاڵتەکردنێکەوە دەستپێدەکات.

• بەدواداچوون و چاودێریکردن

پێویستە مامۆستا هەر چاودێرنەبێت، بەڵکو ئاڕاستەکەرو ڕێنیشاندەریش بێت و لە کۆتایی پرۆسەکەشدا بەدواداچوون بۆ گەورەو بچووکی شتەکان بکات، تا قوتابییەکان هەست بە کەمزانی و فەرامۆشکردن نەکەن و تێبگەن کەسێك چاودێرە بەسەریانەوەو ئاگای لەهەمووانە بە یەکسانی. قوتابی لە پۆلی چوارمدا تەمەنی گەیشتۆتە (١٠ساڵ) و ئاستی گەشەی لەشەکی و ئەقڵی و هزریشی زۆر چۆتە پێش و هەمان قوتابییەکەی پۆلی یەکەم، یان دووەم نییە. کەواتە بە وریایی مامەڵە بکەو هەموو شتێکیشت لەدەم دەرنەچێت و ئاگات لە ڕەفتارو گوفتارت بێت، چونکە قوتابییەکان زانیارییەکانیان لە ساڵی پێشووتر زیاترەو لەوانەشە هەندێك پرسیار بکەن و دواتر تۆ شەرمەزار بکەن، بەڵام پێویست بە شەرمەزاری ناکات، چونکە زانیارییەکانیان هەڵکشاوەو ئێستا ئەقڵیان بەزۆرشت دەشکێت، کە لەمەو پێش وانەبووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت قوتابییەکان ئامادەن بۆ ‹‹ڕاهێزان››. واتە دەزانن، بەڵام دەیانەوێ زیاتر بزانن و لە سەردەمی ڕاهێنانی ڕووت دەرچوون، بەڵکو ئێستا دەبێت ڕاهێنانیان پێبکەین ، تا زۆرتر بزانن. بۆیە ئەگەر پێمان وابێت، کە قوتابییەکان هیچ نازانن و ئێمەش ڕاهێنانیان پێدەکەین، ئەوا بەدڵنیاییەوە بۆچوونەکەمان هەڵەیە.

## ٣- پرۆگرامی چارەسەری Therapeutic Program

پێویستە مامۆستا بەرچاوی ڕوونبێت، کە هەندێ کێشەو شڵەژان هەن لەکاتی وانە کردارییەکاندا ڕوودەدەن و ناتوانین و زۆر ئەستەمە پێشبینی کاتی ڕوودانیان بکەین، بۆیە پێویستە قوتابییەکان ئاگادار بکرێنەوە کاتێك کێشەیەك لە کاتی کاردا ڕوودەدات. هەروەها پێویستە بەئاگابن و یەکسەر مامۆستا ئاگادار بکەنەوە لەکاتی ڕوودانیدا، چونکە ئەم قوتابییانە لەکاتە ناخۆش و شەرمهێنەرەکان و لەکاتی کێشە ڕاستەقینەکاندا پێویستیان بە هاوکاری و پشتگیریکردن هەیە، چونکە هەندێك لە قوتابییەکان ‹‹بڕوایان وایە، تا کێشەکان نەتەقنەوە داوای هاوکاری و پشتگیری نەکەن، جا لەشەرما، یان لە بێهێزیان بێت››، پێشکەشکردنی هاوکاری لەلایەن مامۆستاوە قوتابییەکان لە بێ ئارامی دەپارێزێت و هێزی بڕوا بەخۆبوونییان لا زیاد دەکات. کەواتە پێشکەشکردنی چارەسەرکردن بۆ کێشەو شڵەژانە دەروونی و هونەرییەکان لەکاتی کارکردندا بە پێویست دەزانین، بۆ ئەوەی هاوسەنگی و دروستی دەروونی بۆ قوتابییەکە بگەڕێتەوە. نەك هەرئەوەندە، بەڵکو پێویستە لەم قۆناغەدا (منداڵی ١٠ ساڵی)، وردتر لەسەر ئەم بابەتە بوەستین و پێشهات و زانیارییەکان بخەینە بەردەست مامۆستا، تا لە کاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکدا نەشڵەژێت

و لای ئاسایی بێت، تا ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەخۆ چارەسەری کێشەکان بکات. بۆیە ئەم پرۆگرامە چارەسەری و گرنگی ئەدات بە شڵەژانی دەروونی قوتابییەکان و هۆکاری سەرهەڵدانی کێشە لە کاتی کاردا دەخاتە ڕوو. هەروەها دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی ڕێگاکانی چارەسەرو دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکان، تا قوتابییەکان لە ئارامی و ئاسوودەییدا بهێڵێتەوە بە تایبەت لەسەر کارە هونەرییەکە، چونکە ئەگەر قوتابی هەست و دڵی ئارام نەبێت، ئەوا ناتوانێت لەگەڵ هاوڕێکانیدا کارێکی هونەری جوان و واتادار بەرهەم بهێنێت و لە هەمووشیان گرنگتر ناتوانێت لەگەڵیان هەڵبکات. هەر لەبەر ئەوەشە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە پرۆگرامی چارەسەری پێویستی بە دەستنیشانکردنی وورد لە ڕێنمایی چارەسەری هەیە، چونکە هەندێکجار ستراتیجی کارکردن لەدەست دەردەچێت و ناگاتە چارەسەری (١٠٠٪)، چونکە کێشەکە لە گرێژنە دەرچووەو درەنگ گەیشتۆتە دەستی مامۆستا. واتە چارەسەر وەردەگرێت دوای ئەوەی هەموو شتێك لەدەست دەرچووە، ئەمەش شەرمەزارکەرە بۆ ستافی وانەکەو پاشان بۆ ئیدارەی قوتابخانەکە، چونکە هەندێك قوتابی هەیە توشی ڕووداوی نەخوازراو بوون بەهۆی بێمتمانەیی و بەپیرەوەنەچوونی کێشەکەیەوە، بۆیە کێشەکە بەلاڕێدا ڕۆیشتووەو نەتوانراوە چارەسەر بکرێت، بۆیە لەسەر مامۆستایە ‹‹ڕووبەڕووی کێشەکان بێتەوە، نەك لێیان ڕابکات، چونکە تا لەکێشەکان ڕابکەین، ئەوا قەبارەو زیانەکانی زۆرتر دەبێت››. لەبەر ئەوە لێرەدا دەچینە ناو وردەکاری ئاڕاستەکردنی قوتابی لەکاتی چالاکییەکاندا، بۆ ئەوەی مامۆستا ورتر لە کێشەکەو چارەسەرییەکە تێبگات.

## ئاڕاستەکردنی قوتابی لەم قۆناغەدا (١٠ساڵ)

ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری قوتابی یەکێکە لەو توانستانەی مانای زۆرو شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لێکدانەوەی جیاجیاشی بۆ دەکرێت لەنێوان خێزان و پەروەردەکاراندا و ئەوانەشی، کە گرنگی بەولایەنە دەدەن، چونکە هەریەکێك لەوانە خاوەن ئەزموونێکی تایبەتن لە شێوازی ئاڕاستەکردن و هەریەکەشیان بیروبۆچونێکیان لەسەر شێوازی ئاڕاستەکردنەکە هەیە.

کەواتە مەبەست لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری قوتابی ئەوەیە، کە بگەینە قۆناغێك بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی قوتابی، تا بتوانێت دەستبەسەر ڕەفتارەکانیدا بگرێت و تواناکانی زیاد بکات، تا وەك کەسێکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن خۆیەوە دەربکەوێت لە هەموو قۆناغ و شوێنێکدا، ئەم ڕەفتارەش دەبێتە ڕەفتارێکی خوازراو لەلایەن خۆی و دەوروبەرەکەیەوە. بۆیە لێرەدا دەتوانین پشت

به قوتابییەکە ببەستێن، کە دەتوانێت پەرچەکردارەکانی کۆنترۆڵ بکات و پاشان بڕوا بەخۆی بهێنێ، کە لەناخیەوە کەسێکی شیاوو گونجاوە لەناو کۆمەڵگەدا، وەك بونەوەرێکی هاوسەنگ پارێزگاری لە هەست و سۆزی بکات و دواتریش دەبێتە جێگەی خۆشەویستی و ڕێزگرتن لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە. ئەو بوارانەی کاریگەریان بەسەر شێوازی ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری قوتابییەوە هەیە



چەندین دەستەواژەن و ڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەیە بەم بابەتەوە، وەك: ‹‹پەروەردەکردن، ڕێکخستن، گفتوگۆ، باوەڕپێهێنان، پشتگیریکردن، بوژانەوە، پوختەکردن››. هەریەکێك لەم دەستەواژانەش پێداویستیەکە لەو پێداویستیانەی بۆ مەبەستی ئاڕاستەکردن بەکاردەهێنرێت، خاوەن مانا و تێڕوانینی خۆیانن لە شیکردنەوەی ماناکان و شێوازی کارەکانیاندا. پێویستە ئەوە بڵێین، کە ئەم کردارە پێشکەوتووە بە



هێواشی لە سەرەتای لەدایك بوونەوە دەست پێدەکات. منداڵ سەرەتا تێبینی جووڵەی دەم و چاوی دایکی دەکات و دەیەوێت لە ئاماژەکانی تێبگات و دواتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو بە یەك تێڕامان لە ئاماژەکانی دایکی تێدەگات، وەك: توڕەبوون و پێکەنین لەسەر دەموچاوی دایکی، یان لەڕێگەی تۆنی دەنگی دایکیەوە تێدەگات، کە دایکی دڵخۆشە، یان توڕەیە، یان دڵتەنگە. هەروەها تێدەگات دایکی داوای چی لێ دەکات؟ یان هانی دەدات بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری باش و دوری دەخاتەوە لەوکارانەی

ئازاری پێدەگەیەنێ. بۆیە منداڵەکە لە ئاماژەکانی چاوی دایکی تێدەگات کامە ڕێگە پێدراوەو کامە ڕێگە پێنەدراوە، لەم هەنگاوانەشدا، وەك قۆناخی یەکەم خێزان بەشداری تێدا دەکات. بۆیە کاتێك منداڵ دەگاتە تەمەنی یەك ساڵی، یان دوو ساڵی توانای وەرگرتن، یان هەستپێکردنی زیاتر دەبێت بۆ کارە ‹‹هەڵەو ڕاستەکان، یان باش و خراپەکان›› بەشێوەیەکی سنوردار، بەڵام ناتوانێت بەتەواوی



لەیاساو ئاگادارکردنەوەکان تێبگات، چونکە ئەم کردارە پێویستی بە چەندین ساڵ ئەزموونکردن دەبێت بە تایبەت لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی بەردەوامی کردارە ئامادەکراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەرلەبەر ئەوەشە بە بەردەوامی دایك و باوك، وەك دوو ڕابەر چاویان لەسەر منداڵەکانیانە و چاودێریان دەکەن و ئاڕاستەیان دەکەن بۆ کاری باشە. لەم ئاڕاستەکردنەدا تەنها خێزان منداڵ ئاڕاستە ناکات، بەڵکو دەزگاکانی ڕاگەیاندن، زارۆخانە، فێرگەش نەخشیان هەیە لەم ئاڕاستەکردنەدا، بەڵام مەرجیش نییە هەموو ئاڕاستەکردنێك باشبێت و جێگە بگرێت، لەوانەشە ئاڕاستەکردنەکە بەلای ئاڕاستەکەرەوە باشبێت، بەڵام لەوانەیە لەبنەڕەتدا کارێکی هەڵەبێت، ئەگەر لە بنەڕەتدا پشت بە سەرچاوەی زانستی و پەروەردەیی دروست نەبەستێت.

## بۆچی منداڵ ڕەفتاری نەشیاو ئەنجام دەدات؟



هەندێکجار ئەوانەی لەم دەوروبەرەن، قوتابییەکان بە سەرەڕۆ ناو دەبەن، هەندێکی تر بە خۆپەرست، بەڵام لەڕاستیدا لەوانەیە ئێمە هەرلەخۆڕا بڕیار لەسەر قوتابییەکان بدەین لە ڕێگەی بیرو بۆچوونی هەڵەی تایبەتی خۆمانەوەو بێ ئەوەی لە هۆکارو پاڵنەرەکانیان تێبگەین. بۆنموونە: ئەگەر تەماشا بکەین لەماڵێکدا منداڵێك بازبازێن دەکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر خۆی هەڵدەدات و یاری دەکات و

دواتر بەم ڕەفتارانەی بێزارمان دەکات. سەرەتا ئاگاداری دەکەینەوە، دواتر هەڕەشەی لێدەکەین، هەندێکجاریش پاداشتی دەکەین، تا ئەم کارە دووبارە نەکاتەوە، بەڵام دەبینین منداڵەکە بۆماوەیەکی کورت یاریەکە ڕادەگرێت، بەڵام دواتر بە هەمان ڕەفتار دەستپێدەکاتەوە. بۆیە ئەوەی جێگەی پێزانین بێت بۆ ئێمە و دەوروبەر ئەوەیە، کە منداڵەکە دەیەوێت ‹‹سەرنجی دەوروبەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت و گرنگی پێبدەن››. لەڕاستیدا، ئەوەش یەکێکە لەو پاڵنەرانەی لە ڕەفتاری منداڵەکەدا ڕەنگ دەداتەوەو



دەیەوێت ئاراستەی هەمووان بەلای خۆیدا پەلکێش بکات. لەم کاتەدا زۆر پێویستە گرنگی بە ڕەفتاری منداڵەکە نەدەین و پشتگوێی بخەین، هەموو هۆش و بیرمان لای منداڵەکە نەبێت، چونکە منداڵەکە، وەك گوتمان دەیەوێت سەرەنجی هەمووان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، بۆیە دیاریکردنی کاتێك بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵەکە باشترینە. کاتێك لە پاڵنەرە سەرەکیەکەی منداڵەکە تێدەگەین، پێویستە هەڵی بەشداریکردنی بۆ برەخسێنین و پاشان بڕیاربدەین بەگۆڕینی هەندێ شێوازی دیکتاتۆریمان و بەکارهێنانی هێز بۆ شێوازێکی هێمنتر لەڕێگەی گفتوگۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە نەچینە ململانێ لەگەڵیدا بۆ ئەوەی منداڵەکە داواکاریەکانی زیاد نەکات و ئەو ئامانجانە نەهێنێتە دی، کە مەبەستییەتی و داوامان لێدەکات. کەواتە ‹‹تێگەیشتن لە هۆکارەکە ← پاشان چارەسەرکردن›› بۆیە کاتێك منداڵ فەرامۆش دەکەیت، ئەوا بێشك سەرئێشەت بۆ دروست دەکات، تا سەرنجت ڕابکێشێت.



## خۆپاراستن و ... شێوازی نموونەیی

چەندین چوارچێوەی جۆراوجۆر هەیە، تا مامۆستا لە لایەك و دایکان و باوکانیش لە لایەکی ترەوە پێشوەختە لەسەری ڕێکبکەون بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕەفتاری منداڵەکەو کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارە نەشیاوەکانی، لەوانە:

**پێشەنگی باش**: کاتێك منداڵ ڕەفتارێك دەنوێنێت، بەڵام چواردەورەکەی پێی پێدەکەنن و لەبری ئەو ڕەفتارەی ئەنجامی داوە بزەی بۆ دەکەن، دڵنیایی دەدەنە منداڵەکە بۆ ئەو ڕەفتارەی کردوویەتی، بۆیە ئەم ڕەفتارە لای منداڵەکە کارێکی ‹‹خوزراو›› دەبێت و زۆربەلایەوە ئاسایی دەبێت و چەندین جارو لەبەرچاوی هەرکەسێکدا ئەم ڕەفتارانە بێترس و شەرمکردن دووبارەو چەندجارە دەکاتەوەو

لێی دەبێت بە ‹‹خوو››. هەندێ جاریش وشەی نەشیاو بەکاردەهێنێ، کە نەگونجاوە بۆ تەمەنی منداڵەکە، بەڵام گەورەکان بە پێکەنین و بزە، وەڵامی ‹‹ئەرێی›› منداڵەکە دەدەنەوە، بەڵام کاتێك ئەم ڕەفتارو دەستەواژانە چەند جارە دەبنەوە لەدەرەوەی خێزاندا، ئەوا دەبنە جێگەی شەرمەزاری بۆ خێزانەکە. بۆیە لەسەر خێزانەکە پێویست بوو هەر لەسەرەتاوە بەم شێوەیە پشتگیری منداڵەکەیان نەکردبایە. لێرەدا پێشەنگایەتی کردنی باش ڕۆڵی خۆی دەبینێ بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری باش بۆ ئایندەی گەشەی منداڵەکەو هەمان کاریش بۆ مامۆستا ڕاستە، کاتێك ڕەفتارێکی نەشیاو دەبینێت، نابێت ڕێگە بدات ئەم ڕەفتارانە دووبارە ببێتەوەو پێویستە ‹‹ئاکار›› ی قوتابییەکە پێشبخرێت و دەبێت ئەوە بزانین پێشەنگایەتی باشی خێزان و مامۆستا دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە بپارێزێت و نەیکاتە قوربانی ڕەفتارە نەشیاوەکان و هەمان بۆچوونیش بۆ هەڵوێستی مامۆستاکە ڕاستە.

## ئاڕاستەکردنی ڕەفتار لە نێوان سزاو پاداشتدا

کاتێك دایی و باب، یان مامۆستایان دەیانەوێت ئەزموونی تاڵی خۆیان دووبارە بکەنەوە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بەتایبەت بۆ ئەو کاتانەی، کە خۆیان بە منداڵی پێیدا تێپەڕیون، وەك: لێیانداوە، تا پەروەردەیەکی باش بکرێت، ئەمەش وەك وەرگرتنی سزا بۆ باش ڕەفتارکردن. هەندێك لە باوکان پەروەردەیەکی توندیان لە منداڵی خۆیان وەرگرتوە، یان هەندێکی تریان ژیانیان لە ژینگەیەکی فەرامۆشکراودا بەسەربردووە، بۆیە ئەم باوکانە بەلایانەوە ئاساییە ئەم ڕەفتارانە لەگەڵ منداڵەکانیان دووبارەو چەندجارە بکەنەوە، چونکە خۆشیان پێیدا تێپەڕیون و کاریگەریشی نەبووە لەسەریان و پاشان بە ئاسایی وەریان گرتووە. بۆیە لەسەر ئەوانە پێویستە، کە لەبواری پەروەردەدا کار دەکەن بە تایبەت مامۆستای پەروەردەی هونەر، ئەوە بۆ دایك و باوکان ڕوونبکاتەوە، کە ئەوەی ئەنجامی دەدەن لە بەرانبەر منداڵەکانیاندا کارێکی باش نییە، چونکە منداڵ لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە زۆر ناسکە و پێویستە ئەوە بزانن، کە هەڵە بە هەڵە چارەسەر ناکرێت. واتە منداڵ پێویستی بە سۆزو خۆشەویستی و بەزەیی و باوەڕپێدانکردن هەیە، نەك سزادان لەڕێگەی لێدان و توندوتیژی و سزادانی لەشەکی ‹‹سزای فیزیکی››، چونکە ئەمە وا لە منداڵەکە دەکات کەسایەتییەکی خاراوی لێدەربچێت و دواتر خاوەنی هیچ ڕێزێك نابێت لە ڕەفتارکردنیدا لەگەڵ دەوروبەرەکەی بە تایبەت هاوڕێی کارەکانی و پاشان باوەڕی بەخۆی نامێنێ و کەسایەتییەکی توندوتیژو شەڕانگێزی لێدەردەچێت و وا خۆی دەبینێ، کە پێویستە هەموو کاتێك سەربکەوێت. کەواتە بەکارهێنانی لێدان

بێ ڕەچاوکردنی دەرەنجامەکانی، وەك پەرچەکردارێك لەلایەن منداڵەکەوە ڕەفتارو بەرتەکی خراپی لێدەکەوێتەوە. پێویستە قوتابی وا ئاڕاستە بکرێت، کە لەگەڵ هەست و سۆزو تەمەنیدا گونجاوبێت و هەمیشەش منداڵ بۆ خۆدەربازکردن لە سزا هانا بۆ درۆکردن و «بەهانە» هێنانەوە و شیکارکردن دەبات، ئەمانەش هیچیان شیاونین، بۆیە دواتر ئەم کەسایەتییە وردە وردە کەسایەتی دەگۆڕێت و ناتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و توانای بڕیاردانی نامێنێت و هەست بە گۆشەگیری و خۆنەویستی دەکات لەناو هاوڕێکانیدا، لەهەمانکاتیشدا توانای کۆنترۆڵکردنی خۆیشی لە دەست دەدات و دواتر کەسانی تر بەرپرسیارێتی هەڵەکانی هەڵدەگرن «هەڵەکانی بۆ پینەوپەرۆ دەکەن، یان هەڵەکانی بۆ پەردەپۆش دەکەن» و ناتوانێت هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە، یان چاکیان بکاتەوە.

## شێوازە گونجاوەکانی پوختەکردن و ڕێککردنی ڕەفتاری منداڵ

زۆر گرنگە مامۆستا و دایی و باب لەسەر ئەوە ڕێك بکەون، کە پێویستە کۆمەڵێك بنەما لەبەرچاو بگرن بۆ پوختەکردن و ڕێککردنی ڕەفتاری منداڵ و ڕێکخستنەوەی بەشێوەیەکی گونجاو و هاوتەریب لەگەڵ تەمەنەکەیدا. لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئەم کارەش گونجاوو کاریگەربێت و لەسەر ئاکارەکانی منداڵەکە لە داهاتوودا. لەو ڕووەشەوە دەتوانین ئەم بۆچوونە کورت بکەینەوە بۆ:

- ڕەتکردنەوەی هەر ڕەفتارێك، کە شکۆی منداڵ بشکێنێت و نابێت ئازاری پێبگەیەنێت.
- پێویستە ئەو شێوازی پوختەکردن و ڕێککردنە پەروەردەییە فێرکاری بێت و هەل بۆ منداڵەکە بڕەخسێنێت، تا بەتەواوی ڕەفتارەکانی بگۆڕێت، نەك گۆڕانێکی کاتی بێت.
- پێویستە ئەم ڕەفتارانە بەکاربهێنرێنەوە بۆ بنیاتنانی ڕەفتاری نوێ و باش و خوازراو.
- نابێت چارەسەرکردنی ڕەفتارەکان لەسۆنگەی توڕەبوون، نەفەسکورتی و تاوگیرییەکانەوە هەڵقوڵابێت، ئەگەرنا دواتر منداڵەکە بێ ئومێد دەبێت و ئێمەش لەخۆی بێ ئومێد دەکات.
- پێویستە کاری پوختەکردن و ڕێککردنی ڕەفتار دڵنیایی بداتە منداڵەکە، تا هەست بەوە بکات لە باوەشی ئەواندایە و دەیپارێزن و خۆشەویستی پێدەدەن و کەسایەتی دەپارێزن. ئەم کارە تێڕوانینی خودی منداڵەکە و دەوروبەری دەگۆڕێت بەشێوەیەکی باش و گونجاو.
- نابێت منداڵەکە لەکاتی پوختەکردن و ڕێك کردنی ڕەفتارەکانیدا هەست بەوە بکات، کە نەخوازراوە لەناویاندا، بەڵکو دەبێت وا هەستبکات، کە ئەمە تەنها بۆ باش کردنی ڕەفتارەکانیەتی و بەس.

## سوودی پەروەردە

ڕەخساندنی هەلی گونجاو بەمەبەستی هاوکاریکردن و گەشەپێدانی توانای قوتابی لەڕێگەی ڕاهێزانی هزرو بیرو لەش و ئەقڵ، هەتا دەگاتە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، کە بەشێوەیەك بێت، تا لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا بێتەوەو بنەما کۆمەڵایەتییە باشەکانی لەسەر هەڵچنێ. واتە قوتابی بەشێوەیەك ئامادە بکرێت، تا بتوانێت لە داهاتوودا هاوسەنگی دروستبکات لە نێوان فۆلکلۆرو ڕۆشنبیری هاوچەرخدا. واتە لە ئایندەدا، وەك تاکێکی بەسوود خزمەت بە کوردستان و پاشان بە مرۆڤایەتی بکات لە هەر شوێنێکی جیهاندا (مرۆڤدۆست بێت).

## سوودە گشتییەکانی ئەم پرۆگرامە

**شوناس و هەستی نیشتمانی:**

١- گەشە بە قوتابی دەدات، تا بەشێوەیەکی باش ڕەفتار بکات لە سەرکارو پاشان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا.

٢- یەکخستنی هەستی نیشتمان پەروەریی و کۆمەڵایەتی لە دڵ و دەروونی قوتابییەکانداو ئاڕاستەکردنیان بەرەو نواندنی ڕەفتاری باش.

**بەرهەمی هونەری:**

١- قوتابی کۆمەڵێك زانست و ئەزموون و ڕاستی فێردەبێت، کە لەگەڵ توانستی لەشەکی و ئەقڵییەکەیدا دێتەوە.

٢- گەشە بە لایەنی داهێنەرانە دەدات و وا لە قوتابییەکە دەکات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست گوزارشت لە هەست و خەیاڵەکانی بکات و پاشان لەڕێگەی کاری هونەرییەوە دەریانبڕێت.

**چێژی هونەری:**

دەوڵەمەندکردنی هەستی هونەری لای قوتابی و پاشان ئەم هەستە گەشە دەکات بۆ گەشەی جوانناسی و ئەم جوانناسییەش لە ڕەفتارو مامەڵەکردن و هونەرەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە.

**مێژووی هونەری:**

قوتابی هەستی بەخۆزانی گەشە دەکات، کاتێك دەزانێت کوردستان خاوەن شارستانییەتێکی مەزنەو هونەرێکی دێرینی هەیەو تێدەگات، کە میللەتانی جیهان بە گشتی گرنگی بە بواری هونەر دەدەن.

### ڕەخنەی هونەر:

ئەم وانەیە دەرگایەکی نوێ بەڕووی قوتابیدا دەکاتەوە، تا لەڕێگەی گفتوگۆکانییەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا گەشە بە بواری ڕەخنەی هونەری بنیاتنەر بدات، کە لە ڕێگەی پێداهەڵدان و گفتوگۆو دەربڕینی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیی پێی دەگات و پاشان شیکار بۆ کارە هونەرییەکە دەکات.

### پەیوەندی هونەری:

قوتابی لەڕێگەی ئەم وانەیەوە دەتوانێت پەیوەندی بگرێت لەگەڵ هاوڕێکانی تریدا لە ناوەوەو دەرەوەی قوتابخانەدا لە ڕێگەی بەشداریکردن لە پێشانگەو چالاکییە هونەرییەکانی ترەوە.

## سوودە تایبەتییەکانی ئەم پرۆگرامە

### شوناس و هەستی نیشتمانی:

١- قوتابی لە ئاستی جوانناسی سروشت تێدەگات و بەهای جوانناسییەکەی دەزانێت.

٢- قوتابی ڕەفتاری ڕێك دەکات و خۆی دەگونجێنێت و لەگەڵ پرۆسەی فێرکردندا هەڵدەکات.

٣- قوتابی گەشە بە هەستی نەتەوایەتی دەدات لەڕێگەی گوزارشتکردن لە دیمەنی جوانی کوردستان لەڕێگەی کاری هونەرییەوە.

٤- قوتابی بە ژینگەی وڵاتەکەی ئاشنا دەبێت لەڕێگەی گوزارشتکرن لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری.

### بەرهەمی هونەری:

١- قوتابی زانیاری لەسەر ئەو کەرەستەو شمەکە خاوانە بەدەستدەهێنێت و ڕۆڵی هەریەکێکیشیان دەزانێت لە کاری هونەریدا.

٢- بوار بۆ قوتابی دەڕەخسێنێ، تا تواناکانی خۆی تاقیبکاتەوە لە کاری هونەریدا.

٣- قوتابی ڕادەهێنێت لەسەر بەکارهێنانی کەرەستەو شمەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو لە کاری هونەریدا.

٤- قوتابی ئاشنا دەکات بە کۆمەڵێك زاراوەی هونەری نوێ، بۆ ئەوەی لە بواری گفتوگۆو ڕاڤەکردندا لە پۆلدا بەکاریان بهێنێت.

٥- خەیاڵی قوتابی دەوروژێنێت، تا بەشێوەیەکی جوان و ڕاست بیربکاتەوەو خۆی گورج بکاتەوەوداهێنان بکات لەو کارە هونەریەی مەبەستییەتی بەرهەمی بهێنێت.

## چێژی هونەری:

١- قوتابی ڕاهێنان دەکات لەسەر ئەو بەربینییە هونەرییانەی، کە لە سروشتدا هەن و چێژ لە جوانی و داهێنراوەکانی وەردەگرێت.

## مێژووی هونەر

١- قوتابی ئاشنایەتی و زانیاری لەسەر هونەری میللی ناوچەکەی، پاشان وڵاتەکەی کۆدەکاتەوە.

٢- قوتابی لە بەهای کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی وڵاتەکەی تێدەگات و ڕێزیان لێدەگرێت.

٣- قوتابی بە کاری هونەرمەندانی وڵاتەکەی ئاشنا دەبێت.

٤- قوتابی بە هونەری ڕەسەنی فۆلکلۆری کوردی ئاشنا دەبێت.

## ڕەخنەی هونەری:

قوتابی بەشداریدەکات لە گفتوگۆو ڕاڤەکردنی کارە هونەرییە جیاوازەکان.

## پەیوەندی هونەری:

١- قوتابی بەشداری لە پێشانگەی هونەریدا دەکات لە ناوەوەو دەرەوەی شارەکەی خۆیدا.

٢- هەستی بەرپرسیارییەتی گەشە دەکات و گیانی هاوکاریکردن لە دەروونیدا پەرە دەستێنێت و بەشداری لە پرۆژەی هونەری و کاری بەکۆمەڵدا دەکات.

بۆ تێگەیشتن لە هونەری منداڵ پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانای سویسری (ڤیکتۆر لۆنفیلد)، کە تیایدا گەشەی توانای وێنەکێشان لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناغ و ئەو قۆناغانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و هزری، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەم هاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تا گەورەتربێت. جگە لەوەش وێنەکانی جوانترو باشتر دەبێ و ناسینەوەی هێمای ناو وێنەکانیش ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر.

## قۆناغەكانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیكتۆر لۆنفیلد):

١- قۆناغی ئامادەبوون بۆ هێڵكاری: لە تەمەنی دوای بوون تا ٢ ساڵی.

٢- قۆناغی هێڵكاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.

٣- قۆناغی ئامادەبوون بۆ هەستكردن بە شێوەكان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.

٤- قۆناغی هەستكردن بە شێوەكان: لە تەمەنی (٧ بۆ ٩) ساڵی.

٥- قۆناغی هەوڵدان بۆ گوزارشتكردن لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ ١١) ساڵی.

٦- قۆناغی گوزارشتكردن لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ ١٣) ساڵی.

٧- قۆناغی باڵق (هەرزەكاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ ١٨) ساڵی.

شایانی باسە، لەم هەنگاوەی ئێستادا، تەنها خاڵی پێنجەم هەڵدەبژێرین، كە پەیوەستە بە منداڵی تەمەن (٩ بۆ ١١) ساڵ. هەروەها لەسەر جۆری چالاكی و شێوازی جێبەجێكردنیان دەوەستین و لەگەڵ حەزو ویستی منداڵەكان هەنگاو دەنێین و تۆی مامۆستاش پێویستە ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناغەی منداڵ بكەیت و هەڵپە نەكەیت لەكاتی جێبەجێكردنی وانە كردارییەكاندا.

سەرەتا زانیاری پەروەردەیی پێویست بۆ ئەم قۆناغە دەخەینە بەرچاوی مامۆستای وانەی هونەر:

## قۆناغی هەوڵدان بۆ گوزارشتكردن لە ڕاستی، (٩ بۆ ١١) ساڵ:

ئەم قۆناغە وەرچەرخانێكی گرنگە لە شێوازی خۆییەوە بۆ ڕێڕەوی بابەتی. واتە ئەم قۆناغە دادەنرێت بە گۆڕانێكی گرنگ لە ژیانی منداڵدا بەهۆی گواستنەوەی لە ڕێڕەوی خۆییەوە، كە پشتی بەو زانیاریانە دەبەست، كە دەیزانی و گواستنەوەی بۆ ڕێڕەوێكی بابەتی، كە پشت بە ڕاستی كەرەستە بەرجەستە بینراوەكان دەبەستێ. بۆیە لێرەدا نهێنی ئەم وەرچەرخانەش دەگێڕینەوە بۆ ئەو گەشە بەرفراوانەی منداڵ دەیكات لە هەموو لایەنەكانی ژیانیدا، وەك گۆڕان لە لەش و ئەندامەكانی تریدا، وەك: لە مێشك و بیرو بۆچوونیدا كۆمەڵێك گۆڕانكاری ڕوودەدات، بۆیە لەم قۆناغەدا منداڵ هەست بە تەنیایی و تایبەتمەندییە ڕەگەزییەكانی خۆی دەكات و پێی وایە تەنیایە و جیاوازە لەوانی تر، بەڵام نازانێت ئەم جیاوازییەی ئەو هەیەتی پەیوەستە بە گەشە ئەقڵی و لەشەكییەكانییەوە. واتە ئەم جیاوازییە بە ڕوونی لە ڕەفتارو شێوازی مامەڵەكردن و هەندێكجار لە تۆنی دەنگیدا دەردەكەوێت. هەروەها منداڵ لەم قۆناغەدا هەست بە دەوروبەری دەكات و دەرك بە

سیماو شێوە جیاوازە بینراوەکانی دەرەوەی دەوروبەری خۆی دەکات. منداڵ هەست پێکردنێکی بابەتیانە بە شتەکان دەکات، بۆیە لێرەدا گەلێك تایبەتمەندیی ڕابردووی وندەکات و زیاتر پشت بە چاوەکانی دەبەستێ، نەك بە هزرو هەستی، بۆیە هەوڵدەدات ڕاستییەکان وێنا بکات و گوزارشتیان لێبکات، بۆنموونە: ئەگەر وێنەی گەنجێك لە وێنەکەیدا بکێشێ، کە چالاکی ئەنجام دەدات، ئەوا ڕێك گەنجەکە، وەك گەنج پیشان دەدات و دەری دەخات، بەڵام ئەگەر وێنەی پیرێك بکێشێت، ئەوا قژی سپی دەکات و وەك پیر دەیچەمێنێتەوەو گۆچان بەدەستییەوە دەگرێت. ڕەنگەکان، وەك خۆی بەکاردەهێنێ، بۆ نموونە: ڕەنگی شین بۆ ئاسمان و ڕەنگی سەوز بۆ گژوگیاو درەخت. لە کۆی هەموو ئەم قسانەدا دەتوانین بڵێین، کە ڕاستییە بینراوەکان ڕێگەی تازەو ڕێڕەوی گوزارشتکردنی نوێیە، کە منداڵ لەم تەمەنەدا پشتی پێ دەبەستێ لە دەربڕینە هونەرییەکانیدا.

## هەڵوێستی مامۆستا:

بێگومان، ئەگەر ئەوە شێوازی منداڵ و ڕێڕەوی منداڵ بێت لە هونەردا، ئەوا دەبێت ڕێزی لێبگرین و پێویستە هەمان کاتیش ڕێنمایی ئەو تۆیان بکەین، کە تام و چێژ لە پەیوەندی جوان لە ناو کارە هونەرییەکە و ئنجا لە سروشتیش وەربگرن. بۆیە دەبێت هەوڵ بڕەخسێنین، تا منداڵەکان بەرەو گوزارشتکردن و تۆمارکردنێکی ئامێری نەچن و پێویستە لەسەرمان، وەك مامۆستای پەروەردەی هونەر چالاکی ڕۆشنبیری خۆیی منداڵەکان زۆرتر بکەین لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردنی بابەتی ناو وێنەکان. هەروەها ڕوونکردنەوە لەسەر جیاوازییە تایبەتییەکانیان بۆ زیاتر بکەین و پاشان هاوکاریان بکەین لەو سەرنج و تێبینیانەی هەمانە لەسەر وێنەکەیان، بە تایبەت لە ڕووی ڕەگەزیەوە. واتە قوتابییەکان لە قۆناغێکی هەستیاردان و هەست بە گەشەی لەشەکی و ئەقڵی خۆیان دەکەن، کە دەبێت چی بکەن؟ چۆن بکەن؟ هەروەك لە بابەتی ئاڕاستەکردندا جەختمان لەسەر کردەوەو ڕامانگەیاند، کە پێویستە ئاڕاستەکردنەکە زۆر بە وریایی و ژیرانە ئەنجام بدرێت و نابێت مامۆستا هەرچی پێی خۆشبوو، یان بەدڵی بوو لە ئاڕاستەکردنەکەدا بیڵێت، یان بیکات، چونکە قوتابییەکان لە قۆناغێکی هەستیاری گەشەیی دان و پێویستییان بە کەمێك نەرمونیانی و ژیری و لێوردبوونەوە هەیە. بۆیە سەرەتا پێویستە گەشە بە گیانی هاوکاری بدەین لە نێوان قوتابییەکاندا، تا بتوانن لە ڕێگەی کاری هاوبەشەوە گیانی هەرەوەزی و بەکۆمەڵ کارکردن لە ناخیاندا چەکەرە بکات، هەرچەندە لە پۆلەکانی پێشووتردا ئەم کارەی کردووەو پێی ئاسایی بووە، بەڵام کاتێك منداڵەکان

دەبنە (١٠ساڵ) هەموو شتێك گۆڕانكاری بەسەردادێت ‹‹ڕەفتاركردن، گفتوگۆكردن، دانیشتن، ڕۆیشتن، خۆنواندن، ئاستی بەشداریكردن، مامەڵەكردن لەگەڵ ڕەگەزی جیاوازدا››، بۆیە پرۆژەو كاری بە كۆمەڵ هانی قوتابییەكان دەدات، تا ئەم جیاوازییە كەم بكاتەوەو ئاستی شەرمەزاركردن نەهێڵێت لە لایان، چونكە هەندێك لە كچەكان حەزناكەن لەگەڵ كوڕەكان كار بكەن، یان بە پێچەوانەوە، چونكە هەست بە جیاوازی ڕەگەزی دەكەن. لەسەر مامۆستای هونەرە ئەم جیاوازییانە كەم بكاتەوە لەڕێگەی هاوبەشی پێكردن و سازكردنی كاری بەكۆمەڵ. لێرەوە قوتابییەكان هەست بە دڵنیایی زۆرترو ئارامی باشتر دەكەن و دەزانن، كە لە پشتیانەوە پاڵنەرێكی باش هەیەو هاوكارییان پێشكەش دەكات و دواتریش قوتابییەكان باشتر چاویان دەكرێتەوەو ڕێگەی كاركردنیان ڕوونتر دەبێت لە كاری هونەریدا. لە كۆتاییشدا وا لە قوتابییەكان بگەیەنرێن و تێبگەن، كە هونەر دەربڕینە لە ڕاستی، نەك تۆماركردنی ڕاستییەكان وەكو خۆی. هەروەك لە ڕابردووش جەختمان لەوە كردەوە، كە ئێمە نامانەوێت ‹‹هونەرمەند›› بەرهەمبهێنین، بەڵكو دەمانەوێت قوتابییەكان لەسەر هەست جوانی و بەرزكردنەوەی ئاستی جوانناسی پەروەردە بكەین و بەها بۆ كاری هونەری دابنێن و سروشت و وڵاتەكەی خۆیان خۆشبوێت.

### گرنگترین تایبەتمەندییەكانی منداڵ لەم قۆناغەدا (٩ بۆ ١١) ساڵی:

١- زۆربەی قوتابییان لەم تەمەنەدا هەوڵدەدەن لە شتەكان تێبگەن و پاشان وەڵامی دروستیان بدەنەوەو دواتر گفتوگۆی لەسەر بكەن و لە كۆتاییشدا بۆچوونی خۆیانی لەسەر بڵێن و دواتر بەپێی ئەو زانیارییانەی هەیانە ڕەخنەو شیكاری بۆ بكەن.

٢- قوتابی بۆچوونی لەسەر كاری بەكۆمەڵ (گروپكاری) باش دەبێت و ئاستی كۆمەڵایەتی گەشە دەكات، كە هاوتەریبە لەگەڵ گەشە لەشەكی و ئەقڵییەكەیدا، بەڵام لەجاران پێویستی زیاتر بە ڕێنمایی و ئاڕاستەكردن هەیە، چونكە ئێستا باشتر شتەكان شیدەكاتەوەو هەوڵدەدات بگاتە قوڵایی وەڵامەكان و بە وەڵامی سەرچاڵانە ڕازی نابێت. هەروەها قوتابی هەوڵدەدات پشت بە هەستی بینین ببەستێت و هەر ئەوەشە وای كردووە، كە شتەكان بە ڕاستەقینەتر ببینێت و لێیان تێبگات. واتە ئەو هێماو نیگارانەی دەیكێشێت ڕاستەخۆ پەیوەندیان بە شتە بینراوەكانەوە هەیەو لەبەرگیراوەی شتە ڕاستەقینەكەن.

٣- قوتابی لەم تەمەنەدا زیاتر لە جاران پشت بە چاوی دەبەستێت، بەڵام هەندێك (بەكەمی) جیاوازی دەكات نێوان دووری و ڕێژەو هەستپێكردن بە شتە بینراوەكان. واتە، ئەگەر وێنەی پیاوێك بكێشێت لە نزیكەوە، ئەوا قەبارەی گەورە دەكات و ئەگەر پیاوێكی تر لە دوورەوە بكێشێت، ئەوا بێگومان بە بچووكی دەیكێشێت، ئەمەش هەنگاوێكی گەورەیە، كە لەم قۆناغەدا بۆی هەوڵدەدات.

٤- قوتابی لەم قۆناغەدا باشتر لە جاران هێڵەكانی، ڕەنگەكانی، هەستپێكردنەكانی، پانتایی ناو وێنەكەی ڕێكدەخات و پەیوەندییان پێكەوە گرێ دەدات و لێكیان دەبەستێتەوە. واتە هەموو بابەتەكە پێكەوە گرێ دەدات لەڕێگەی هەست و سۆزییەوە گوزارشتیان لێدەكات و دەیەوێت بە زمانێكی هونەری جوان ئەم گوزارشتە لە بابەتەكان، ئنجا لە شتەكانی دەوروبەری بكات.

٥- لەم قۆناغەدا توانای قوتابی لە كارامەییە كاردەستییەكان پێش دەكەوێت و توانای زۆرتری هەیە بۆ بەكارهێنانی كۆمەڵێك كەرەستەو ئامێر، كە لەمەوپێش نەمانتوانییوە بیخەینە بەردەستی لەبەر مەترسی و پاشان نەتوانینی لە بەكارهێنانیدا. واتە ئێستا گەشەی لەشەكی و ئەقڵی باشترە لە جاران.

٦- لەم قۆناغەدا بە ئاشكرا دەردەكەوێت، كە هەر ڕەگەزەو هەستی خۆی دەردەبڕێت و گوزارشت لە ڕەگەزایەتی خۆی دەكات. بۆ نموونە: كچەكان حەز بەكاری كچانە دەكەن و كوڕەكانیش حەز بەكاری كوڕانە دەكەن، بەڵام پێویستە مامۆستا ئەم جیاوازییە كەم بكاتەوە بەهۆی هاوبەشی پێكردنیان لەكاری یەكتردا.

## ئەو تایبەتمەندیانەی پێویستە لە مامۆستای هونەردا هەبێت لەم قۆناغەدا

✓ پێویستە مامۆستای هونەر ئەوە بزانێت، كە ئەو تاكە سەرچاوەی زانیاری بەهێزە لای قوتابی لەم قۆناغەو قۆناغەكانی دواتریشدا، بۆیە پێویستە لەسەری زانیارییەكانی ڕاست و دروست بن و پەرۆشی هەبێت بۆ كارەكەی، ئەگەر نا هەموو پرۆسەكە دەخاتە بەر مەترسی.

✓ پێویستە ڕێگاو شێوازی داهێنەرانەو جیاواز لە وانەكانی تر بگرێتە بەر بۆ گوتنەوەی وانەی هونەرو پلان و داڕێژەری باشبێت لە وانەكەیدا، دواتر لە قوتابخانەكەیدا.

✓ كەسایەتییەكەی هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو ئەركەی دەیگرێتە ئەستۆ، چونكە ئەوە بزانە ئەگەر مامۆستایەكی تر لە وانەیەكی تردا شێوازو ڕەفتاری توند بنوێنێ، ئەوا هەرگیز ئەم

توندئاژۆییە بۆ مامۆستای هونەر نابێت و مەترسیدارە. بۆنموونە: ئەگەر مامۆستای بیرکاری فشار بخاتە سەر قوتابییەکانی بۆ ئەوەی شیکاری دابەش، یان لێکدان بزانن، ئەوا پێویست نییە مامۆستای هونەریش هەمان ئەو فشارانە بکاربهێنێت بۆ ئەوەی قوتابییەکانی وێنەکانیان جوانترو باشتر بکەن، چونکە پرۆسەکەی ئێمە جۆرێك لە جۆرەکان گوزارشتکردنێکی خۆییە، زیاتر لەوەی فێری کارێك بکرێت.

- ✓ پێویستە مامۆستای هونەر پێشەنگی چاکەکاری و ڕەفتارجوان بێت و کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێت و بتوانێت لە پێداویستی قوتابییەکانی تێبگات و هاوکاریان بکات و پشت و پەنایان بێت لە کاتی کارکردندا.
- ✓ هەستی بەپرسیارییەتی بەرزبێت و گیانی هاوکاریکردنی هەبێت، بەتایبەت لە کاتی ئەنجامدانی چالاکی قوتابخانەو ڕایی کردنی کارەکانی قوتابخانەکەی و ئەرك و ماندووبوونیان لەسەر کەمبکاتەوە.
- ✓ توانای ئەنجامدانی چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری هەبێت و گەشەیان پێبدات و ڕێکیان بخات.
- ✓ ڕێز لە پیشەکەی خۆی و ئەوانی تریش بگرێت.
- ✓ پێویستە ئاگای لە قوتابییەکانی بێت لە ڕووی ئاسایشی خۆپارێزی و تەندروستییەوە، چونکە هەندێکجار لەوانەیە کەرەستەو شمەکەکان ببنە مەترسی بۆسەر گیانی قوتابییەکان.

((بۆ دەستخستنی زانیاری زیاتر، چاوێك بە کتێبی پەروەردەی هونەر بۆ زارۆخانە بخشێنەوە)).

## ڕۆڵی مامۆستای پەروەردەی هونەر

مامۆستای هونەر ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لە گەشەپێدانی توانا ویژدانی و تاوگیری و ئەقڵییەکاندا. هەروەها توانای گەشەپێدانی بە ئاستی کارامەیی زۆر بالآیە. بۆیە لێرەدا ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستای پەروەردەی هونەر دەخەینە ڕوو:

### یەکەم: ڕۆڵی مامۆستا لە بواری ڕێکخستندا:

- ❖ هۆڵی فرەمەبەست ئامادە دەکات. واتە کورسی و مێزو کەرەستەو ئامێرەکانی کارکردن و هۆکارەکانی فێرکردن و خستنە ڕوو ڕێکدەخات و ئامادەیان دەکات بۆ کارکردن.

❖ تێنوسی پلان و تێبینی ئامادە دەکات، تا پلانەکەی جێبەجێ بکات و پاشان سەرنج و تێبینی لەسەر قوتابییەکان کۆبکاتەوەو لە تێنوسەکەیدا تۆماریان بکات.

❖ شوێنی پاراستن و هەڵگرتنی کەرەستەو تابلۆ بەرهەمهاتووەکان ئامادە دەکات و شوێنێکیش لەناو هۆڵی فرەمەبەستدا دیاری دەکات بۆ نمایشی ڕۆژانە.

## دووەم: ڕۆڵی مامۆستا لەڕووی پەروەردەییەوە:

- مامۆستا پێویستە ڕۆڵێکی باش بگێڕێت لە ناوەوەو دەرەوەی هۆڵی فرەمەبەستدا بە مەبەستی ئاڕاستەکردن و ڕێنماییکردنی قوتابییەکانی، لە هەمانکاتیشدا ڕەفتارە باش و زانیارییە زۆرەکەی وای لێبکات، کە ڕەنگبداتەوە لە کردەوەکانیدا، تا لەگەڵ چێژی هونەری هەمووانداخۆی بگونجێت و ببێتە پێشەنگ بۆ هەموو مامۆستاکانی تر.
- پێویستە بوار بۆ قوتابییەکان بڕەخسێنێت، بەمەبەستی گوزارشتکردن بە شێوەیەکی ئازادانەو دوور لە ترس و تۆقاندن و هەراسانکردن. هەروەها ڕەچاوی پاداشت و سزاش بکات بۆ سەرخستنی پرۆسە پەروەردەییەکە.
- هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە بۆ خۆی و وانەکەی بکات، تا بزانێت ئاست و توانای هەردووکیان چۆنە؟ ئایا لە ڕووی پەروەردەییەوە هاوسەنگن؟

## سێیەم: ڕۆڵی مامۆستا لەڕووی هونەرییەوە:

- ○ وانەکەیەکی باش پێشکەش بکات و لەگەڵیدا هۆکاری ڕوونکاری و وروژاندن بەکاربهێنێت.
- ○ ئامانجی وانەکەی لا ڕوونبێت و سوودەکانی لەبەرچاو بگرێت، تا بزانێت چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ بەچی جێبەجێی دەکات؟
- ○ هەنگاوەکانی کارکردن ڕوونبکاتەوە لە تێنوسی پلاندا، تا هەڵەکانی کەم بکاتەوە و ئاستی پێشکەشکردنی باشبێت.
- ○ کەرەستەو شمەکی هونەری پێویست و باش هەڵدەبژێرێت بۆ سەرخستنی چالاکییەکە.
- ○ بیرۆکەی باش ئامادە بکات، تا لەکاتی چالاکییەکەدا بیخاتە بەردەم قوتابییەکان.

- ○ خۆی دڵنیا بکاتەوە لەوەی دەیەوێت ئاستی کارامەیی قوتابییەکان بەرزدەکاتەوە، وەك ئەوەی لە پرۆگرامەکەدا هاتووە. گرنگی بە توانا تاکییەکان دەدات بەپێی ئەو شێوازەی بۆی دیاریکراوە لە پرۆگرامەکەداو فشاری فێرکاری بەکار ناهێنێت.
- ○ چاودێری گەشەی قوتابییەکان دەکات لەکاتی چالاکییەکانداو گرنگیش بە ئاستی تایبەتی هەندێك لە قوتابییەکانیش دەدات و پشتگوێیان ناخات و بەشێك لە کاتی وانەکەیان بۆ دیاری دەکات، تا بتوانێت کەموکورتییەکانیان بدۆزێتەوەو پاشان چارەسەریان بکات.
- ○ مامۆستا پەرۆشبێت بۆ ئەوەی هانی قوتابییەکان بدات، تا ئاستی توانست و توانا کارامەییە جیاوازەکانیان پەرە پێبدەن لەرێگەی دۆزینەوەو ئەنجامدانی گەڕان و پشکینینی نوێ لە دەرەوەو ناوەوەی قوتابخانە، جا لە ڕێگەی شێوەکارییەوە بێت، یان تەکنیکی، یان زانستی تەکنەلۆجییەوەبێت.
- ○ مامۆستا لە کۆتایی هەموو وانەیەکدا هەڵسەنگاندن بۆ وانەکە دەکات و لایەنی لاوازو بەهێز دیاریدەکات و ئەم خاڵانە لە تێنوسی تایبەتی پلانەکەیدا بنووسێتەوە.

### چوارەم: ڕۆڵی مامۆستاو بەرهەمی قوتابییەکان:

- ▪ پاراستن و هەڵگرتنی بەرهەمی قوتابییەکان، جا لە تێنوسێکدا، یان لە کارتۆنێکی تایبەتدا و پاشان لە دۆلابێکدا بیان پارێزێت، تا کاتی نمایش.
- ▪ هەندێك بەرهەم هەڵبژێرێت، تا لە هۆڵی فرەمەبەستدا نمایشیان بکات بە لەبەرچاوگرتنی کاری سەرجەم قوتابییەکان. (ناو، تەمەن، پۆل، بەروار) لەسەر کارەکە نوسرابێت.
- ▪ هەڵبژاردنی هەندێك کاری دانسقە و هەڵواسینی لەناو قوتابخانەدا، بەمەبەستی هاندانی بەهرەمەندەکان.
- ▪ هەڵبژاردن و لێکجیاکردنەوەی هەندێك کاری ناوازەو تایبەت، بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەین بۆ نمایشکردن لەسەر ئاستی ناوخۆ، یان نێودەوڵەتی.

### پێنجەم: ڕۆڵی مامۆستا لە بۆنەکاندا:

- ● هۆڵی فرەمەبەست تاقیگەیەکە بۆ سەرجەم شێوازە جیاوازەکان، بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجەی دیاریمانکردووە لە پلانەکەماندا، هەرلەبەر ئەوەشە ئەنجامی وانەکەو کارەکان ئاوێنەی مامۆستایەو ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستا بە ڕوونی پیشان دەدات، جا لەڕووی

پەروەردەیی، یان ویژدانی، یان تاوگیری، یان ئەقڵی بێت، لە سەرووی هەمووشیانەوە ئاستی جوانناسی کارەکان دیاری دەکات.

- پێویستە مامۆستا ڕەچاوی ڕووی ناوەوەی هۆڵی فرەمەبەست بکات لە ڕووی پاکوخاوێنی و گونجاندنی بۆ نمایش و کاری هونەرییەوە.
- ڕەچاوی ئەوە بکات، کە ئەو کەرەستەو شمەکانەی بەکاریان دەهێنێت سنووری کارکردنیان دیاریکراوەو پێویستیان بە چاککردنەوەو گۆڕین دەبێت.
- چاودێری تەواوی قوتابییەکان بکات لەکاتی بەکارهێنانی ئەم کەرەستەو شمەکانە.

### شەشەم: ڕۆڵی مامۆستا لە هاوکاریکردنی قوتابخانەکەیدا:

- قوتابخانە بودجەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ سازدانی چالاکی و لەهەمانکاتیشدا ستافی بەڕێوەبەری قوتابخانە ئیدارەی کارەکانی دەدات، بۆیە ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستای هونەر لێرەدا دەردەکەوێت، ئایا تا چەند دەتوانێت نەخشی هەبێت بۆ وانەکەی لە دابینکردنی بەشێك لەو بودجەیە؟ بە دڵنیاییەوە ئەمەش لەڕێگەی هەماهەنگی کردن و پلاندانان دەبێت لەگەڵ ئیدارەی قوتابخانەدا.
- گرنگیدان بە کارە نایاب و زۆر باشەکانی بەهرەمەندان و نمایشکردنیان لە شوێنە تایبەتییەکان و ڕێڕەوی قوتابنەکەدا.
- هاندانی قوتابییەکان بە مەبەستی سازکردنی ‹‹پۆستەری زانیاری››(*)، یان بەرگی کتێب، یان دروشمی پەروەردەیی، بەمەبەستی بەشداریکردن لە نمایشی قوتابخانەدا.
- مامۆستا دەتوانێت هەندێك لەو بەرهەمانەی، کە پەیوەستن بە بابەتی تایبەتەوە لێکییان ببەستێت و لە نمایشێکی تایبەتدا پیشانیان بدات.
- قوتابییەکان ڕابهێنێت لەسەر ئەوەی کار لە پانتایی زۆر فرەواندا بکەن، تا ئاستی ترس و دڵەڕاوکێیان نەمێنێ و هەست بەخۆزانی بکەن.
- مامۆستا هاوکاری پێشکەش بە ئیدارەی قوتابخانەکە بکات، کە پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکەی خۆیەوە، کە بواری هونەرییە.

---

(*) پۆستەری زانیاری: لەبری وشەی (نشرة جدارية) ی عەرەبی بەکارهاتووە. دوای ڕاگۆڕینەوەو کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاری لە هاوڕێ و مامۆستایانی خاوەن ئەزموون و زمانزان. دواتر سەرنج و پێشنیاری بەڕێز ‹ئاسۆس شەفیق›م لا پەسەند بوو. هەروەها دوای ڕاڤەکردن، ئەو پێی وابوو ئەم واتایە لە خواستە کوردیەکەوە زۆر نزیکەو مەبەستەکە دەپێکێت و ئامانجەکە دەهێنێتە دی.

- ماموٚستا دەبێت ئەوە بزانێت، بەهیچ شێوەیەك ڕێگە پێدراو نییە قوتابی ڕاستەوخۆ نیگار لەسەر دیوار، یان پەنجەرە، یان دەرگای قوتابخانە بکێشێت، چونکە (لەڕووی پەروەردەیی، یان هونەری) ئەوە جێگەی پەسەند نییە، تا ماموٚستا و قوتابیش تووشی لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لە نەبێت.
- پێویستە ماموٚستای پەروەروەردەی هونەر بە پلەی یەکەم گرنگی بە قوتابی بدات، پاشان بە پێشانگەو بۆنە تایبەتییەکانی قوتابخانەکە.

## بایەخدانە گشتییەکان بە وانەو وانەگوتنەوە

ماموٚستا بەردی بناغەی پرۆسەی فێرکاری و پەروەردەییە، هەرلەبەر ئەوەشە پیشەی ماموٚستایەتی قورس و دژوارەو هەموو کەسێك ناتوانێت پیشەی ماموٚستایەتی هەڵبژێرێت، چونکە پێویستی بە زانیاری زۆرو ئەزموونی باش و لەهەمانکاتیشدا بڕوای بە کارەکەی، ئنجا بە فەلسەفەی کارەکەی هەبێت. واتە ئەگەر ماموٚستا بڕوای بە ئامانجی کارەکەی نەبێت، بێگومان ناتوانێت لە هۆڵی فرەمەبەست، یان لەپۆلدا، وەك ماموٚستایەکی سەرکەوتوو ڕەفتار بکات. ئەوەش بزانە بەهای وانەکە لە ڕێگەی ئاستی جێبەجێکردنی ماموٚستاوە دەردەکەوێت، چونکە وەرگر لەڕێگەی ماموٚستاوە وانەکەی پێدەگات و زانیاری نوێ فێردەبێت و ئەزموونی تازە تاقیدەکاتەوە، جا ئەگەر ماموٚستاکە، ماموٚستایەکی پڕ زانیارو بەهرەمەند بێت، ئەوا بزانەو ببینە چی ڕوودەدات؟ هەرلەبەر ئەوەشە پێویستە ماموٚستا لەسەر کۆمەڵێك بنەما ڕێکبکەوێت، تا پلانی وانەکەو شێوازی وانەگوتنەوەکەی لەسەر هەڵچنێ، ئەگەر نا پرۆسەی وانەگوتنەوەکەی شلۆق دەبێت و لە کۆتاییشدا لە جیاتی بەروبووم، پوشوپەڵاش دەدروێتەوە. لەسەر ئەم بۆچوونە چەند بنەمایەکی دروستی کار دەخەینە ڕوو:

## یەکەم: لە وانەکاندا:

پێویستە لەسەر ماموٚستا ئامانجی گشتی وانەی هونەر دیاری بکات بەمەبەستی جێبەجێکردنی، دواتر زانیاری و کارامەیی و تاقیکردنەوەی نوێ چنگ بخات، تا لە بواری جێبەجێکردندا ڕەنگی پێبداتەوەو قوتابییەکانی پێ سەرسام بکات، هەروەك لە ڕابردووشدا ئەوەمان دووبارە کردەوە، کە قوتابی حەزی لە شتی دووبارە نییە، هەرلەبەر ئەوەیە پێویستە ماموٚستا بەدوای کەرەستەو شمەکی تازەدا بگەڕێت، تا لەوانەکەیدا بەکاریان بهێنێت و تاقییان بکاتەوە. لەبەر

ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەشدا، پێویستە مامۆستا بابەتی گشتی وانەکەی دیاری بکات و خۆی بۆ ئامادە بکات، ئەمەش لەم چەند خاڵەدا ئامادەکارییەکان دەخەینە ڕوو:

بەو مەرجەی بابەتەکە پەیوەستبێت بە: ‹‹لایەنی شێوەکاری، لایەنی فێرکاری، لایەنی هەستی››و نابێت لە بابەتە سەرەکییەکە دوور بکەوێتەوە.

١- ئەو زانیارییانەی لە وانەکەدا پێشکەشی دەکات پەیوەندی بە زانیاری و توانا زانستییەکانی وانەکانی ترەوە هەبێت، وەك: لێکبەستن و پێکگرتن ئەنجام بدات، لەگەڵ وانەکانی تردا.

٢- وانەکە پەیوەندی بە ئەزموونی قوتابییەکانەوە هەبێت و لە ژینگەی دەوروبەریانەوە نزیك بێت. واتە بەشێوەیەك بێت، کە هەرباسێك دەخرێتە ڕوو قوتابییەکان یەکسەر لێی تێبگەن.

٣- پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی قوتابییەکانەوە هەبێت و پێکچوونێك هەبێت لەناو بابەتەکاندا.

٤- هاوسەنگی دروستبکات لە نێوان بابەت و کەرەستەو چالاکییەکەدا، تا پێکیان بگونجێنێت و ناهاوسەنگی لەکاتی جێبەجێکردندا دروست نەبێت. هەروەها پێویستە لەکاتی جێبەجێکردندا توانا لەشەکی و ئەقڵی و کارامەییەکانی قوتابییەکان لەبەرچاوبگرێت و فشاری کرداری دروست نەکات بۆ زانینی زیاتر (فێربوونی زیاتر).

٥- پێویستە پشت بە تواناو زانیارییە فرەجۆرەکان ببەستێت و خۆی دوور بخاتەوە لە تاك زانیاری. واتە پشت بە چەندین سەرچاوەی زانیاری ببەستێت.

٦- پێویستە ئەو بابەتەی هەڵی دەبژێرێت، یان ئەنجامی دەدات وای ئەنجام بدات کە لەگەڵ خواست و ویستی قوتابییەکاندا بێتەوەو زیادەڕەوی نەکات لە جێبەجێکردندا.

## بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو داخوازییانە پێویستە ڕەچاوی ئەمانە بکەین:

✓ وانەکە بەرفرەوان بکەین و تەنها لە یەك چوارچێوەی بیرو بۆچووندا نەیهێڵینەوە. واتە پشت بە فرە بیرۆکە، فرەشێواز، فرەهۆکاری کارکردن ببەستین، ڕەچاوی فرە سەرچاوە بکەین لە کارەکەماندا، بەوە قوتابییەکان زۆر دڵخۆش دەبن.

✓ لەم ئاستەدا فرە بیرۆکەو فرەکەرەستەیی و فرەسەرچاوەیی وا دەکات پرۆسەکە زۆر باش هەنگاو هەڵگرێت و ئاسان بێت بەدەستەوە، چونکە تەنها پشتمان بەیەك شت نەبەستووە لە کاتی جێبەجێکردن، یان پلاندانانندا.

✓ بۆ جێبەجێکردن کارمان ئاسان دەبێت، چونکە بابەتەکەمان بریتییە لە: نەخشەسازی، ڕێکخستن و لکاندن و چاپگەری و پەیکەرسازی و گلێنەکاری و لێکبەستن و کاردەستی.
هەروەها بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەم جۆرە کارە هونەریانە پێویست دەکات چارەسەری ئەو بۆشاییە بکەین، کە لەکاتی کارکردندا لە کارە هونەرییەکەدا دەردەکەون و ئەویش بە دوو شێواز دەبینرێن، وەك:

١- **بۆشایی**: باکگراوندی کارەکەیەو بەتاڵەو لەشێوەی بۆشاییدا دەردەکەوێت.

٢- **شێوە**: شێوە بەشێك لە بۆشایی ناو تابلۆکە داگیر دەکات.

بۆ ئەو مەبەستە، لەسەر مامۆستایە هاوسەنگی دروست بکات لە نێوان بۆشایی و شێوەکەدا، تا بەشێوەیەکی جوان بابەتی ناو تابلۆکە دەربکەوێت. ئەوە بزانە تابلۆکە ئاوێنەی وەستاکەیەتی، ئەگەر کارەکە پوخت و جوان و ڕێك بوو، ئەوا بێشك وەستاکەشی ئاستی جوانناسی بەرزو باڵایە. واتە هەموو ئەوانە پەیوەستن بە یاساو ڕێساکانی مامۆستا لەکاتی کارکردندا لەگەڵ قوتابییەکانیدا.

## دووەم: لە وانە گوتنەوەدا

کار و چالاکییەکانی مامۆستا هیچ بەهایەکیان نییە، ئەگەر گەشەپێدانی ڕەفتاریی لەگەڵدا نەبێت، چونکە گەشەپێدانی ڕەفتار بە یەکێك لە پایە بەهێزەکانی پرۆسەی پەروەردە دادەنرێت، هەر لەبەر ئەوە پێویستە:

١- وانەگوتنەوەکە بەشێوەی کراوەو دیموکراتیانە ئەنجام بدرێت و بوار بۆ گفتوگۆو چالاکی جۆراوجۆر بهێڵرێتەوە، تا قوتابییەکان بتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن و بیرۆکەکانیان باشتر بکەن و مامۆستاش چاوێکی لەسەر جیاوازییە تاکایەتییەکانی قوتابییەکان بێت، چونکە هەمووان وەکو یەك بیرکرناکەنەوەو جیاوازن لە کاتی جێبەجێکردن و بیرکردنەوەدا.

٢- مامۆستا لە کاتی وانە گوتنەوەکەیدا تەنها پشت بە گفتوگۆ نەبەستێت، چونکە قوتابییەکان بێزار دەبن، لەبەر ئەوە بەکارهێنانی ‹‹هۆکاری ڕوونکاری و ورووژاندن و ئاراستەکردن و ڕێنمایکردن›› لە باشترینەکانن بۆ وانەی پەروەردەی هونەر، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستە هەر پێنج هەستەوەرەکە لە یەك کاتدا بخرێنە کارو بەشداریان پێبکرێت لە چالاکییەکاندا.

٣- وانەکە پەرە بە گەشەی هۆشیاری قوتابییەکان بدات لە ڕێگەی ئاڕاستەکردن و ئەو ڕێساو یاسایانەی مامۆستا دەیسەپێنێ لەکاتی وانەگوتنەوەکەدا، دواتر پێویستە قوتابی فێربکرێت ئەوە بۆ سزادان نییە، بەڵکو ئەمە ‹‹ئاکار››ی کارەو پێویستە پابەندی بێت.

٤- وانەکە گەشە بدات بە ئاستی تێبینیکردن و سەرنجدانی قوتابییەکان لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەل بەیەکسانی و پەیڕەوکردنی سیستەمی دیمۆکراتی لە ناو پۆلدا.

٥- بوار بۆ قوتابییەکان برەخسێنرێت، تا پێشنیار بکەن و هانیان بدەین بۆ خۆفێرکردن. واتە وا لە قوتابییەکان بکەین بۆ فێربوون، تەنها پشت بە مامۆستا نەبەستن (تاک سەرچاوە)، بەڵکو (فرەسەرچاوە) باشترە.

٦- مامۆستا جەخت لە کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ بکاتەوە لەکاتی جێبەجێکردندا، چونکە وا لە قوتابییەکان دەکات هەست بە ئازادی زیاتر بکەن و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێوانیاندا ڕووبدات و کۆمەڵایەتی دەربچن و توانای دانوستانیشیان بەهێز دەبێت.

ئەگەر مامۆستا پلانی کار لەسەر ئەم بنەمایە دابڕێژێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئارامی بە قوتابییەکان دەبەخشێت و کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتر بەڕێ دەکەن و ئەزموونی تازە ئەنجام دەدەن.

## پلان

بریتییە لە تێڕوانینێکی ئایندەخوازی بۆ وانەکە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی بۆی تێدەکۆشین لە ژێر سێبەری ئەو کەرەستەو شمەکانەی لەبەردەستماندایە، جا ئەم شتە مرۆڤ، یان کەرەستە، ئایدیاڵ ، یان مەتریاڵ (هزربێت، یان شمەك) بێت. بۆیە پلان پرۆسەیەکی بنیاتنەری بەرنامە بۆداڕێژراوە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەی دروست هەڵدەچنرێ بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی دیاریمانکردووە لەبەر ڕۆشنایی بەهێزکردن و ڕاهێزان و گەشەپێدانی لە ئایندەدا، کە ئەمەش خۆی لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا دەبینێتەوە، کە پێی دەڵێین ئامادەکردنی پلان و لەگەڵیدا هۆکارەکانی جێبەجێکردن ئامادەو دیاری دەکەین و چاودێری جێبەجێکردنەکەشی دەکەین و پاشان شێوازو هۆکارەکانی هەڵسەنگاندنی پلانەکەش دەستنیشان دەکەین، تا بتوانین دەستنیشانی شکست و سەرکەوتنی پلانەکە دیاری بکەین، چونکە مەرج نییە هەموو پلانێك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام دەتوانین هۆکاری شکستەکەمان دیاری بکەین و چاکی بکەینەوەو بیخەینەوە سەر ڕێگەو شێوازە ڕاستەکە. ئەمەش نیشانەی کەوتن نییە، بەڵکو هەستانەوەیە، بەڵام بەشێوازێکی ترو پێشکەوتنە لە بواری کارسازی و جێبەجێکردندا.

## گرنگی پلان لەم قۆناغەدا:

١- هاوکاریمان دەکات بۆ دیاریکردنی ئامانجی وانەکە و هەڵبژاردنی پێکهاتە گونجاوەکانی، وەك فێرکردن و چالاکی و هۆکارەکانی جێبەجێکردن، ئەمەش بەپێی تەمەن و ئاستی ژیری قوتابییەکان و جۆری بابەتەکە دیاری دەکرێن.

٢- ئاگادارمان دەکاتەوە لە ڕوودانی هەر هەڵەو کەموکورتییەك و دواتر کات و پارەو هێزمان بۆ دەگێڕێتەوە.

٣- توانای باوەڕبەخۆبوون زۆر دەکات لە کاتی ڕوودانی سەرلێشێوان و پەرتەوازەییدا.

٤- هاوکاریمان دەکات بۆ دۆزینەوەی چارە بۆ کێشەکان، کە ڕووبەڕووی مامۆستا و قوتابییەکان دەبێتەوە لەکاتی وانەگوتنەوە، یان لەکاتی وانە کردارییەکاندا.

٥- هاوکاریمان دەکات، تا زانیارییەکان بە باشی بگاتە وەرگرو ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی قوتابییەکانیش دەکات لە کاتی هەڵسەنگاندنی پلانەکە بە بەردەوامی.

٦- هاوکاریمان دەکات لە دیاریکردنی ئاستی بەرهەم لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئامانجانەی دیاریمان کردووە.

## پلاندانان بۆ یەکەی وانەگوتنەوە

بریتییە لەو یەکەیەی، کە مامۆستا پلانی بۆ دادەنێت بە بەشداری پێکردنی قوتابییەکان و لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵێك ئامانج و چالاکی و هۆکاری فێرکاری تایبەت لەخۆ دەگرێت. هەروەها لەکاتی پلاندانانادا ڕەچاوی شتە گرنگەکان و پێداویستییەکان و توانای قوتابییەکان دەکرێت.

**پێکهاتەکانی پلان بۆ یەکەی وانەگوتنەوە:**

١. هێڵە ڕوونکارییە گشتییەکان.

٢. بابەتی گشتی هونەری.

٣. ئەزموونی دیاریکراو.

٤. بیرۆکەی پێشنیارکراو.

٥. هۆکارەکانی فێرکاری و وردەکارییە پەروەردەییەکانی تر.

٦. کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان.

٧. شێوازەکانی جێبەجێکردنی.

٨. سوودە ڕەفتارییەکان.

٩. خستنە ڕوو و ڕوونکردنەوە.

١٠.چاودێری کردن و گەشەپێدانی.

١١. هەڵسەنگاندن.

پلان، بۆ مامۆستای پەروەردەی هونەر، وەك چرایەکی ڕۆشن وایە لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا و ڕێگەو کۆڵانەکانی بۆ ڕووناك دەکاتەوە. واتە بێ پلان مامۆستا ناتوانێت هەنگاوەکانی بەردەوام بکات لە گوتنەوەی وانەکەیدا، چونکە هەموو وانەگوتنەوەیەك پێویستی بە ڕێنیشاندەرێك هەیە، تا بتوانێت ئەو ئامانجانە دیاری بکات، کە بۆیان تێدەکۆشێت و بەدەستیاندەهێنێت بە کەمترین تێچوو، بەکەمترین ماوەو بە بێ هیلاکبوون. لە کۆتاییشدا دەتوانین لەکاتی هەڵسەنگاندا خاڵە بەهێزو لاوازەکانمان دیاری بکەین و خاڵە بەهێزەکان بەهێزتر بکەین و خاڵە لاوازەکانیش بەرەو باشتر بەرین و کەموکورتییەکان نەهێڵین و ئەگەر هەموویشمان پێ چاکنەکرێت، ئەوا دەتوانین کەمیان بکەینەوە.

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی وانەکە

١. خشتەی گشتی: وانەی:

| کاتی دیاریکراو | لە: | | بۆ: | |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ | | | | |
| بەروار | | | | |
| بەشەوانە | | | | |
| پۆل | | | | |
| ژمارەی قوتابیان | | | | |

٢. بابەتی گشتی هونەری:

تەوەری بابەتەکان دەگرێتەوە بۆ هەر پۆلێك تەوەرەکان بەجیا دەستنیشان کراون.

(تەوەری ڕەنگکاری، تەوەری کاردەستی، تەوەری دەربڕینی ئازاد بە هێڵکاری...)

٣. ئەزموونی دیاریکراو:

ئەو توانستە دیاریدەکرێت، کە پێویستە بەدەستبهێنرێت، ئەمەش لەڕێگەی بواری هونەری، یان لە بابەتە گشتییە هونەرییەکەوە هەڵدەهێنجرێت.

٤. بیرۆکەی پێشنیارکراو:

پێکدێت لە بیرۆکەی وانەکە، یان بەدەستهێنانی کۆمەڵێك بیرۆکەی نویٚ و جیاواز لەکاتی جێبەجێکردندا. (لەکاتی وانە کردارییەکەدا).

٥. هۆکارەکانی فێرکاری و وردەکارییە پەروەردەییەکانی تر:

هۆکار لە خزمەتی کارزانیدایە، کە قوتابی دەیەوێت پێی بگات، یان بەدەستی بهێنێت.

٦. کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان:

ئەو کەرەستەو پێداویستییانەی لە وانە کردارییەکەدا بەکاردەهێنرێن.

٧. شێوازەکانی جێبەجێکردنی:

نەخشەڕێگای تەواوی پرۆسەکەمان پیشان دەدات، کە چۆن جێبەجێی دەکەین؟

٨. سوودە ڕەفتارییەکان:

پێویستە لە کۆتایی وانەکەدا قوتابییەکان بتوانن ئەم سوودانە بەدەستبهێنن:

أ– سوودە زانیارییەکان: ئەم بەشە پەیوەستە بە زانیارو زانیاری لەبارەی ژینگەو کەرەستە خاوەکانی پیشەسازی و بەردەستییەکان، بۆیە پێویستە قوتابی بیرۆکە لە وانەکە وەربگرێت و لەکۆتاییدا کارزانی و شارەزایی نویٚ بەدەستبهێنێت.

ب– سوودە کارامەییەکان: ئەمەش پەیوەستە بە تواناو ئاستی جێبەجێکردنەوە، بۆیە لەکاتی ڕاهێناندا، یان لەکاتی جێبەجێکردندا تواناکانی قوتابی دەردەکەوێت، بۆیە لەڕێگەی جێبەجێکردنەوە قوتابییەکان خووە ڕاست و دروستەکان بەدەستدەهێنن و دواتر هەست بە دڵنیایی زۆرتر دەکەن لەو کەرەستەو شمەکانەی بەکاری دەهێنن لە کاتی چالاکییەکاندا.

ت– سوودە ویژدانییەکان: بەتایبەتی پێویستە کەسایەتییان گەشەیان کردبێت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریتە باشەکان فەرامۆش نەکەن و گرێی بدەنەوە بە کارە هونەرییەکەوە، پاشان ڕێز لە کاردەستی و کاری بە کۆمەڵ بگرن.

٩. خستنە ڕوو و ڕوونکردنەوە:

**پێشەکی وانەکە:** بەستنەوەی وانەی تازە بە وانەکانی ڕابردوو لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە.

**ورووژاندن:** لەڕێگەی کورتەباسێك، کە مامۆستا خۆی لای پەسەندە.

**خستنەڕوو:** خستنەڕووی ئەو چەمك و دەستەواژانەی، کە وانەکە لەخۆیان دەگرێت لەڕێگەی ئەو کەرەستەو پێداویستیانەی لەبەردەستدان.

**ڕوونکردنەوە:** مامۆستا لەبارەی مەبەستی وانەکەوە ڕوونکردنەوەیەکی ورد دەدات.

**گفتوگۆ:** پرسیار لە قوتابییەکان دەکرێت و پاشان وەڵامیان لێوەردەگیرێتەوە.

**هەنگاوەکانی جێبەجێکردن:** هەنگاوەکانی جێبەجێکرنی پڕۆکەکە دەخرێتە ڕوو.

## ١٠.چاودێریکردن و گەشەپێدانی:

پێویستە قوتابییەکان ڕاستەوخۆ لە دوای کۆتایی هاتنی هەروانەیەکدا چاودێری بکرێن. واتە هەر پۆلەو بەجیا لە تێنوسێکدا مامۆستا سەرنج و تێبینییەکانیان بنوسێتەوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین چاودێریکردن و گەشەپێدان بکەین بە دوو بەشەوە:

أ- **مامۆستا:** مامۆستا هەموو ئەو وردەکارییانە دەنوسێتەوە، کە پێویستە لە پۆلدا ئەنجامیان بدات لەکاتی وانە (کرداری، یان زارەکی) ـەکەدا، پاشان بۆ هەفتەی داهاتوو هەمان پلان دادەڕێژێتەوە بەپێی خواست و ویستی بابەتی وانەکە، هەنگاوەکانی جێبەجێکردن دیاری دەکات لەلایەن خۆیی و قوتابییەکانەوە.

ب- **وەرگر (قوتابی):** مامۆستا چاودێری هەنگاوەکانی ئاستی جێبەجێکردنی وانەکە لەلایەن قوتابییەکانەوە لەوانەی کرداریدا دەکات و لایەنە خراپ و باشەکان دەستنیشان دەکات و لە تێنوسەکیدا دیارییان دەکات، لەهەمان کاتیشدا سەرنج و تێبینییەکانی لەبارەی کەموکورتییەکانی وانەکە، یان کەرەستەو پێداویستییەکانیش دەستنیشان دەکات، تا لە ئایندەدا چارەیان بۆ بدۆزێتەوە. (پێویست ناکات مامۆستا بەوردی هەنگاوەکانی بە ڕوونکردنەوەوە بنوسێت، بەڵکو تەنها ئاماژەیان پێبکات).

## ١١. هەڵسەنگاندن:

دوای کۆتایی هاتنی وانەکە ڕاستەوخۆ ئەمانە دەنوسێت:

أ- **لایەنە باشەکان:**

✓ ئەنجامی ئەوە دەنوسێت، کە تا چەند قوتابییەکان ئەزموونیان وەرگرتووە؟

✓ بەهرە لەناو قوتابییەکاندا بدۆزێتەوەو ئامادەیان بکات و پاشان چاودێریان بکات.

✓ جیاوازی تاکایەتی لەناو قوتابییەکاندا دەردەکەوێت.

✓ تا چەند توانیویەتی ئامانجی خۆپارێزی لە ناو قوتابییەکاندا بهێنێتە دی؟

**ب- لایەنە خراپەکان:**

☒ مامۆستا ئەو ئاستەنگ و گرفتانە تۆمار دەکات، کە لەکاتی جێبەجێکردندا هاتوونەتە ڕێگەی، کە پێویست بوو قوتابییەکان بیزانن، یان پێیان بگەن، وەك (خشتەی وانەکان، ئامادەکردنی قوتابییەکان، ئەو کەرەستەو پێداویستییەکانەی گرنگن بۆ وانەکە، کەرەستە شیاوەکان، بیرۆکەی وانەکە، توانای هونەری قوتابییەکان).

**ت- ڕۆڵی مامۆستا:**

مامۆستا هەموو ئەو ڕێوشوێنانە دەگرێتەبەر بە مەبەستی چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی ئەو کێشەو گرفتانەی هاتونەتە ڕێگەی لەکاتی جێبەجێکردندا، لەهەمان کاتیشدا هەنگاوی گونجاوو شیاو هەڵدەگرێ، تا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بە پلانەکەیدا بچێتەوەو چارەسەری گونجاویان بۆ هەڵبژێرێت و لە پلانی داهاتوودا بیانخاتە ڕوو.

## پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی ئامانجەکان

ئەم دەستەواژەیە باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات، کە قوتابی لە کاتی جێبەجێکردندا بیرۆکەی نوێی بە خەیاڵدادێت و ئەزموونی زیاتر بەدەستدەهێنێت. واتە دوای ئەزموونکردن، قوتابی تێبینی و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ وانەکەو ئارەزوو دەکات لەسەر ئەم تێبینی و هەڵسەنگاندنانە پلان و ئامانجی وانەکە بگۆڕدرێت. مەرج نییە قوتابییەکە خۆی ئەم پێشنیارە بکات، بەڵکو مامۆستا لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا بەڕوونی ئەوە هەست پێدەکات.

کەواتە مامۆستا پشت بەم هاوکێشەیە دەبەستێت:

**کاری ڕابردوو + قوتابی + ئەزموون + نزمترین ئاستی جێبەجێکردن.**

**لێرەدا سیٚ بوار هەیە بۆ پێداچونەوەو داڕشتنەوەی ئامانجەکان، کە بریتین لە:**

١. **سوودە زانیارییەکان:** پەیوەندی بەو زانیارییانەوە هەیە، کە قوتابی لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە پێی گەیشتووە و دەستەواژەی زانستی فێربووە لەڕێگەی وانەکەوە، ئەم زانیاریانەش پەیوەندیان بە بیرۆکەی وانەکەو کەرەستەو پێداویستییە خاوەکانەوە هەیە.

بۆنموونە:

- ❖ قوتابی ئاشنای ڕەنگە بنەڕەتییەکان دەبێت و لەگەڵ سروشتدا پێکیان دەبەستێتەوە.
- ❖ قوتابی ئاشنای ئەو کەرەستە خاوانە دەبێت، کە لە ژینگەدا هەیەو بەکاریاندەهێنێتەوە لە کاری هونەریدا. هەروەها ‹‹بەها›› و ‹‹ڕۆڵیان›› دەزانێت لەناو کارە هونەرییەکەدا.
- ❖ قوتابی لە ڕێگەی ئەم چالاکیانەوە ئاشنای بەها جوانەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەبێت و زانیاری زۆرتر لەبارەی داب و نەریتە باوو جوانەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری کۆدەکاتەوە.

## ٢. سوودە کارامەییەکان

هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندیان بە ڕاهێنان و ئەزموونکردنەوە هەیە، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی خۆکاری زیاترو بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی لەشەکی، تا چالاکییەکان بە باشی ئەنجام بدات.

بۆنموونە:

- ❖ قوتابی ڕەنگەکان تێکەڵ بکات و ڕەنگی نوێی لێ پێکبهێنێ.
- ❖ بۆ ئەوەی قوتابی لە ڕێگەی کاردەستییەوە کارامەیی نوێ بەدەستبهێنێت.
- ❖ بۆ ئەوەی قوتابی کارامەیی نوێ چنگ بخات لە ڕێگەی لە بڕین و پێکەوەنانی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ.

## ٣. سوودە ویژدانییەکان

گەشەپێدانی ئاڕاستەو بەهاکانی قوتابی دەگرێتەوە، تا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کەسایەتی خۆی لەسەر هەڵچنێ.

بۆ نموونە:

- ❖ بۆ ئەوەی قوتابی بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکات و بیروبۆچوونەکانی لەسەر کارە هونەرییەکان بخاتە ڕوو، لە هەمانکاتیشدا فێری شێوازی دانوستانکردن ببێت.
- ❖ بۆ ئەوەی قوتابی بە ئازادانە گوزراشت لە تاوگیرییەکانی بکات.
- ❖ بۆ ئەوەی قوتابی ڕێز لە کاری بەکۆمەڵ بگرێت و ستایشی بکات.

## هەنگاوەکانی پڕکردنەوەی خشتەی پلانەکان

لەبەر ڕۆشنایی خستنە ڕووی پلانەکەمان، ئەم وردەکاریە لە کاتی جێبەجێکردنی پلانەکە دەخەینە ڕوو، تا بزانیت چۆن مامەڵە لەگەڵ زانیاری ناو خشتەکان دەکەیت؟

### یەکەم: خشتەی پێشنیارکراوی ساڵانە:

دوای ئەوەی لە سەرەوەی خشتەکە تەوەرو وەرزی خوێندن و پۆلەکە دیاری دەکەیت، دواتر دەچیتە سەر خشتەی ئامادەکراوی پلانی ساڵانە. واتە هەموو پرۆگرامەکە دابەش دەکەیتە سەر خشتەکە، تا بزانیت و بەرچاوت ڕوونبێت بۆ ئەوەی بزانیت چۆن پرۆگرامەکەت تەواو دەکەیت لە کات و ساتی دیاریکراودا؟ ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی سەرجەم ئەو کێشەو گرفتانەی، کە لەوانەیە بێتە ڕێگەت، بەڵام لێرەدا نابێت بچیتە وردەکارییەوە، تەنها تەوەرو وانەکان دیاری بکەو لەگەڵ ڕۆژو کاتەکاندا بیانگونجێنە.

#### ١- کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی تەوەرەکە:

لێرەدا تەوەرەکان دیاری بکەو کاتی پێویست دەستنیشان بکە. واتە چەند ڕۆژت پێویستە بۆ جێبەجێکردنی هەر تەوەرێك.

بۆ نموونە: تەوەری یەکەم: ٢٥ ڕۆژ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پشووەکان.

تەوەری دووەم: ٣٢ ڕۆژ

#### ٢- ئەگەر تەوەری لاوەکی هەبوو (بابەتی نوێ):

لێرەدا پێشبینی هەموو ئەگەرێکمان کردووە، کە لەوانەیە ڕووبدات لەکاتی جێبەجێکردنی تەوەرەکاندا. واتە لە تەوەری یەکەمدا خۆت پێت باشە لەکاتی «لێکبەستن و پێکگرتن»دا لەگەڵ وانەکانی تر، هەندێك باسی بابەتی تریش بێنیتە ناو تەوەرەکانەوە.

بۆ نموونە: ئەم تەوەرە بە وانەی زانست بۆ هەمووان پێکبگریت، وەك ئەوەی بۆت دیاریکراوەو حەز دەکەیت زیاتر لەسەری بوەستیت و گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکەیت.

ناونیشانی بابەتەکە بنوسە.

#### ٣- چەمك و دەستەواژەکان و پێناسەکردنیان:

لێرەدا ئەو چەمك و دەستەواژانە دیاری بکە، کە لەوانەکەدا پێویستیان لەسەر وەستان و ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، تا لەکاتی جێبەجێکردندا لە بیریان نەکەیت.

بۆ نموونە: خەیاڵکردن، بۆ قوتابییەکان ڕوونبکەوەو پێیان بڵێ خەیاڵکردن چییە؟
یان پیرۆکە، بۆ قوتابییەکان ڕوونبکەوە، کە مەبەست لە پیرۆکە چییە؟

### ٤- ئامانجی فێرکاری و فێرکاری پێشنیارکراو:

لێرەدا مامۆستا دەبێت ئامانجەکەی دیاری بکات، وەك ئەوەی لە تەوەرەکاندا بۆی دەستنیشانکراوە، تا لەکاتی جێبەجێکردندا بەلاڕێدا نەڕوات و لە مەبەستە سەرەکییەکە دوورنەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر لە خشتەکەدا دیاری بکرێت ڕوونترو ئاشکراتر دەبێت بۆ مامۆستا.

بۆ نموونە: ئامانجی تەوەری کاردەستی: مەبەست لێی ڕاهێزان و گەشەپێدانی توانا کارامەییەکانی قوتابییەکانەو ئاستی بەکۆمەڵایەتی بوونیان پێش دەکەوێت. نەك ئێمە لەکاتی جێبەجێکردندا بێین قوتابییەکان فێری کاری هونەری بکەین، چونکە ئەگەر ئەوەمان کردە مەرج، ئەوا جێبەجێکردنی پلانەکە دەکەوێتە ژێر گومانەوە، چونکە لە مەبەستی سەرەکی لایداوە. ئەوەش بزانە لەکاتی کارکردندا قوتابییەکان بۆخۆیان فێر دەبن، ئەگەر ئاڕاستەو چاودێرییەکی باشیان بکەیت.

### ٥- سەرچاوەی فێرکاری:

#### أ- کەرەستەو پێداویستی:

هەموو پرۆگرامەکە بخوێنەوەو پاشان بزانە بۆ هەرتەوەرێك پێویستت بە چ کەرەستەو پێداویستیەکەو ئاماژەیان پێ بدەو دەستنیشانیان بکە.

#### ب- هۆکاری ڕوونکاری:

هەوڵبدە لە خستنە ڕووی هەرتەوەرێکدا پێویستت بە چ هۆکارێکی ڕوونکاری دەبێت؟
بۆنموونە: وێنە، سلاید، کەرەستەی بەرجەستە، داتاشۆ، سازدانی گەشت، ...تد.

### ٦- ئامانجی پێشنیارکراوی پێشکەشکردن:

لێرەدا مامۆستا ئامانجی خۆی، تێکەڵ بە ئامانجی دیاریکراوی ناو پرۆگرامەکە دەکات. واتە لە هەندێك بابەتدا پێویستە زیاتر لەوەی دیاریکراوە بوەستیت و لەسەری کاربکەیت، تا قوتابییەکان باشتر لەمەبەستی دیاریکراو تێبگەن.

بۆنموونە: ئەگەر لە تەوەری ڕەنگکاریدا، تەنها مەبەست زانین و ناسین و دۆزینەوەی ڕەنگی تازەبێت، ئەوا تۆش لەوانەیە پێت وابێت بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی قوتابییەکانیش لەو کاتەدا پێویستەو پێت باشە، وەك گەمەیەك مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکاندا بکەین دواتر قوتابییەکان باشتر لە ڕەنگ تێدەگەن، چونکە: ‹‹کردار فێرمان دەکات››.

## دووەم: خشتەی پێشنیارکراو بۆ جێبەجێکردنی پلانی تەوەرەکان:

مامۆستا لەم پەڕاوەدا هەوڵدەدات بچێتە وردەکاری ناو تەوەرەکانەوە ((هەرتەوەرە بەجیا)). واتە ئەو پێداویستیانە دەنوسێت، کە پێویستن لەکاتی جێبەجێکردندا، دوای ئەوەی ناوی تەوەرو وەرزی خوێندن دیاری دەکات. ئەمەش ڕوونکردنەوەی خشتەکەیە بەم شێوەیە:

### ١- بەروار:

مامۆستا بەرواری دەستپێك دەنوسێت. ئەو بەروارەی پێویستی پێیەتی بۆ جێبەجێکردن. واتە، وەك پێشنیار دەینوسێت ((گریمانە))، با گریمانەکەش زۆر لێك دوورو نزیك نەبێت.

بۆنموونە: ئەگەر پێت وایە، وەك گریمانەیەك تەوەری ڕەنگکاری پێویستی بە (٣٢) ڕۆژ هەیە بۆ جێبەجێکردن، بەڵام لەوانەیە لەکاتی جێبەجێکردندا، تەنها پێویستت بە (٢٨) ڕۆژ هەبێت، تا پلانەکەتی تێدا جێبەجێ بکەیت، ئەمەش گریمانەیەکی باشە.

### ٢- ئامانجی گشتی:

هەروەك لە پلانەکەدا ڕوونمانکردەوە، پێویستە مامۆستا ئامانجی گشتی تەوەرەکە بنوسێت.

بۆنموونە: لە تەوەری ڕەنگکاریدا، ئامانجی گشتی ناساندنی کەرەستە ڕەنگییەکانە بە قوتابییەکان.

### ٣- ئامانجی تایبەت:

ئاماژەدان بە ئامانجی تایبەتی تەوەرەکە لە پلانەکەتدا بێگومان کارەکەت ئاسانتر دەکات لەکاتی جێبەجێکردندا.

بۆ نموونە: لە تەوەری ڕەنگکاریدا، ئامانجی تایبەت بریتییە لە ئاشناکردنی قوتابییەکان بە ڕەنگی تازەو ناونانی ئەو ڕەنگە نوێیانە، ئەمەش لەڕێگەی تێکەڵکردن و لێکدانی دووڕەنگ، یان زیاتر دەبێت.

**٤- بابەتەکان:**

مەبەست لەو بابەتانەیە، کە پێشەنگن بۆ باسکردن و جێبەجێکردن. واتە لە هەر تەوەرێکدا بابەتێك بە پێشەنگ دابنێ و لەسەری بدوێ.

بۆنموونە: لە تەوەری ڕەنگکاریدا، پێویستت بە تیشکی خۆرو پەلکەزێرینەو تاریکی دەبێت، تا ڕەنگ بۆ قوتابییەکان ڕوونتر بکەیتەوەو تێیان بگەیەنیت.

**٥- وانەکان:**

لە هەر تەوەرێکدا، چەند وانەیەك دیاریکراوە، پێویستە ئاماژە بە وانەکان بدەیت و پێویست بە ڕوونکردنەوەی زیاتر ناکات.

بۆ نموونە: لە تەوەری کاردەستیدا، وانەی لکاندن، بەکارهێنانەوە دیاریکراوە، یان زیاتر؟

**٦- ئامانجی فێرکاری و فێرکاری پێشنیارکراو:**

مامۆستا دەبێت لەم ستونەدا ئامانجی فێرکاری ڕوونبکاتەوەو ئەگەر پێی باش بوو پێشنیاریش بکات خراپ نییە.

بۆ نموونە: ئامانجی فێرکاری لە تەوەری ڕەنگکاریدا، مەبستمانە ئاستی کۆمەڵایەتی قوتابییەکان بەرز بکەینەوە، بەتایبەت کاتێك بە کۆمەڵ کاردەکەن، پێشنیار دەکەم کۆمەڵەکان زۆر فرەوان نەبن، تا قوتابییەکان باشتر تێکبەگەن.

**٧- سەرچاوەی فێرکاری:**

وەك پێشنیارێك، زۆر گرنگە مامۆستا بۆ دەستخستنی سەرچاوەی فێرکاری تەنها پشت بە کڕین نەبەستێت، بەڵکو سەرچاوەی تریش بەکاربهێنێت، وەك: ‹‹بەکارهێنانەوە››. پێویستە ئاماژە بە وردەکاری چۆنیەتی دەستخستنی سەرچاوەکان بدات.

**٨- ئامانجی پێشنیارکراوی هەڵسەنگاندن:**

یەکێك لە کارە زۆر باشەکان، کە سوود بە مامۆستاو پرۆسەکەی دەگەیەنێت، ئەوەیە چۆن هەڵسەنگاندن دەکات. لەبارەی هەڵسەنگاندنەوە زانیاری زۆرترمان خستۆتە ڕوو لە پەڕاوەکانی دواتردا. مامۆستا ئامانجی هەڵسەنگاندن دەخاتە ڕوو.

بۆ نموونە: مەبەستی چییە لە هەڵسەنگاندن؟ ئایا دەیەوێت چی دەستبکەوێت لە هەڵسەنگاندنی وانەکە؟ یان چی دەستبکەوێت لە هەڵسەنگاندنی قوتابییەکان؟ پێویستە بە کورتی ئەوە ڕوونبکاتەوە. واتە بەس ئاماژەیان پێ بکات، تا بەرچاوی ڕوونبێت لەکاتی جێبەجێکردندا.

## سێیەم: خشتەی پێشنیارکراو بۆ پلانی وانەگووتنەوە:

لەم خشتەیەدا مامۆستا دەچێتە وردەکاری وانەکەوە. واتە چۆن و بەچی جێبەجێی دەکات؟ ئەمەش دوای ئەوەی ناوی تەوەرو بابەت و وانەکە دەنوسێت و کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردن دیاری دەکات.

١. **ئامانجی تایبەت:**

مامۆستا دەبێت ڕوونی بکاتەوە بۆ ئەم وانەیە دەڵێتەوەو مەبەستییەتی چی بکات؟

بۆنموونە: لە تەوەری کاردەستی، وانەی لکاندن، مەبەستمانە قوتابییەکان ئاشنا بکەین بە کەرەستەو شمەکی تازە بۆ بەرهەمهێنانی کاری هونەری، لەڕێگەی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، یان ڕۆژنامەی بەسەرچوو، یان هەرکەرەستەیەك خۆی لای پەسەندو شیاوە.

٢. **چەمك و شارەزایی و کارامەییە لە پێشینەکان:**

گرنگە مامۆستا ئاماژە بەو چەمکە بدات، کە پێویستە بۆ شارەزابوون و بەرزکردنەوەی ئاستی کارامەیی قوتابییەکان.

بۆ نموونە: پرۆکەی کارکردن بە ئەکریلیك، پێشنیار دەکەین بە پەنجە کاری هونەری پێ ئەنجام بدەیت، تا تواناى کارامەیی هەستی دەستلێدانی باشتربێت و قوتابییەکان ترسیان لە کارکردن نەمێنێ و بزانێت، کە بە پەنجەش دەتوانرێت کاری هونەری ئەنجام بدرێت.

٣. **هەندێك لە دەستەواژەی ناو وانەکەو ڕوونکردنەوەیان:**

زۆر گرنگە مامۆستا بۆ قوتابییەکانی ڕوونبکاتەوە، کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ڕەنگی ئاوی و ڕەنگی ڕۆنی، دەبێت مامۆستا ئەوە لە پلانەکەیدا ڕوونبکاتەوە، کە چۆن و بە چ شێوازێك ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوە؟

### ٤. ئامانجی فێرکاری و فێرکاری پێشنیارکراو:

زۆرجار وا ڕوودەدات مامۆستا بیرۆکەو پێشنیاری زۆرباشترو کورترو نایابتری بە خەیاڵدادێت بۆ جێبەجێکردنی وانەکەو گەیاندنی بە قوتابییەکان، بەڵام بەو مەرجەی لە هێڵە گشتییەکان لانەدات و زیادەڕەوی نەکات لە کاتی جێبەجێکردندا، چونکە زیان بە قوتابییەکان دەگەیەنێت.

بۆ نموونە: لە تەوەری کاردەستی، وانەی لکاندن، مامۆستا لە پلانەکەیدا پێشنیار دەکات کەرەستەی ‹‹پەزڵ، یان میکانۆ›› بەکاربهێنێت لە بری ‹‹کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ›› بۆ لێکبەستن و پێکەوەگرێدانی کەرەستەکان بەمەبەستی ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری جوان. ئەمەش بیرۆکەی پێشنیارکراوی فێرکاری مامۆستای وانەکەیەو ئێمە لە وانەکەدا ئامازەمان پێنەکردووەو ناومان نەهێناون، وەك کەرەستەو شمەکی هونەری.

### ٥. سەرچاوە فێرکارییەکان و چۆنییەتی بەدەستهێنانیان:

لەم ستونەدا مامۆستا وردەکاری چۆنیەتی بەدەستهێنانی کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان دەستنیشان دەکات، جا بەکڕین بێت، یان بە پەیداکردن.

بۆ نموونە: بۆ وانەی داهاتوو داوا لە قوتابییەکان دەکەم هەریەکەیان شوشەیەکی بەتاڵ دوای شوشتنەوەو پاککردنەوەی لەگەڵ خۆیان بهێنن، بەمەبەستی لێسازکردنی کارێکی هونەری جوان.

### ٦. چالاکییە کردارییەکان:

مامۆستا هەوڵدەدات چالاکییە کردارییەکان بۆ ئەم وانەیە دەستنیشان بکات و ڕێکارە پێویستەکان بگرێتەبەر لە پلانەکەیداو ئامازەیان پێبکات.

بۆ نموونە: پێش ئەوەی وانە کردارییەکە دەستپێبکات بە ڕۆژێك، هۆڵی فرەمەبەست ئامادە دەکەم و هەموو ئەوکەرەستەو پێداویستیانەی پێویستن بۆ وانەکە دابینی دەکەم، وەك: کاغەزی (٧٠×١٠٠سم)، ئەکریلیك، فلّچە،...

### ٧. لێکبەستن و جێبەجێکردن لەگەڵ بابەتەکانی تردا:

پێویستە مامۆستا لێکبەستن و پێکگرتن ئەنجام بدات لەگەڵ وانەکانی تری خوێندناو لێرەدا بە وردی ئامازەی پێدەکات.

بۆ نموونە: وانەی لکاندن دەبەستمەوە بە وانەی بیرکاری بۆ هەمووان، تەنە ئەندازەییەکان.
هەرچەندە لە وانەکەدا هەموو بابەتەکان دیاریکراون و پێویستە لە پلانەکەدا بنوسرێنەوەو ئاماژەیان پێبکرێن.

٨. **ئامانجی پێشنیارکراوی هەڵسەنگاندن:**

لە کۆتایی هەر وانەیەکدا، پێویستە مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆ خۆی و وانەکەو قوتابییەکان بکات و ئاستی توانستی هەرسێکیان لەبەردیدە بگرێت و لایەنە خراپ و باشەکان بخاتە ڕوو، دواتر پێشنیاری پێشنیارکراوی خۆی بنوسێت.
بۆ نموونە: لەکاتی جێبەجێکردندا چەند ڕەنگێك لەبەر برا.
مامۆستا پێشنیار دەکات بۆ وانەی داهاتوو، چونکە دەزانێت، کە قوتابییەکان چ جۆرە ڕەنگێك زۆرتر بەکاردەهێنن، بۆیە هەوڵدەدات لە وانەی داهاتوودا یەدەگی خۆی وەربگرێت.

٩. **ئەو چالاکییانەی چارەسەرن و بابەتەکە دەوڵەمەند دەکەن:**

مامۆستا دەبێت ئاماژە بەو چالاکییە لاوەکیانە بدات، کە پێویستن بۆ قوتابییەکان و کێشەیەکی هونەری، یان کۆمەڵایەتی، یان فەرهەنگی چارەسەر دەکەن.
بۆ نموونە: مامۆستا چالاکییەك ڕێك دەخات لە ناو سروشتدا. واتە گەشتێك بۆ قوتابییەکان سازدەکات لە دەرەوەی قوتابخانەدا، بەمەش ئاستی هونەری و کۆمەڵایەتی قوتابییەکان بەرزتر دەکاتەوەو خەمۆکی قوتابییەکان دەرەوێنێتەوە.

١٠. **چالاکی تر:**

مامۆستا هەوڵدەدات لە پلانەکەیدا تەنها پشت بە چالاکییە هونەرییە ڕووتەکان نەبەستێت و کۆمەڵێك چالاکی تر بخاتە ناو پرۆسەکەوە.
بۆ نموونە: ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (NGO)، تا چالاکی هاوبەش سازبکەن، وەك بڵاوکردنەوەی پروشەر لەسەر ژینگەپارێزی، یان خۆپارێزی لە نەخۆشی کۆلێرا، یان پاکوخاوێنی و تەندروستی باش. بەشداریکردن لەم چالاکییانەدا ئاستی هۆشیاری و هەستی بەخۆزانی و مرۆڤدۆستی قوتابییەکان زۆر پێشدەکەوێت و لە هەمانکاتیشدا وڵاتەکەی خۆشدەوێت. هەروەها پێویستە بابەتە هونەرییەکان بخەینە خزمەتی مرۆڤدۆستی و ژینگەپارێزی و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری و ڕۆشنبیری، ئنجا هونەری منداڵەکان. واتە ئەگەر توانیمان ئەوکارە ئەنجام بدەین،

یان بەشێکی لێ ئەنجام بدەین، ئەوا بێگومان قوتابییەکی خۆڕێکخەری نیشتمان دۆستمان دەستدەکەوێت و لە هەمانکاتیشدا مرۆڤێکی خۆنەویست و تێگەیشتوو لە دەوروبەرمان بۆ بەرهەمدێت، کە دەتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت بۆ ئەنجامدانی هەرکارێکی پێویست و شیاو، کە لە سات و کاتی خۆیدا ئەنجامی بدات، پاشان بۆ دواجار دەتوانێت خزمەت بە کۆمەڵگە، ئنجا نیشتمانەکەی بکات و نەخشی هەبێت لە سەرخستن و پێشکەوتنیدا.

مامۆستای بەڕێز... پلاندانان، ئەگەر سەرچڵانەش بێت هەر گرنگەو بەهای خۆی هەیەو کاریگەری گەورە لەسەر وانەکەت، پاشان لەسەرخۆت و ڕێڕەوی جێبەجێکردن بەجێدەهێڵێت و بەرچاوت ڕووندەبێت، کە چی بکەیت؟ چۆن بکەیت؟ و بە چی بیکەیت؟ مەرجیش نییە هەموو پلانێك (١٠٠٪) سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، بەڵام هەبوونی لە نەبوونی باشترە، چونکە دەتوانیت خاڵی لاوازو هۆکاری کەوتنەکەت دیاری بکەیت. هەروەها دەتوانیت هەڵەو کەموکورتییەکات چارە بکەیت و بە پلانەکەتدا بچیتەوەو جارێکی دی ڕێکی بخەیتەوەو بیخەیتەوە سەر ڕێچکە ڕاستەکەی خۆی.

## خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا

## خشتەی پلانی ساڵانە

پۆل:　　　　　　　　　　　وەرزی خوێندن:

| کاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی تەوەرەکە | ئەگەر تەوەری لاوەکی هەبوو (بابەتی نوێ) | ئامانجی فێرکاری و فێرکاری پێشنیارکراو | سەرچاوەی فێرکاری: کەرەستەو پێداویستی | سەرچاوەی فێرکاری: هۆکاری ڕوونکاری | هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

تێبینی:

## خشتەی جێبەجێکردنی پلانی تەوەرەکان

تەوەر:　　　　وەرزی خوێندن:

| بەروار | بابەتەکان | وانەکان | ئامانجی گشتی | ئامانجی تایبەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوە فێرکارییەکان | هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

تێبینی:

# خشتەی پلانی وانە گووتنەوە

تەوەر:　　　بابەت:　　　وانە:　　　کاتی دیاریکراو:

| ئامانجی تایبەت | چەمک و شارەزایی و کارامەییە لە پێشینەکان | هەندێك لە دەستەواژەی ناو وانەکە و ڕوونکردنەوەیان | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوە فێرکارییەکان | چالاکییە کردارییەکان | لێکبەستن و جێبەجێکردن لەگەڵ وانەکانی تردا | هەڵسەنگاندن | چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەسەرکردن | چالاکی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | |
| تێبینی و سەرنج | | | | | | | | | |

# تەوەری یەکەم



تابلۆی قوتابی: دییە عوسمان

# دەربڕینخوازی Expressionism

**تەوەر: دەربڕینخوازی**

**بابەت: منداڵ چۆن لەڕێگەی نیگارکێشانەوە گوزارشت دەکات؟**

**بەشە وانە: ٢ وانە**

---

**دەربڕینخوازی(*)، یان گوزارشتخوازی، بەشێکی دانەبڕاوی منداڵە، تا بتوانێت گوزارشت بکات لە ناخ و دەروونی خۆی، جا هەندێك جار گوزارشتکردنەکە لە ڕێگەی جوڵەوە، یان لەڕێگەی گفتوگۆ، یان کاری هونەرییەوە دەبێت. بۆیە ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو گوزارشتکردنانەی منداڵ و توانای دەربڕین و ئاستەکانی دیاریدەکەین، بۆ ئەوەی تۆی مامۆستاش بەردەم ڕێگەو چاوت ڕۆشن بێت و بزانیت چی دەکەیت؟ و قوتابییەکانت چیت بۆ دەکەن؟ ئەوە هەنگاوێکی پێشوەختەی زۆر گرنگە بیزانیت، بۆ ئەوەی یەکەم زانیاریت لەبارەیانەوە هەبێت و دووەمیش، تا نەکەویتە هەڵەی زانستییەوە، چونکە ئەوە بزانە ڕوودانی هەر هەڵەیەکی (زارەکی، یان کردارەکی) بەرتەکی خراپ دروست دەکات لای قوتابییەکانت و تۆش پێویستت بە خۆپارێزی و پاشان خۆئامادەکردن هەیە بۆ ئەوەی کارەکانت، وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێت و پلانمان بۆ داناوە بچێتە پێشەوە.**

---

**(*)دەربڕینخوازی: لام پەسەندبوو دەستەواژەی ‹‹دەربڕینخوازی›› بۆ ئەم شوێنە هونەرییە بەکاربهێنم لەبری وشەی ‹‹گوزارشتخوازی››، هەرچەندە من دەربڕینخوازیم لە بری وشەی ‹‹التعبيرية››ی عەرەبی و ‹‹Expressionism›› ی ئینگلیزی بەکارهێناوە، هەروەك مامۆستا ‹‹شێخ محەمەدی خاڵ››یش لە فەرهەنگی خاڵدا، لا(١٩٥) دا، ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: ‹‹دەربڕین: بەواتەی درکاندنی شتێك، کە لە دڵتدا شاردبێتتەوە››. ڕێك ئێمەش بەدوای ئەو وشەیەدا دەگەڕێین، کە ناوی ‹دەربڕین› ە، چونکە منداڵ دەیەوێت نیگارکێشان بەکاربهێنێت بۆ دەربڕین لەو شتانەی، کە لە ناخیدا شاردوونییەوە، یان پەنگی خواردۆتەوە، یان پێیان سەرسامە، بەڵام گوزارشت لە هەمان فەرهەنگدا و لە لا (٤٠٢) دا لە بری وشەی (معنى) دانراوەو ئەمەش بۆ ئێمە شیاو نییە لەڕووی واتاوە بۆ ئەم شوێنە هونەرییە. کەواتە دەربڕین لێرەدا بەمەبەستی دەربڕینی کرداری دێت، نەك دەربڕینی زارەکی، وەك کێشانی تابلۆیەك، یان دروستکردنی پەیکەرێك بە کارتۆن.**

## گرنگی توێژینەوە لە دەربڕینی هونەری لای منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن:

دەربڕینی هونەری ئەو کارەیە، کە هەموو تایبەتمەندییەکی باشی تێدایە، کە لە ڕێگەی داهێنان و داڕشتنی بەهێز و جوان و زاڵبوون بەسەر دەرووندا دەناسرێتەوە. کەواتە لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردندا دەربڕین لەڕێگەی هونەرەوە هەل بۆ منداڵ دەڕەخسێنێ و ناخی خۆی دەردەبڕێت، بۆیە دەتوانین ڕێگاکانی دەربڕین بە سێ جۆر دەستنیشان بکەین:

– دەربڕینی شێوەیی (شێوەکاری، یان هێڵکاری)

– دەربڕینی دەنگی (زارەکی)

– دەربڕینی جوڵەیی (وەرزشی)– فیزیکی–



دەربڕینی هونەری (شێوە) یەکێکە لە باشترین ڕێگاکانی دەربڕین لای منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن، چونکە لەم ڕێگەیەوە منداڵ دەتوانێ هەستەکانی خۆی دەرببڕێت و گوزارشتیان لێ بکات. هەر لەبەر ئەوەیە، منداڵ بۆ گوزارشتکردن چەندین کەرەستەی خاوی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێ، تا بە ئاسانی لەکاتی ئەنجامدانیدا بتوانێت زاڵ بێت بەسەریاندا. منداڵ پشت بەخۆی دەبەستێت بۆ هەستکردن بە ڕاستییەکانی دەوروبەری و هەوڵدەدات لەڕووی جوانناسییەوە جارێکی تر دایان بڕێژێتەوەو بیانخاتە ژێرچاودێری چاوەکانی.

هەروەها لەڕێگەی ڕاڤەکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا زۆرتر گرنگی دەربڕینی هونەریمان بۆ دەردەکەوێت، لەم قۆناغەی منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندندا:

- تیۆرەکانی دەربڕینی هونەری لای منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن.
- پاڵنەرەکانی دەربڕینی هونەری لای منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن.
- تیۆری دەربڕینی هونەری لای منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن.

## تیۆرەکانی دەربڕینی هونەری، لای منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

هەریەکێك لەم تیۆرانە لە ڕوانگەو گۆشەنیگای خۆیەوە لە منداڵ دەڕوانێت و ئاڕاستەی دەکات بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی بۆی دیاریکراوە، بۆیە لێرەدا تیۆرەکان دەخەینە ڕوو، لەهەمانکاتیشدا دیدی هەریەکێکیان بۆ چارەو ئاڕاستەکردنی منداڵ دیاری دەکەین:

١. تیۆرە دەروونییەکان.

٢. تیۆرە ڕۆشنبیرییەکان.

٣. تیۆرە پەروەردەییەکان.

٤. تیۆرە ئابورییەکان.

١– تیۆرە دەروونییەکان:

– هانی منداڵ دەدات بۆ ئەنجامدانی هەندێك کاری هونەری لەڕێگەی چالاکییە هونەرییەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی دەروونی لە منداڵەکەدا.

– هەوڵدەدات منداڵ هانبدات، تا لەڕێگەی کاری هونەرییەوە بیبەستێتەوە بەو ژینگەیەی کاری تێدا دەکات.

– لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانیانەوە چاو بخرێتە سەر ئەو منداڵە داهێنەرانەی لە قۆناغی پێشوەختدا دەردەکەون.

٢– تیۆرە ڕۆشنبیرییەکان:

– دەوڵەمەندکردنی توانای منداڵ، بە پێدانی هەندێ دەستەواژەو زانیاری بەڕێگای ناڕاستەوخۆ.

– ناسینی ئاستی ڕۆشنبیری منداڵ، لەڕێگەی شیکردنەوەی ئەو هێمایانەی لەناو تابلۆکەیدا هەیە.

– گەشەپێدانی ڕەفتارجوانی منداڵ.

٣– تیۆرە پەروەردەییەکان:

– ناسینی سروشتی منداڵ. ئایا چۆن دەتوانیت کاریگەریت هەبێت لەسەر دەروونی منداڵ لەوکاتەی منداڵ کار بە کەرەستە خاوەکانی بەردەستی دەکات؟ پێویستە لەو کاتەدا پەی بە سرووشتی منداڵ بەریت و بیناسیت.

– وەستان لەسەر گۆڕانکارییە سروشتییە دەروونییەکانی منداڵ پێش و دوای ئەنجامدانی کاری هونەری بۆ گەشەپێدانی لایەنی ویژدانی و جوانناسی.
– توێژینەوەی شێوازەکانی گەشەپێدانی هەستی جوانناسی لای منداڵ لەڕێگەی کاریگەرییە جۆراو جۆرەکانەوە.

٤– تیۆرە ئابورییەکان:

منداڵ، وەك سەرمایەگوزاری ئامادەبکەین بۆ ئاینده له ڕێگەی:
– گۆڕینی منداڵ له مرۆڤێکی بەرخۆرەوە بۆ مرۆڤێکی بەرهەمدار (بەرهەمهێن).
– ڕێزگرتنی کاردەستی، یان ئەوانەی کاردەستی ئەنجام دەدەن.
– ڕێنیشاندەری منداڵ بکەین، کە چۆن کەرەستە خاوەکان بەکاربهێنێت و بەهەدەریان نەدات.

## پاڵنەرەکانی دەربڕینی هونەری، لای منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن:



پاڵنەر، له بنەڕەتدا بریتییە له دەربڕینی هەستێکی ناوخۆیی بایۆلۆجی و فسیۆلۆجی، کە له ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکان، یان لەڕێگەی وروژاندن و جوڵاندنی ڕەفتار ئەنجام دەدرێت بۆ بەردەوامی چالاکییە هونەرییەکە، یان هەر چالاکییەکی تر. له بەرئەوە پاڵنەرەکانی دەربڕینی هونەری لای منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن، لەم قۆناغانەدا دەخەینە ڕوو:

## یەکەم: پاڵنەری هەستە جوڵە:

منداڵ، لەساڵانی یەکەمیدا، پشت بە چالاکییە هەستەجوڵەکانی دەبەستێت بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی و دەیەوێت شارەزای ژینگەی دەوروبەری ببێت و بیانناسێت. بۆیە دەربڕینە سەرەتاییەکانی منداڵ (هێڵکاری نارێك) ن و لای منداڵ سەرچاوەی چێژ لێوەرگرتنن، ئەمە وا

دەكات گەشە بەكۆنترۆڵكردنی جوڵەكانی بدات لە لایەك و لە لایەكەی ترەوە، پاڵنەرەكانی تێر بكات، بۆیە پێویستە:



– ژینگەی منداڵ دەوڵەمەندبكرێت بەو كەرەستەو شمەكانەی بە چاو دەبینرێن و دەستیان لێدەدرێت.

– ئامادەكردنی ئەو كەرەستەو پێداویستییە سەرەتاییانەی پێویستن بۆ وێنەكێشان و یاریكردن.

– ڕەخساندنی كەشێكی لەبار بۆ منداڵ، تا ئارەزووەكانی تێر بكات لەیاریكردن و دۆزینەوەی نوێ و پاشان هەستەكانی خۆی بە ئازادی دەردەربڕێت.

## دووەم: پاڵنەری خاڵیكردنەوەی تاوگیرییەكان:



لەم قۆناغەدا، منداڵ لە پاڵنەری هەستەجوڵەوە بۆ پاڵنەرێكی پێشكەوتوو تر هەنگاو دەهاوێت. دەربڕینی هونەری بریتییە لە خاڵیكردنەوەی تاوگیریی و هەست و سۆزەكان، بەهۆی شێوە هونەرییە جیاوازەكان و لەڕێگەی دەربڕینی ئازادەوە، ئەمەش بریتییە



لە دەربڕینی هەستە تاوگیرییەكانی، ئەمەش وا لە منداڵ دەكات پشت بە نیگاركێشان ببەستێت، وەك لە گفتوگۆكردن. واتە منداڵ لەم قۆناغەدا كەمتر گرنگی بە گفتوگۆ دەدات و كەمترین دواندن و دانوستان ئەنجام دەدات و هەوڵدەدات لەڕێگەی وێنەكێشان و چالاكیەكانی ترەوە گوزارشتەكانی دەربڕێت، وەك: یاریكردن و گۆرانی گوتن، یان نواندن. بۆیە لەسەر مامۆستایە ورياو ئاگاداری ئەم ڕەفتارنواندنەی منداڵ بێت.

## سێیەم: پاڵنەری خۆدەربڕین:

یەكێك لە پێداویستییە سەرەكیەكانی مرۆڤ، بریتییە لە خۆدەربڕین و دەربڕینی هونەریش یەكێكە لەو ئامرازو كەرەستەو شێوەو هێماو هێڵانەی منداڵ، كە دەتوانێ گوزارشتەكانی پێ

دەربخات. ئەمە یەکێکە لە پاڵنەرەکانی منداڵ، تا لەڕێگەی شێوەکانەوە هەستەکانی دەربخات و کەمتر پشت ببەستێ بە ئاخاوتن، بەمەبەستی تێرکردنی خواستەکانی لەڕێگەی زمانی هونەرییەوە.



بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا:

– هەوڵبدان بۆ تێگەیشتن لە کاری منداڵ و ناسینەوەی هێماو خەیاڵ و وێناکردنەکانی و پاشان گەشەپێدانی.

– ڕێزگرتنی کاری منداڵ و پشتیوانی کردنی بە هەموو شێوەیەك، بەڵام بەو مەرجەی دەست لە کاروباریان وەرنەدرێت.

## چوارەم: پاڵنەری ڕێزگرتن:



یەکێك لە پێداویستییە مرۆییەکانی منداڵ لە قۆناغی ژێر تەمەنی خوێندن و کاتی خوێندن، ئەوەیە، کە پێویستە:

منداڵ هەست بەڕێزگرتن بکات، لەلایەن بەرانبەرەکەیەوە، ئەمەش وا لە منداڵ دەکات لە خۆی ڕازیبێت و لە هەمانکاتیشدا، وەك ئەندامێکی زیندووی ناو کۆمەڵگە سەنگین و قورس بێتە بەرچاوان و هەست بە دڵنیایی و دڵنەوایی بکات لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە، ئەمەش یارمەتی منداڵ دەدات گەشەی زیاتر بە هەستەکانی بدات.

## ڕاهێزانی کۆمەڵایەتی

ئەو کاتە ڕاهێزانی کۆمەڵایەتی لە زارۆخانەو فێرگەدا دەستپێدەکات، کە منداڵ خۆی دەناسێت و شوێن و تواناکانی هەستپێدەکات و بە یاساکان ئاشنا دەبێت، ئەو یاسایانەی ڕەفتارو کارەکانی تاك ڕێکدەخات.

ئامانجی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لە زارۆخانەو فێرگەدا، بریتیە لە:

١– جیهانی خودبینی منداڵ.

٢- ڕەخساندنی کەشێکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستی لە زارۆخانەو فێرگەدا.



٣- هاوکاری کردنی منداڵ بۆ خۆگونجاندنێکی دروست لەناو ژینگەکەیدا.

٤- هاوکاری کردنی منداڵ بۆ گوزارشتکردن و پەیوەندیگرتن بە دەوروبەرەکەی.

٥- جێبەجێکردنی بنەماکانی کاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ منداڵانی تردا.

٦- پەروەردەکردن و ڕاهێزانی منداڵ بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها چی لێچاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا؟

٧- ڕێزگرتنی کەسییێتی منداڵ.

**ئەم ئامانجانەش دێتەدی لەڕێگەی ئەم چالاکییانەوە:**

١. وروژاندنی توانا خۆڕسکییەکانی منداڵ و بەستنەوەی بە جەستەو هەست و هزریەوە.



٢. ڕەخساندنی هەلی کار بۆ منداڵان، بۆئەوەی تواناکانی خۆیان پیشان بدەن لە ڕێگەی دۆزینەوەی تازەو تاقیکردنەوە یەک لەدوا یەکەکان. (منداڵ فێرمەکە، هەلی بۆ بڕەخسێنە).

٣. گەشەپێدانی ئاستی گفتوگۆو ڕاڤەکردن لەنێوان منداڵ و مامۆستاکەیدا.

٤. ناساندنی ژینگەی (مادی و کۆمەڵایەتی) بە منداڵ.

٥. گوزەراندنی ژیان لەگەڵ منداڵانی تر داو هاوبەشی پێکردنیان لەکاری بە کۆمەڵدا (گروپ).

٦. وروژاندنی پێداویستیەکانی منداڵ بۆ دەربڕین لە هەستەکانی.

٧. هەست و سۆزەكانی دەربڕێت لە ڕێگەی جوڵەو زمانی هونەری شێوەكارییەوە.
٨. بەكارهێنانی گفتوگۆو دواندن لەگەڵ منداڵدا.
٩. ڕێكخستنی بنەماكانی كاری بەكۆمەڵ و بەتاك لەگەڵ منداڵ (لەڕێگەی یاسای پۆل)(*).
١٠. دروستكردنی پەیوەندیەكی گەرم و گوڕی هاوڕێیانە لەنێوان منداڵ و مامۆستاكەیدا، تا هەست بە دڵنیایی دەروونی زۆرتر بكات. (نەگاتە ئاستی گاڵتەكردن).

## ڕاهێزانی پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕێگەی دەربڕینی هونەرییەوە:

لێكبەستن و تێكەڵاوكردنی كارە هونەریەكان لەلایەن منداڵەكانەوە، وایان لێ دەكات هەست بە كەسێتی باشی خۆیان بكەن، ئەوەش دەبێتە پاڵنەرێكی باش بۆ دەربڕینی هونەری لای منداڵ و دڵنیایی پێ دەبەخشێت، كە دواتر فێردەبێت و ڕادێت، تا ژینگەی دەرەوە هاوسەنگ بكات لەگەڵ خواستە خۆییەكانیدا و دژی گەشە كۆمەڵایەتییە دروستەكە ڕانەوەستێت. بۆیە منداڵ ڕەفتارو ئاكارەكانی دەگۆڕێت لە (ناتوانم بۆ ⟵ دەتوانم، نازانم بۆ ⟵ دەزانم)، ئەمەش ئەنجامێكی باشی بەدەستهاتووە.

---

(*) یاسای پۆل: (دەستووری پۆل) ئەگەر مامۆستا دەیەوێت خۆی لە سەرئێشەو بەریەككەوتن لەگەڵ منداڵەكاندا بەدووربگرێت، ئەوا پێویستە یاسای پۆل پەیڕەو بكات. ‹‹یاسای پۆل››یش بریتییە لەو یاسایەی، كە مامۆستا لەگەڵ منداڵەكان پێكەوە لەسەر كۆمەڵێك شت ڕێك دەكەون و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەكتردا بەندەكانی دەنووسنەوەو دواتر لە پۆل، یان لە هۆڵی فرەمەبەس هەڵیدەواسن. بۆنموونە:

١. لەكاتی كاركردندا كەس بۆی نییە بەدەنگی بەرز قسەبكات.

٢. پێویستە دوای تەواوبوونی كارە هونەرییەكە كەرەستەو پێداویستەكان كۆبكرێتەوەو ڕەچاوی پاكوخاوێنی شوێنكارەكە بكرێت.

ئەمەو چەندان یاسای تر، ئەگەر قوتابییەكان خۆیان لە دارشتنەوەی یاساكاندا بەشداربن، ئەوا بێگوومان ڕێز لەو یاسایە دەگرن، كە خۆیان بەشداربوون لە نوسینەوەو داڕشتنیدا، ئەمەش بەهانەیەكی بەهێز دەبێت بەدەست مامۆستاوە. واتە قوتابییەكان ناتوانن لاساری بكەن، یان فەرامۆشی ئەو یاسایە بكەن، كە خۆیان یەكێك بوون لە داڕێژەرانی.

بۆیە پێویستە ئەوە بزانین، کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان خودو دەربڕینی هونەریدا، چونکە دەربڕینی هونەری لەهەموو شتێك زیاتر هاوکاری منداڵ دەکات، تا گەشە بە هەستە خۆییەکانی بدات و دڵنیایی زیاتر بەخۆی ببەخشێت، دواتر دەبێتە جێگەی ستایش و دەستخۆشی لە لایەن بەرانبەرەکەی و دڵنیایی زیاتری دەداتێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی ترو دواتر لە کۆتایی پرۆسەکەشدا تێکەڵاوی ژینگەی ئەوانی تریش دەبێت.

## تیۆری پەروەردەیی بۆ دەربڕینە هونەرییەکان:

دەربڕینی هونەری منداڵ لە لایەن چەندین تیۆرەوە کاری لەسەر دەکرێت و ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە دەربڕین لە ڕێگەی هونەرەوە زانستێکە لە زانستەکان. بۆیە تیۆرەکانی دەربڕین لە ڕێگەی هونەرەوە هەوڵیان داوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە:

### ئامانجەکانی دەربڕینی هونەری ڕووکەش لە قۆناغی منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن، یان کاتی خوێندن:



- هاندانی منداڵان بۆ خۆدەربڕین بە هەندێ لەو کەرەستانەی لەبەردەستیاندایە لەڕێگەی هونەرە جۆراوجۆرەکانەوە.
- پێویستە مامۆستا گوزارشتەکانی منداڵ شیبکاتەوەو لەڕێگەیەوە ئاڕاستەیەکی دروست پیشانی منداڵەکە بدات، یان منداڵەکە بەشێوەیەکی دروست ئاڕاستە بکات.
- پێداهەڵدانێکی وورد لە بارەی ڕەفتارە هونەریەکانی منداڵ.
- ڕێکخستنی ئەو شێوە هونەریانەی لە خەیاڵی منداڵەکەدایە لەڕێگەی ئەنجامدانی کاری هونەرییەوە.
- کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی هەیەتی لەبارەی ژینگەوە.

• ڕەخساندنی هەل بۆ منداڵان، تا لەڕێگەی دەربڕینەکانیانەوە زیاتر هەست بە دڵنیایی بکەن.
• دەربڕینی هونەری ئازاد ڕێگا بۆ داهێنانەکانی منداڵ خۆش دەکات.

## کاریگەری مامۆستا لە سەر گەشەپێدانی توانا هونەرییەکانی منداڵ:

کاتێك منداڵان لەڕێگەی وێنەکانیانەوە گوزارشت لە ناخی خۆیان دەکەن، ئەوا کۆمەڵێك هێماو شێوە بەرهەمدەهێنن و دواتر تابلۆکانیان، وەك داهێنانێکی جوان دەردەکەون. ئەم هەنگاوەش بە یەکەم هەنگاوی داهێنانی منداڵ دادەنرێت لە ڕێگەی هونەری شێوەکاریەوە. کاتێك منداڵ هێڵ لەسەر هێڵێك دەکێشێت و چەند بازنەو نیوەبازنەی ناتەواو دروست دەکات و پاشان وردە



هێما دروست دەبن و دەبنە چەندین هێماو لاپەڕەکە پڕ دەکەنەوەو لەپڕ چەندین وێنەی سەرنجڕاکێش دەردەکەون و چەندین مانا دەبەخشن. لێرەدا وێنەکان پێویستیان بە لێورد بونەوەهەیە، چونکە بۆ دروستکردنی ئەم هەموو هێمایانە، ئەوا منداڵ پێویستییەکی زۆری بە ئازایەتی هەیە، تا بێ دوودڵی و ڕاستەوخۆ لەڕێگەی وێنەکانەوە هەستی خۆی دەربڕێت (ئازایەتیش، پێویستی بە دڵنیایی هەیە). ئەگەر وێنەی سەرجەم منداڵەکان کۆبکەینەوەو پێکەوە نمایشیان بکەین، ئەوا دەبینین هەر منداڵە و



تێڕوانین و شێوازی گوزارشتکردنی جیاوازی هەیە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جیاوازی

تاکایەتی هەیە لە نێوان منداڵەکاندا و هەندێکیان داهێنان دەکەن و هەندێکی تریشیان کارەکانیان دوورن لە داهێنان. ئەمەش نیشانەی ئەوە نییە، کە هەندێکیان داهێنەرن و ئەوانی تریش داهێنەر نین، بەڵکو ئەوە پەیوەندی بەو ژینگەو شێوەی ئاڕاستەکردنەوە هەیە، کە منداڵەکە پێیدا تێپەڕیوە. واتە کاتێك هەلێکی باش لەلایەن فێرگەوە دەرەخسێنرێت بۆ منداڵەکان، ئەوا لە ئەنجامدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری باش هەست پێدەکەین، وەك: ووردبینی، پێشبینیکردن، بیرکردنەوە پێش وێنەکێشان، وریایی لە پەیوەستکردن، قۆستنەوەی بۆشایی پەڕەکان، باش بەکارهێنانی پێنوس لەسەر ڕووی کاغەزەکە، گەشەکردنی ئەم هەنگاوانە لای منداڵ، وا دەکات وێنەکانی باش و داهێنەرانە دەرکەون، ئەگەر فێرگە ئەم دەرفەتانە نەڕەخسێنێ و پاشخانێکی باشی نەبێت لەو بوارەدا بۆ تێگەیشتن لەوێنەی منداڵەکان و چێژو ئاڕاستەکردنیان، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەرئەنجام وێنەکان گاڵتەجاڕانە دەردەکەون و دوور دەبن لە هەستی داهێنەرانە، چونکە لە وێنەکاندا هیچ شێوەو هێڵێکی باش دەرناکەوێت، بەڵکو هێڵەکان ناڕێکن و دوورن لە گوزارشتە ڕاستەقینەکەی منداڵ، لەبەر ئەوە منداڵەکان نەیانتوانیوە توانا هزری و هەستی وتێڕوانینەکانی خۆیان لەسەر کاغەزەکە بنەخشێنن (دەربڕن)، لەبەر ئەوە وێنەکان داماڵدراون لەمانا ڕاستەقینەکەی منداڵانە و ئەنجامێکی باشیشمان دەستناکەوێت. واتە لە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە مامۆستا کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر منداڵەکانەوەدەبێت، چونکە ئەوە مامۆستایە منداڵەکان ئاڕاستە دەکات.

**ئاستی بەرهەم:**

ئاستی بەرهەمی منداڵ بەرزو نزمی دەکات بەپێی ئاستی قوتابخانەکە، چونکە هەندێك قوتابخانەی باش هەن و پاشخانێکی هونەری باشیان هەیە، بۆیە ئەم پاشخانە هونەرییە هاوکار دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی (١٠٠٪) لە بەرهەمی باش، بەڵام لەکاتێکدا هەندێ فێرگە ناگەنە ئاستی (٢٠٪)، چونکە ئاستی منداڵە ئاساییەکانیان بەرەو لاوازی دەچێت. ئەگەر ئەم منداڵانەش بخرێنە فێرگەیەکی باشەوەو چاودێرییەکی باشی هونەری تەندروستییان بکرێت و گرنگیان پێ بدرێت لەلایەن مامۆستا تایبەت مەندەکانەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەنجامێکی باش بەدەستدەهێنن، بۆیە لێرەدا فێرگەی باش بە مامۆستای دڵسۆزو خاوەن ئەزموون و شارەزا دەناسرێتەوە.

مەبەست لە بەرهەمی باش: باڵا بوونی ئاستی جوانناسی منداڵەکانە، وەك: خاوێنی ڕەنگ و پەڕەکە، دەربڕینی جوان و واتادار، ڕاستگۆیی و گوزارشتی پڕ لە ئومێد لەتابلۆکاندا ڕەنگدەداتەوە.

## ئەركی مامۆستا لە پێدانی وانەی هونەر:

بۆ پێدانی وانەیەكی هونەری گونجاو، ئەركی مامۆستایە وانەكە گرێبدات بە ژینگەی دەرەكی و ژیانی ڕۆژانەی منداڵەكەو بیخاتە خزمەت كارەكەیەوە:

١- مامۆستا دەتوانێت لەكاتی گونجاودا بە بەرنامە، چەند پێشانگەیەك بكاتەوە بۆ ڕەخساندنی هەلی یەكترناسین و پەیوەندیگرتن بە تاكەكانی ناو ژینگەوە، بۆ ئەوەی بتوانن هاوكارو پشتیوانی ئاڕاستەكانی وانەی پەروەردەی هونەر بن.



٢- مامۆستا دەتوانێت پەیوەندی بگرێت بە ئەنجومەنی شار یان لادێ، بەمەبەستی گەشەپێدانی لایەنی جوانی ژینگەو گرنگی پێدانی لەڕێگەی كۆمەڵگەوە.

٣- مامۆستا دەتوانێت هاوكاربێت لە خزمەتكردنی ژینگە، لەڕێگەی سازكردنی كۆڕوكۆبوونەوەو نمایشی سینەمایی و خستنە ڕووی كێشە هونەریەكان، تا لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی هەستی بەرپرسیارێتی لەنێو تاكەكانی كۆمەڵگەدا.

٤- مامۆستاو قوتابییەكان دەتوانن نەخشیان هەبێت لە چارەسەركردنی چەندین كێشەی كۆمەڵایەتی و تەندروستی و نەتەوایەتی لەڕێگەی بەخشینەوەی چەندین بڵاوكراوە بەسەر هاوڵاتیاندا، یان لە كۆڵان و شەقامە گشتیەكاندا هەڵبواسرێت.

٥- مامۆستا دەتوانێت بەشداربێ و هاوكاری پێشكەش بكات لەكردنەوەی بنكە بچووكەكانی ڕاهێنان بۆ (خاوەن كارە پیشەیی و ئیشە دەستییەكان). هەروەها بەخشینی چەندین نەخشەسازی و لێكۆڵینەوەی جیاواز لەبارەی كەرەستە خاوەكان، وەك پاڵنەرێك بۆ پێشكەوتنی كارەكانیان لەڕووی هونەری و پیشەییەوە.

## پێویستە مامۆستا چی لەتوانایدایە بیکات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری منداڵ لە باشەوە بۆ باشترین:

بۆ ئەو مەبەستە دەبێت مامۆستا هاوکار بێت لە گەشەکردنی کەسێتی مرۆڤ بەشێوازێکی باش و کاریگەر لەڕێگەی چالاکی جۆراو جۆرو تێکەڵبوون و چێژ لێوەرگرتنەوە، لەوچالاکیانەش وەك:

١- گەشەپێدانی بەها مرۆییەکان، سۆزو ویژدان، ڕاهێنانی هەستەکان، کە پەیوەندی بە یەکخستنی هەست و سۆزی خەڵکەوە هەبێت.

٢- بەدەستهێنانی لێهاتوویی و زانیاری جۆراو جۆر بۆ گوزارشت لەخۆکردن.

## ئەزمونی مامۆستا بۆ گەشەپێدانی توانای داهێنان لای منداڵ:

مامۆستای دڵسۆزو بە توانا هەستی دیکتاتۆریانەی نییە، بەڵکو لای ئەو تێگەیشتنی زیاترو



بیرفرەوانی خاڵی سەرەکی کارەکەیەتی بۆ گەیشتن بە بنەما سەرەکیەکانی هونەر. هەروەها مامۆستا زۆر کراوەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی دەیهەوێت بەدەستیان بهێنێ بەو ڕێگایەی هەڵیدەبژێرێ. واتە دەتوانێ لەگەڵ منداڵەکان کار بکات و هاوکاریان پێشکەش بکات لەکاتی تاوگیری و هانیانبدات و متمانەیان پێ ببەخشێت. ئەوەش گەورەترین خزمەتە، کە دەتوانێ پێشکەشی منداڵەکانی بکات، بەڵام



گەورەترین بەربەستیش بۆ ئەوەی منداڵ نەبێتە داهێنەری ڕاستەقینە ‹‹ترسە››. واتە ترس لەوەی لەناخ و لە خەیاڵی دایە و نەتوانێن لە گوزارشتکردنیان لەکاتی پێویستدا، ئەو پێی وایە ئەگەر دەریشیبڕێت ئەوا هێماو وێنەکانی دەبنە جێگەی گاڵتە پێکردن. بۆیە ئەگەر توانیمان ئەم ترسە لەناخ و دڵ و

دەروونی منداڵەکەدا ڕیشەکێش بکەین، ئەوا منداڵەکە دەتوانێت  تواناکانی خۆی پیشان بدات  و گەشە بەلایەنە تاوگیریەکانی بدات و پێ بگات و هەنگاو بنێ بەرەو داهێنانی زۆرتر.

کەواتە، ئەوەی پێویستە لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەر ئەوەیە، کە خۆی دانەبڕێنێت لە مامۆستای  وانەکانی ترو هەوڵبدات پەروەردەی هونەر  بەشداری پێ بکات لەگەڵ وانەکانی تری خوێندندا.



هەروەک دەبینین مامۆستای وانەی زمانی عەرەبی وێنەی فێرکاری بەکاردەهێنێ بۆ ناسینی وشەو ڕستەکان، بەڵام مامۆستای بیرکاری وێنەو شێوەی ئەندازەیی، وەک شەشپاڵو، قوچەک... بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی پەیامی وانەی بیرکاری، تا منداڵەکان لەبیری نەکەن.




مامۆستای زانست، وێنەی شیکاری لەسەر ئاژەڵ، باڵندە، مرۆڤ، نمایش دەکات بۆ قوتابییەکانی، تا ناوو کارەکانیان پێ بناسێنێت. هەروەها مامۆستای مێژوو، چەند وێنەیەکی نەخشەو ڕووداوەکان دەکێشێ، تا لەڕێگەی هونەرە وە وانەی مێژوو لە بیرو هزری قوتابییەکانیدا بچەسپێنێ.




وەک دەبینین، هەموو ئەوانە کەرەستەی هونەریان بەکارهێنا، وەک هۆکارێکی سەرەکی فێرکردن بۆ ناساندن و فێرکردنی قوتابییەکانییان. واتە کاریگەری وانەی هونەر گەورەیە بۆ هاوکاری کردن و فێرکردنی قوتابی لە یەک کاتدا.

# تەوەری دووەم



# Invention داهێنان

کاتی دیاریکراو: ٢ وانە

## داهێنان Invention

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی وانەی پەروەردەی هونەر، بریتییە لە گەشەپێدانی توانای قوتابی بۆ داهێنان. کەواتە بۆ ئەوەی مامۆستا لە ڕەفتاری داهێنەر تێبگات و دواتر ئاستی داهێنان گەشە پێبدات، ئەوا پێویستە سەرەتا لە پرۆسەی داهێنان تێبگات و ئەو جۆرە شارەزاییانە بدۆزێتەوە، کە دەبنە هۆی پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی پێگەییوو، کە دەتوانن لە ئایندەدا کاری داهێنەرانە ئەنجام بدەن.

### یەکەم: واتای داهێنان:

١- دۆزینەوەی هێما، یان شێوە، یان بیرۆکەی نوێ.
٢- دووبارە ڕێکخستنەوەی شتەکان، یان هێماکان، یان ئەو بیرۆکانەی کە هەن.
٣- زیادکردنی هۆکارێکی نوێ بۆ سیستەمەکە، یان خواستنی ئەو هۆکارە.

ئەوکاتە قوتابی هەست دەکات داهێنەرە، کە ڕەفتارو هەستپێکردنەکانی بۆ شتە جیاوازەکان دەگۆڕێت و تێڕوانینی جیاوازتر دەبێت بۆ شتە بینراوەکان. واتە ئەوکات قوتابی داهێنەر دەبێت، کە شتێکی ناوازە دروستبکات، یان لێکببەستێت، کە ئەوانی تر نەیان توانیووە ئەنجامی بدەن.



بۆ نموونە کۆمەڵێك قوتابی دەیانەوێت تابلۆیەکی دیواربەندی بکێشن، بەڵام پێویستیان بە بیرۆکەیەك هەیە، ئەگەر پێکەوە بیربکەنەوەو هەوڵبدەن بۆ ئەوەی بابەتێکی جوانی هونەری بکێشن، ئەوا پێویستیان بە بیرکردنەوەیەکی بە کۆمەڵ هەیە، تا هەمووان پێشنیار بکەن بۆ کارەکە، پاشان ڕێکدەکەون لەسەر

كاریك و دواتر ئەنجامی دەدەن، لەهەمانكاتدا ئەوە بیرۆكەیەكی داهێنەرانەیە، چونكە كێشەیەكی گەورەی بۆ چارەكردن.



له هونەردا ئەوكاتە قوتابی داهێنەر دەبێت، كە بتوانێت كۆمەڵێك هێما لە تابلۆكەیدا بكێشێت، كە دەربڕی كۆمەڵێك باس و بەسەرهات و شت بێت. ئەم هێماو شتانەش لەگەڵ ویست و خواست و هەستەكانیدا دێتەوەو گوزراشت لە ناخی دەكات. كەواتە، قوتابی داهێنەر هەمیشە بیرۆكەو تێڕوانینەكانی لەكاری هونەریدا دەگۆڕێت لەڕێگەی ئەو هێما هونەرییانەی دەیانكێشێت.

## دووەم: تایبەتمەندییەكانی داهێنەر لە ڕووی عەقڵییەوە:

### ✓ ڕەوانی:

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی داهێنەر بریتییە لە ڕەوانی. واتە بەخێرایی و لەماوەیەكی كورتدا دەتوانێت وەڵامی پرسیارەكان بداتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، كە عەقڵی لە توانایدا هەیە بێ دواكەوتن پرسیارەكان شیبكاتەوەو خێرا ئەنجامەكەی




ئاشكرا بكات، بەو واتایەی وەڵامدانەوەو بەرتەكی خێرایە. واتە دەتوانین بڵێین توانای چارەسەری كێشەكانی هەیە لە ماوەیەكی كورتدا. هەندێك جار لە پۆلدا ئەم قوتابییانە مامۆستا شەرمەزار دەكەن بە بیرۆكە سەرسوڕهێنەرەكانیان، بەڵام پێویستە مامۆستا ئەو بابەتە بەلاڕێدا نەبات و لە مەبەستەكە تێبگات. هەروەها پێویستە مامۆستاش ئەوەی بیر بكەوێتەوە، كە قوتابییەكان تەمەنیان (١٠ ساڵە). زۆر جار قوتابی لە كاتی كاركردندا حەز دەكات لەبری ڕەنگی ئەكریلیك، كاغەزی ڕەنگاوڕەنگ بەكاربهێنێت، یان لەبری شێوەی دوو دوری حەز دەكات شێوەی بەرجەستە دروست بكات، بۆیە مەبە بە بەربەست بۆ كارەكەی، بەڵكو هانیشی بدە.

## دوو جۆر ‹‹ڕەوانی››[*]مان هەیە:

یەکەم: ڕەوانبێژی: بەو واتایەی خێرا وشەکان ڕیزدەکات و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر یەك لەدوای یەك واتاکانی ڕێکدەخات و دەریان دەبڕێت، بێ ئەوەی گیربێت، یان هەڵەیەك بکات لە دەربڕیندا، یان لە واتادا، یان لە گوزارشتکردندا.



دووەم: ڕەوانی لە پەیوەندیگرتن: ئەم جۆرەیان زۆر بەئاسانی و بێ کێشە دەتوانێت لە کەسانی دەوروبەر نزیك بێتەوەو بێ کێشە پەیوەندیان پێوەبگرێت.



نەرمونیانە لە ڕەفتارکردن و گفتوگۆداو بە هێواشی ڕەفتار دەکات و لە دەوروبەری نزیك دەبێتەوەو سەرنجیان بۆلای خۆلا ڕادەکێشێت. بۆیە ئەگەر سەیری وێنەکانیان بکەین دەبینین زۆر بەجوانی هێماو وێنەکان بە جوانی یەك لەدوای یەك دادەنێت و پەیوەندی هەریەکێك لە هێماکان بەوی ترەوە زۆر نزیکە، وەك زنجیرەیەکی گرێدراو بە یەکتر بابەتەکان دەبەستێتەوە. ئەمەش پشتدەبەستێت بە:

---

[*]ڕەوان: وشەی ‹‹ڕەوان››م لەبری وشەی ‹‹طلاقة››ی عەرەبی بەکارهێنراوە، چونکە لە بواری هونەریدا باشترین جێگرەوە بۆ ئەم وشەیە ‹‹ڕەوان›› ییە و ئەوەیان پەسەندترین بوو، لە هەمانکاتیشدا ‹‹ڕەوانبێژ›› ی لە بەرانبەر وشەی ‹‹بلاغة›› ی عەرەبی دانراوە. هەروەها مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی خاڵدا، لاپەڕە (٢٢٧)دا ئەوە پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت: ‹‹ڕەوان، بۆ شتی بێ گیروگرفت دێت››، ئەوەش هەر ئەو واتایە دەبەخشێت و کتومت گوزارشتی لێدەکات.

## أ- نەرمكێش (نەرمونیانی):

ئەم تايبەتمەندييە بريتييە لەوەی، كە بە نەرمكێشی ڕەفتارەكانی دەگۆڕێت و هەڵپە ناكات لە دۆزینەوەی ڕێگاو شێوازی تازە بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی هەر دۆخێك، كە بێتە ڕێگەی. واتە (ناشڵەژێت). نەك هەرئەوەندە، بەڵكو هەوڵدەدات ڕێگەی نوێ بدۆزێتەوە بۆ چارەكردنی كێشەكان. بەواتايەكی تر لە چەندین گۆشەنیگاوە بۆ چارەسەر دەگەڕێت و تەنها پشت بە يەك ديدگا نابەستێت. بۆيە ئاستی نەرمونيانی پشت بە ئاستی ئاسانكاری دەبەستێت بۆ گۆڕانكاری. لێرەدا سێ شێوازی ڕەفتاركردنی نەرمكێش هەيە، كە بۆتانی دەخەينە ڕوو:

١- بەرپەرچدانەوەی هێواش و ئاسايی:

كاتێك قوتابييەكان دەيانەوێت وەڵامبدەنەوە پێويستيان بە كاتی زۆرتر دەبێت، تا ئەوەی مەبەستيانە گوزارشتی لێبكەن، جا لەڕێگەی قسەكردنەوە بێت، يان لەڕێگەی نيگاركێشانەوە.

٢- ڕەتكردنەوەی شتە هاوچەرخ و نوێكان:

ئەمە پەيوەندی بە بێتوانايی قوتابييەكانەوە هەيە لە وەڵامدانەوەدا، يان ڕەتكردنەوەی ئەو شتانەی، كە لێی تێناگەن، بۆيە قوتابی زياتر ئەو شتانە پەسەند دەكات، كە شتی ئاسايین، بەڵام وەڵامدانەوەی هێواشە بۆ شتە نائاساييەكان.

٣- بەئەستەم لە كارێكەوە بۆ كارێكی تر دەچێت:

يەكێك لە تايبەتمەندييە باشەكانی خوێندنی وانەی هونەر ئەوەيە، كە ئەو جۆرە قوتابييانە ڕادەهێنێت، تا لەگەڵ گرووپەكانی تردا مامەڵەبكات و پاشان حەزی بۆ دروست دەكات و لە كۆمەڵەيەكەوە بۆ كۆمەڵەيەكی تر بگوازرێتەوە. واتە قوتابی فێردەبێت جێگرەوە بۆ كارەكانی بدۆزێتەوە، ئەگەر فڵچەی پێنەبوو، ئەوا بێگومان بەدوای جێگرەوەيەكی تردا دەگەڕێت، ئەمەش پێشكەوتنێكی ڕەفتاری مەزنە، كە لە قوتابييەكەدا ڕوو دەدات.

لەبەر ئەوە نەرمونیانی تایبەتمەندییەکی گرنگە بۆ مامۆستا، چونکە پۆلەکەی، یان هۆڵی فرەمەبەست پڕیەتی لە کەرەستەو شمەك و دۆخی جۆراوجۆر، کە هەندێکیان پێشبینیکراو نین، جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا نەرمونیانی بنوێنێ لەهەر کێشەیەك، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەگەڵ قوتابییەکانیدا. هەروەها زۆر گرنگە لەکاتی سەرهەڵدانی هەر گرفتێکدا مامۆستا کەرەستەو پێداویستی بخاتە بەردەم قوتابییەکان، تا بتوانن گوزارشتی پێ لەناخی خۆیان بکەن و مامۆستاش ئاڕاستەکەرو ڕێپیشاندەرو چاودێریان بێت.

## ب- ڕەسەنایەتی:

تویژەران ئەوەیان بۆ سەلماندووین، کە ڕەسەنایەتی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کەسی داهێنەر، چونکە ئەو کەسە دەتوانێت کار لە بواری زانستدا بکات و لە هەمانکاتیشدا لە بواری هونەریشدا دەسترەنگین بێت «وەڵامدانەوەی ئاسایی و نائاسایی» دەنوێنێت، بۆیە ئەگەر سەیرێکی کارەکانی بکەین، ئەوا زۆر بەڕوونی ئەو جیاوازییە هەست پێدەکەین لە نێوان کارەکانی تری هاوڕێکانیدا. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك دەست و پەلەکانی سەرەوەی باش گەشەی نەکردبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە، ئەگەر نیگارێك بکێشێت هێڵی ناڕێکوپێك دەکێشێت و نیگارێکی باش بەرهەم ناهێنێت، بەڵام ئەگەر کەسێك لەهەمان تەمەن و ئاستدا نیگار بکێشێت و وێنەکەی ڕێکوپێك و هێڵەکانی جوانبێت، ئەوا بێشك پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە ئەو کەسە هەوڵی داوە ڕەسەنایەتی خۆی پیشان بدات و هەستەکانی بەگەڕبخات، کە پێویستە هۆشی لای پەنجەو هێڵەکان بێت و چاوی لەسەر شێوازی کێشانەکەبێت. واتە ئەو کەسەی هەستی ڕەسەنایەتی تێدایە باشتر دەتوانێت خۆی کۆبکاتەوەو پاشان خۆی ئاڕاستە بکات. هەر وەك دەبینین لە وێنەکاندا دارەکانی پێشەوەی بە گەورەیی کێشاوەو دارە دوورەکانیشی بە بچووکی نەخشاندووە، بەڵام کەسەکەی تر جگە لەوەی هێڵەکانی ناڕێکوپێکەو لەهەمانکاتیشدا هەموو دارەکانی بە یەك قەبارەو ئاست کێشاوە.

## سێیەم: تایبەتمەندییە نا عەقڵییەکانی داهێنەر:

سەربەخۆیی و حەزی گەڕان و گورجوگۆڵی و دڵخۆشی و دەستوەردان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری نوێتر، یەکێکی ترن لەو تایبەتمەندییە نا عەقڵییانەی، کە داهێنەر هەیەتی. بۆ ئەو

مەبەستەش سەرکێشی زۆر دەکات بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. بیرت نەچێت منداڵ کەسێکی زۆر خەیاڵییەو لە خەیاڵ و فەنتازیادا دەژیت و حەز دەکات هەموو شتێك بزانێت و بە هەموو شتێك بگات و دەست لە هەموو کەرەستەیەك وەربدات و خاوەنی هەموو شتێك بێت، هەر لەبەر ئەوەشە چالاکییە خەیاڵییەکانی سنووریان نییەو زۆر کاریگەرە بەو کارانەی گەورەکان ئەنجامی دەدەن و زۆر چالاکانە دەردەکەوێت لەو کارانەی ئازادی زۆرتری پێ دەبەخشێت، هەرلەبەرئەوەش پێویستە مامۆستا، یان دایی و باب هیچ بەربەستێکی بۆ دروست نەکەن. واتە ئەگەر ویستت هاوکاری پێشکەش بەم منداڵانە بکەیت، ئەوا سەرەتا کاری بچووکیان پێ بسپێرە، پاشان خۆیان هەوڵی کاری گەورەترو گەورەتر دەدەن، تا ئەوکاتەی متمانەی زیاتر بەخۆیان دەکەن و دواتر دەگەنە ئاستی بەخۆزانی.




## چوارەم: سوود وەرگرتن لە ئەزموونی کۆن:

لە ڕاستیدا، ئەزموونی کۆن ئەزموونی نوێمان فێر دەکات. واتە ئەزموونکردن بەشێکە لەو بنەما سەرەکیانەی داهێنانی لەسەر هەڵچنراوە. بە واتایەکی تر زۆرجار ‹‹مرۆڤی گەڕاوە›› و خاوەن ئەزموونی زۆر لە ژیاندا چاوی زیاتر کراوەترە لە کەسێکی تری ئاسایی بۆیە زوو ‹‹پەی›› بە شتەکانی دەوروبەری دەبات، چونکە زانیاری و ئەزموونی زۆرتری کردووەو زانیاری زۆرتری لەبارەی شتەکانەوە کۆکردۆتەوە. بەواتایەکی تر ئەو جۆرە قوتابییانەی لەکاتی ئەنجامدانی هەر کارێکی هونەریدا پشت بە ئەزموونی ڕابردوویان دەبەستن بۆ ڕایی کردن و تەواوکردنی کارە هونەرییەکەیان، ئەوا



هەندێك جار لە تابلۆكانیاندا داهێنانی تێدا دەبینین، چونكە زیاد لەپێویست جوانترو نایابتر دەردەكەون لەكارەكانی ئەوانی تر. ئەم قوتابییانە لەكاتی كاركردندا هیچ بەربەستێكیان نایەتەڕێگە، چونكە ئەزموونیان زۆرە. بۆ نموونە، ئەو منداڵانەی لە زارۆخانەوە دێنە قوتابخانە باشترو چالاكترن لەڕووی «كرداری و زارەكییەوە» لەو منداڵانەی، كە نەچوونەتە زارۆخانە، چونكە باشتر ئەزموونیان كردووەو ڕاهێنانیان لەسەر كەرەستەو شمەكەكان زۆرتر كردووە. بۆیە ئەگەر ئەم چالاكییانە بە شێوەیەك لە شێوەكان دووبارەی بكەنەوە بەلایانەوە ئاساییە. ئەوەش بزانە ئاستی كارامەیی هەر كەسێك لەخۆڕا پێش ناكەوێت، بەڵكو پێویستی بە «ڕاهێنان ← ڕاهێزان ← تاقیكردنەوە ← هەیە، ئنجا ئەنجامە كارامەییەكان دەردەكەون». هەروەها بۆ ئەوەی ئاستە كارامەییەكان دانەبەزن و بگەنە ئاستی پەسەند، پێویستە لە ڕاهێنانكردن بەردەوامبین و گەشە بە هەرپێنج هەستەوەرەكان بدەین، تا ئاستی كارامەییەكان بەرزترو بەرزتر دەبنەوە.

## سەرچاوەكانی گوزارشتی هونەری

پێویستە ئەوە بزانین، تا بابەت و بیرۆكەی گوزارشتكردنەكە هەڵقوڵاوی ناخی قوتابییەكان بێت، ئەوا حەزو ئارەزوویان باشتر بۆ كارەكە دەجووڵێت و پێداویستییەكانیان پڕدەكاتەوەو دواتر تێریان دەكات. بۆیە لێرەدا چەند سەرچاوەیەكی گوزارشتكردنی هونەریتان بۆ دەخەینە بەرچاو:

### یەكەم: ڕاستەوخۆ شارەزایی لە دەوروبەریان وەردەگرن:

١. قوتابی بۆ كێشان و دروستكردنی هەندێك شێوەی بەرجەستەو تەختەڕوو هانا بۆ ئەو كەرەستەو شمەكانەی دەوروبەری دەبات، كە لەماڵەوە، یان لە ژینگەی كوردستاندا بەرچاوی دەكەوێت.

٢. قوتابی بیرۆكەی خەیاڵكرد، یان هەستەكی لەڕێگەی بینینی فیلمێكەوە وەردەگرێت بۆ كێشان، یان دروستكردنی كارێكی هونەری. واتە قوتابییەكە سوود لە هەستی بینین وەردەگرێت و بەكاری دەهێنێت، تا كارێكی هونەری پێ ئەنجام بدات.

٣. سوود لە چالاکییە وەرزشی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییانە وەردەگرێت و دەبنە سرووشی کارەکانی و گوزارشتیان پێ دەکات لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە.

٤. سروشت هەوێنی خەیاڵکردن و داهێنانەو بیری منداڵ دەجولێنێ و ئەویش، وەك کەرەستەیەکی خاوی کارکردن سوودی لێوەردەگرێت بۆ کارە هونەرییەکانی.

٥. قوتابی سوود لەو گەشە ئابووری و تەلارسازی و ڕێگاوبانانە وەردەگرێت، کە کوردستان لەم چەند ساڵەی ڕابردوو بەخۆیەوە دیتووە.

٦. سوود وەردەگرێت لەو گەشتانەی، کە خێزانەکەی بەمەبەستی خۆشی و سەردان و گەشتوگوزار سازی دەکات.

٧. سوود لەو بەرکەوتنە وەردەگرێت، کە لەگەڵ ئاژەڵ و باڵندەو گیاندارانی دروستی کردووە.

٨. بۆ گوزارشتکردنی دەربڕینی هونەری قوتابی سوود لەو مێژووە وەردەگرێت، کە میللەتی کورد پێیدا تێپەڕیوە، سەرکەوتنەکان، خۆشییەکان، کەوتن و هەستانەوەکان.

٩. پشت بەو چالاکییە کرێکارییە، یان جوتیارییە دەبەستێت بۆ گوزارشتکردن، کە لەسەرکار، یان لە کێڵگە ئەنجامی دەدەن.

مامۆستای بەڕێز... هەموو ئەوانە سەرچاوەو کەرەستەی گوزارشتکردنی ڕاستەوخۆی قوتابین، کە لە بینگەی دەوروبەریدا هەن و سوودیان لێوەردەگرێت، بۆ گوزارشتکردن بە نیگارکێشانی ئازاد.

## دووەم: خەیاڵکردن:

کەرەستەو بابەتی خەیاڵکردن یەکێکە لەو بابەتە زۆر زیندوانەی، کە قوتابی زۆر حەزی پێدەکات. ئەگەر لە پۆلەکانی یەك و دوو و سێدا هەندێك کارت تێداکردبێت و چیرۆکی خەیاڵیت بۆ قوتابییەکان گێڕابێتەوە، ئەوا بێشك ئەمجارە دەبێت پەرە بەو بیرۆکەیە بدەیت و گەشەی پێبدەیت، تا قوتابییەکان باشترو چاکتر لە بواری جوڵاندنی خەیاڵدا گوزارشت بکەن لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە. واتە چیرۆکی خەیاڵئامێز پڕ لە ورووژاندنەو گۆمی خەیاڵی قوتابی دەشڵەقێنێ. بۆنموونە، لە چیرۆکی مێژووییدا پاڵەوانەکانی دەبنە جێگەی سەرنج و تێڕامانی قوتابییەکان، جا ئەگەر پاڵەوانییەتی

پێشمەرگەیەك بێت، یان سەرکردەیەکی نەبەردو خۆشەویست بێت. هەروەها هەندێك چیرۆك هەن لەڕێگەی زمانی گیاندارانەوە دەگێڕدرێنەوە، وەك: پاشای دارستان شێری بەخشندە، یان مام ڕێوی، کەرویشك و کیسەڵ. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانی زیاترە لەم قۆناغەدا، واتە بۆ منداڵی (١٠ساڵی) گێڕانەوەی بابەتێك لەبارەی گەردوون و گەشتی گەردوون و زانست و تەکنەلۆجیایە، کە زیاتر دەبێتە جێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوەو حەز دەکات لە وێنەکانیدا بەلای زانستی گەردووناسیدا بڕوات. بە واتایەکی تر منداڵ لەم کاتەدا هەستی خەیاڵدانی زۆر پێشدەکەوێت. بۆنموونە ئارەزوو دەکات ببێت بە فڕۆکەوان، یان کەشتییەوان، ئەمەش پێشکەوتنێکی خراپ نییە بۆ ئەم کاتە، چونکە هەروەك لای هەموان ئاشکرایە لە ماڵ و شوێنە گشتییەکاندا زیاتر پیشەی پزیشکی، یان ئەندازیاری زەق دەکرێتەوە، کە ئەوەش خراپ نییە، بەڵام ڕاستیش نییە هەموو قوتابییەکان تێکڕا بچنە کۆلێژی بزیشکی، یان ئەندازیاری، ئەوە دەبێت بۆ قوتابییەکان ڕوونبکرێتەوە، کە هەرپیشەیەو گرنگی خۆی هەیە و پێداویستییەك لە پێداویستییەکانی ژیان پڕ دەکاتەوە.

گرنگی ئەم چیرۆکە خەیاڵکردانەش ئەم سوودانەی دەبێت بۆ قوتابی:

١- بابەتەکانی سەرنجڕاکێش ورووژێنەرە بۆ قوتابی.

٢- بابەتەکانی چێژبەخش و دڵخۆشکەرە.

٣- ڕووداوەکانی دەوڵەمەندن و شارەزایی قوتابی زیاد دەکات.

٤- دیمەن و پێکهاتەو ڕووداوی زۆری تێدایە.

٥- بیر دەوڵەمەند دەکات.

٦- پەیوەندی بە بابەتی وانەکانی ترەوە هەیە.

## سێیەم: بۆنەو جەژنە نیشتمانییەکان:

لەسەر مامۆستای وانەی هونەر پێویستە بۆنەو جەژنە نیشتمانییەکان بوروژێنێت و بیانکاتە بابەتی وانەکەی، چونکە ئەوە ڕوون و ئاشکرایە، کە کوردستان خاوەنی کۆمەڵێك بۆنەی خۆش و ناخۆشی گەورەیە، ئەگەر بۆنەکان بە نموونە وەربگرین، ئەوا دەتوانین دابەشیان بکەین بۆ دوو بەش:

یەکەم: بۆنە خۆشەکان: نەورۆز، بەیاننامەی ١١ی ئادار، ڕاپەڕینە مەزنەکەی ئاداری (١٩٩١)ی کوردستان و سازکردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی یەکەم حکومەتی کوردی، ڕاگەیاندنی حکومەتی کوردستان لە مەهاباد و ئەمەو چەندان بۆنەی گەورەی تر...

دووەم: بۆنە ناخۆشەکان: زۆر گرنگە مامۆستا ئەوە بەبیر قوتابییەکان بهێنێتەوە، کە کورد چەندین نەهامەتی و ناخۆشی و دەردەسەری وماڵوێرانی بەسەر هاتووە، پێویستە مامۆستا ئەم چیرۆکانە بۆ قوتابییەکان بگێڕێتەوەو ئەوانیش لە ڕێگەی کەرەستەی هونەرییەوە گوزارشتی لێبکەن. بۆ نموونە: کارەساتی ئەنفال، کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕوخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محمەد، کۆڕەوە مەزنەکەی کوردستان لە باشوور، سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی شێخ سەعیدی پیران لە باکوری کوردستان، ئەمەو چەندانی تر...

مامۆستای بەڕێز... لێزانی و کارزانی و کارامەیی تۆی هونەردۆست و هونەرمەند لێرەوە دەردەکەوێت، کە تا چەند دەتوانیت چیرۆکەکان بۆ قوتابییەکان بگێریتەوەو کاریگەریت بەسەر هەست و دەروونی قوتابییەکانتەوە هەبێت، تۆش دەبێت لەو ڕوانگەیەوە بۆیان بگێڕیتەوە، کە کوردستان چەندین ساڵە تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی میللەتەکەی بە ئازادی و سەربەرزی بژیت و لەژێر چەوسانەوەی زوڵم و زۆرداری ڕزگاری ببێت.

## چوارەم: بابەتە ژینگەییەکان:

بابەتی ژینگە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پێشخستن و گەشەپێدانی هەستی قوتابی لە پارێزگاری کردن و پاراستنی ژینگەی ماڵ، دواتر گەڕەك، ئنجا شارەکەت، لە پاشانیشدا وڵاتەکەت. واتە قوتابی لەم بابەتەوە فێردەبێت، کە ژینگەپارێزی چەند گرنگە بۆ وڵات و نیشتمان و ڕاستەوخۆش کاریگەری لەسەر هاوڵاتییەکانی دەبێت، جا بە خراپ، یان بە باش. بۆیە لەسەر مامۆستای هونەرە ئەم بابەتە لە وانەکانیدا بورووژێنێت و هەستی قوتابییەکانی بەلادا ڕابکێشێت، چونکە پێویستە هەستی ژینگەپارێزی لە ناخی قوتابییەکانماندا بچێنین و گەشەی پێبدەین، تا هەرنەبێت خاك و ئاوو هەوای وڵاتەکەی خۆشبوێت و پارێزگاری لێبکات، لێرەوە هەستی بەرپرسیارییەتی گەشەدەکات و هەست دەکات کارێکی لەسەرشانەو پێویستە ڕایبەڕێنێت، یان جێبەجێی بکات. بۆ نموونە:

١- ڕێکخستن و پوختەکردنی کەنار ڕووبارو چەم و ئاوەکان.

٢- ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە پارێزگاریکردن لەو چەم و ڕووبارو سەرچاوە ئاویانەوە هەیە، کە لە کوردستاندا هەن.

٣- ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە خزمەتگوزارییە ژینگەییەکانەوە هەیە و گەشەیان پێ بدرێت.

٤- ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ئاستی جوانکاری و ڕێکخستنی باخچەکانی سەرشەقام و کوچەو کۆڵانەکانەوە هەیە. هەروەها دروستکردنی ئەو تەلارو کۆشکانەی لەڕووی ئەندازیارییەوە کاریگەریان بەسەر ژینگەپارێزییەوە هەیە.

٥- ئەو بابەت و بیرۆکانەی پەیوەندیان بە جوڵەی هاتووچۆی ناوخۆییەوە هەیە.

٦- ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە فڕگە (فڕۆکەخانە)و فڕۆکەوە هەیە.

٧- ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە دەشت و چیاو دۆڵ و شاخەکانەوە هەیە.

٨- ئەو بابەت و بیرۆکانەی پەیوەندیان بە کاری هەرەوەزییەوە هەیە.

٩- ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ژینگەوە هەیە لە وانەکانی تری خوێندندا، وەك: کشتوکاڵکردن، باخداری، ژینگەی دارستانەکان، ژینگەی بەفراوی.

لە ڕاستیدا، ئەگەر مامۆستا ئەو بابەتانە لە وانەکەیدا باس بکات، ئەوا بێگومان دەبنە جێگەی سەرنج و تێڕامانی قوتابی و یەکێك لەم بابەتە ژینگەییانە هەڵدەبژێرێت بۆ گوزارشتکردن، بۆیە لەسەر مامۆستای هونەرە ئامانجەکەی دیاری بکات و ئەو کەرەستەو پێداویستییانە دابین بکات، کە پێویستن بۆ گوزارشتکردن. هەروەها لەسەر مامۆستایە، کە پێشینەیەکی بیرخستنەوە بخاتە بەردەم قوتابییەکان و بیریان بخاتەوە لەسەر ئەو وانەیەی لە ساڵی ڕابردوودا خوێندوویانە لەبارەی شێوە ڕووتەختەکان و شێوە بەرجەستەکان، بە واتایەکی تر قوتابی دەتوانێت لەڕێگەی هەویرکارییەوە شێوەی شاخ و دۆڵ و نشێوەکان دروست بکات و پاشان لەڕێگەی کەرەستەو شمەکی ترەوە درەخت و بابەتەکانی پیشان بدات، بۆنموونە: بۆ درەخت دەتوانێ چیلکەدارێك و بۆ سەوزایی پارچە قماشێکی سەوز و بۆ ئاویش هەویری ڕەنگ شین بەکاربهێنێت، ئەمەش دەچێتە چێوەی لێکبەستن و پێکگرتنەوە و قوتابییەکە دڵخۆش دەکات. لە هەمانکاتیشدا قوتابییەکان دەتوانن بۆ دروستکردنی هەر شێوەو بابەتێکی ژینگەیی هانا بۆ کەرەستەی بەرجەستە بەرن، ئەمەش وەك لێکنزیکردنەوەی قوتابییەکان لە کەرەستە ژینگەییەکان، بۆنموونە: دەتوانن بۆ دروستکردنی شاخ لەبری هەویر هانا بۆ تاوێری وردو بچووك بەرن و بیلکێنن بە هەویرەکەوە، تا شێوەکە ڕاستەقینەتر دەرکەوێت و بەهای جوانی زۆرتر دەبێت و ئاستی جوانناسی قوتابییەکانیش پێشدەوکەوێت و بیرۆکەی نوێ لە خەیاڵدەگرن.

## چالاکی:



داوا لە قوتابییەکان بکە، ئایا دەتوانن لە کەرەستە بێکەڵکەکانی ماڵەوەیان (یاری، داتاوازی[1]، فیلمە خەیاڵییەکانیان،...) چەند وێنەیەك، یان چەند کەرەستەیەکی هونەری دروست بکەن، یان بکێشن؟ هانیان بدە لە ماڵەوە چەند کارێکی دڵخوازانە[2] ئەنجام بدەن، پاشان دوای تەواوکردنی لەگەڵ خۆیان بیهێنن بۆ قوتابخانە. پێویستە مامۆستا کات بدات بە



قوتابییەکان جار جارەش لێیان بپرسێتەوە کە چیان کردووە؟ ئەگەر پێویستیان بە هەر سەرنج و پێشنیارێك بوو هانی قوتابییەکان بدات، کە لە چ شوێنێك گیریان خواردووە؟ مامۆستا ئاگادار بکەنەوە.





(١) داتاوازی: Computer Game، گەمەی جۆراوجۆری ئەلەکترۆنی (یاری کۆمپیوتەری).

(٢) دڵخواز: لەبری دەستەواژەی ‹‹خۆبەخش›› دانراوە، چونکە مرۆڤ خۆی نابەخشێت، بەڵکو دڵخوازانە و بە ویستی خۆی کارێك ئەنجام دەدات.

# تەوەری سێیەم



# ڕاڤەکردن و ڕەخنەی هونەری

**تەوەر: ڕاڤەو ڕەخنەی هونەری**

**بابەت: وەستان و گفتوگۆکردن لەسەر ناوەرۆك و پێکهتەکانی کاری هونەری.**

**بەشەوانە: هەوڵبدە هەفتەی جارێك، یان مانگی چەند جارێك ئەم گفتوگۆیە ساز بکەیت.**

---

**مامۆستای بەڕێز، هەوڵبدە بەشێك لە کاتی وانەکە تەرخان بکەیت بۆ گفتوگۆی هونەری لە نێوان خۆت و قوتابییەکان و قوتابییەکان لەگەڵ یەکتریدا. ئەم گفتوگۆ هونەرییەش با لەسەر شێوازی کارکردن و کەرەستەو ڕەنگی بەکارهاتوو بێت لە تابلۆکەدا، ئێمەش شێوازی خستنەڕووی وانەکەت بۆ ڕووندەکەینەوە.**

## سەیربکەو جیاوازی بکە Look and Compare

**مامۆستا دوو تابلۆی دوو هونەرمەندی کورد ئامادە دەکات لە هۆڵی فرەمەبەست، یان لەپۆلدا، بەومەرجەی بابەتی هەردوو تابلۆکە لەیەکەوە نزیك بێت، دواتر مامۆستا ناوی هونەرمەندەکەو ساڵی کێشانی بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوەو زانیاری پێویست لەسەر هەموو پێکهاتەی ناو تابلۆکە بۆ قوتابییەکان شیدەکاتەوە، ...**

- ✓ **دوو بازنەی گەورەی یەکتر بڕ لەسەر وایتبۆردەکە بکێشە، وەك ئەو دوو بازنەیەی لە پەڕەکەدا کێشاومانە.**
- ✓ **لە هەر بازنەیەکدا ناوی تابلۆیەکە، یان بابەتی تابلۆکە بنووسە.**
- ✓ **لە سەرەوە ناونیشانێك بنووسە، کە شیاوبێت بۆ بابەتی هەردوو تابلۆکە.**
- ✓ **گرنگی ئەم شێوازی ڕوونکردنەوەیە بۆ قوتابییەکان باس بکەو پێیان بڵێ، کە ئەم شێوە ڕوونکارییە هاوکاریان دەکات بۆ دەرخستنی شتە لێکچووەکان و لێکجیاوازەکان لە نێوان هەردوو تابلۆکەدا.**
- ✓ **داوا لە قوتابییەکان بکە، تا لە تابلۆکە ڕابمێنن و شتە جیاوازو لێکچووەکان دیاری بکەن.**
- ✓ **داوایان لێبکە لەکاتی ڕاڤەکردندا دەستەواژە هونەرییەکان بەکاربهێنن و سوود لە وانەکانی ڕابردوو وەربگرن، وەك: ‹‹پێکهاتەکانی نەخشەسازی، بنەماکانی نەخشەسازی، ڕازاندنەوە، پلەی ڕەنگی، ڕەنگی نەرمونیان (نەرمکێش)...››**

✓ پەڕەیەك دابەش بکە بەسەر قوتابییەکاندا، تا دواتر گفتوگۆ لە بارەی بابەتەکەوە بکەن و پاشان هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجام بدەن.






تابلۆی هونەرمەندی کورد لالە عەبدە



تابلۆی هونەرمەندی کورد ئازاد شەوقی

بۆنموونە:

ئەم دوو تابلۆیە کێشراوی دوو هونەرمەندی هاوچەرخی کوردن:

١- ئازاد شەوقی

٢- لالە عەبدە

ئەو زانیارییانەی قوتابییەکان لە ڕابردوودا کۆیانکردۆتەوە لەسەر بنەماو پێکهاتە هونەرییەکان، ئەوا لە ڕێگەی جیاکاریەوە مامۆستاو قوتابییەکان پێکەوە گفتوگۆ دەکەن لەسەر بابەتی ناو تابلۆ-

هونەرییەکە و لەسەر ناوەرۆك و پێکهاتەکەی دەوەستن و لایەنە لێکچوو و جیاوازەکان بە دیدێکی ڕەخنەگرانە لە نێوان خۆیاندا ڕاڤە دەکەن.

## یەکەم: ڕووە لێکچووەکە:

لە هەندێك پێکهاتەی ناو تابلۆکەدا دەیاندۆزینەوە:

١. ڕەنگە ساردەکان زاڵن بەسەر ڕووی هەردوو تابلۆدا.
٢. بیرۆکەی هەردوو تابلۆکە شێوەو بابەتی سروشتە و کاتی ڕۆژ پیشان دەدات.
٣. خانوو لە هەردوو تابلۆکەدا هەیە.
٤. شێوازی پلەی ڕەنگی لە هەردوو تابلۆکەدا بەکارهاتووە.

## دووەم: ڕووە جیاوازەکان:

### تابلۆی هونەرمەند ئازاد شەوقی:

١. چەندین هێڵی خوارو چەماوە (لە خوارو سەرەوە) لە خۆدەگرێت.
٢. گوزارشت لە وەرزی زستان دەکات و بەفر باریوە.
٣. ژمارەی درەخت و خانووەکان زۆرن.
٤. ڕەنگی خانووەکان گەرمن.
٥. پلەی ڕەنگی شین زاڵە بەسەر تابلۆکەدا.

### تابلۆی هونەرمەند لالە عەبدە:

١. چەندین هێڵی ڕێك و ئەندازەیی لەخۆدەگرێت (خانووەکان).
٢. گوزارشت لە وەرزی بەهار دەکات و سەوزایی بەدەرکەوتووە.
٣. هیچ دارێکی تێدا نییەو لەبری ئەوە شێوەی چەند مرۆڤێك دیارە.
٤. ژمارەی خانووەکان کەمن.
٥. پلەی ڕەنگی سەوز زاڵە بەسەر تابلۆکەدا.

مامۆستای بەڕێز... لێرەوە ئەرکی بەڕێزتان دەستپێدەکات و پێویستە پرسیارەکانت ئاڵۆزنەبێت و لەئاست توانای بیرکردنەوەو زانیارییەکانی قوتابییەکاندا بێت. واتە هەوڵبدە لە خستنە ڕووی پرسیارەکاندا ئەوەت یەکلا کردبێتەوە، کە بزانیت قوتابییەکان چ وانەیەك و بابەتێکیان خوێندووە لە

ڕابردوودا (پۆلەکانی پێشووتر)، بۆیە کاتێك لە بابەتەکان ڕامایت، ئنجا پرسیارەکان پێشوەختە ئامادە بکەو سەرنجی قوتابییەکان بۆ لای بابەتی ناو هەردوو تابلۆکە ڕابکێشە، بە تایبەت بۆ:

- ڕەنگ و پلەی ڕەنگی.
- بابەتەکانی ناو تابلۆکە.
- کەرەستەو شمەکی بەکارهاتوو چییە؟
- ئەگەر سەرەتا چەند قوتابییەك ڕاسپێریت باسی ناوەڕۆك و پێکهاتەی ناو تابلۆکە بکەن زۆر باش دەبێت، چونکە دەروازەی کردنەوەی گفتوگۆکان دەبێت و دەستپێکێکی ورووژاندنی باش دەبێت بۆ قوتابییەکان.

## ئامانج و توانستە پیشەکییەکان

لە قۆناغەکانی خوێندندا پیشەو کاری ئامانجی پەروەردەیی جێگیرەو بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی پێویستن ئامانجەکانیش بەپێی پێداویستییە پەروەردەییەکان گۆڕانکارییان بەسەردادێت. واتە بۆ جارێکی ترو بەپێی پێویستی دەتوانین ئامانجەکانمان ڕێکبخەینەوە، بەمەبەستی دووبارە بنیاتنانەوەی ڕەفتارو زانیارییەکانی قوتابییەکان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بواری چالاکییە پەروەردەییەکانەوە هەیە لە قۆناغەکانی فێرکاریدا. کەواتە بە پشتبەستن بە:

- قوتابی ڕابهێنرێت لەسەر ئەوەی ڕاستەوخۆ سەیری تابلۆ بکات و بتوانێت ئاستی خەیاڵکردنی بەرەو پێشەوە بەرێت.
- هەستکردن بەو بەها جوانانەی، کە لە ژینگەی دەوروبەریدا هەیە و پاشان بیروبۆچونی خۆی لەسەر دەربڕێت لە ڕێگەی گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە بە شێوەیەکی ڕێزدار لەگەڵ یەکتریدا.
- قوتابی لەڕێگەی ئەو بەها جوانانەی، کە لە سروشتدا هەیە گوزارشتیان لێدەکات بەهۆی هێڵ و ڕەنگ و کەرەستەخاوە جۆراوجۆرەکانەوە.
- ڕاهێنانی قوتابی لەسەر سەرنجدان و تێبینیکردنی ئەو سیستەمەی شێوەهەڵچنراوەکانی لەسەر بنیاتنراوە لە سروشتدا. (تاوێرە بەردەکان).
- هاندانی قوتابی لەسەر کاردەستی و گوزارشتکردن بە کەرەستەو شمەکی جۆراوجۆر، کە لەسروشتدا بەردەست دەکەون. هەروەها پاشان دەتوانێت ئەو

کەرەستانەی پێدروست بکات، تا پێداویستی و داخوازییەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە.

- ناساندنی چەندین هونەرمەندی کورد و جیهانی و پیشاندانی کارە هونەرییەکانیان لەڕێگەی سەردان، یان تابلۆ، یان پێشانگە، یان وێنە، بەم کارە بەهاکانی هونەری لا گەورەترو جوانتر دەبێت.
- وروژاندنی خەیاڵی قوتابی، تا هاوکاری بکات بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی بینین و دواتر سوودی لێدەبینێتەوە لە گوزارشتکردنە هونەرییەکانیدا.

## جێبەجێکردنی پرۆگرام

لەسەر دوو ئاستدا پرۆگرامەکە جێبەجێ دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە:

### یەکەم: ناوەڕۆکی ڕۆشنبیری

- لە ڕوانگەی هونەرییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ ژینگەو سرووشتدا پەیدا دەکات.
- ئاشناکردنی قوتابی بە پێکهاتە و بنەما هونەرییەکان لە ڕێگەی ژینگەی دەوروبەرییەوە.
- ئاشناکردنی بە هەندێك کاری لێکبەستن و هەڵچنین (دووبارەبونەوە، شێوە، هاوسەنگی لە نێوان شێوەو باکگراوندا).
- ئاشناکردنی بە هەندێك کاری ڕەنگکاری (ڕەنگە سەرەکییەکان، ڕەنگە گونجاوەکان، ڕەنگە تەواوەکان، پلە ڕەنگییەکان).
- ئاشناکردنیان بە هەندێك شێوازی ڕەنگکردن و چاپکردن (پەنجەمۆر، مۆنۆتایپ، هەڵکۆڵین و ڕنین و پاشان لەبەرگرتنەوەو چاپکردن).
- ئاشناکردنیان بەو کەرەستەو شمەکانەی لە بواری چاپکردندا بە کاردەهێنرێن.
- ئاشناکردنیان بەو شێوانەی، کە چۆن چاپکردنی دووبارە ئەنجام دەدەنەوە لە ڕێگەی چاپکردن و پەنجەمۆرو هەڵکۆڵینەوە.
- ئاشناکردنیان بە هەندێك کاری هونەری، کە بە ڕازاندنەوە دەورەدراون.

- بەدەستهێنانی کارامەیی هونەری و توانستی زۆر، کە دەیانگەیەنێتە ئاستی کارباشی(*).
- لەڕێگەی پشتبەستن بە بەها و بنەما هونەرییەکان نمایشکردنی هەندێك لە کارە هونەرییەکان ئەنجام دەدەین.
- دواتر لە هەندێك کاری کارامەیی هونەری تێدەگات و کاتی بێکاری بە شتی بەکەڵك و بەسوود پڕدەکاتەوە.

## دووەم: ناوەرۆکی زانستی:

- ئاستی بینینی هونەری ڕابهێنین بە جیاوازی هەموو شێوەو ڕووگە جۆراوجۆرەکانییەوە، تا لە سروشتدا ئاستی خەیاڵکردن بەرەو پێشەوە بەرین.
- ڕاهێنانکردن لەسەر گوزارشتکردن و بەها جوانەکانی سروشت لە ڕێگەی پێکهاتەی هونەرییەوە.
- خۆڕاهێنان لەسەر ئەوەی چۆن شێوە سروشتییەکان بگۆڕین بۆ یەکەی ڕازاندنەوە. واتە بە نەخشونیگار بیانخەینە ڕوو لە یەکەیەکی ڕازاندنەوەدا.
- خۆڕاهێنان لەسەر شێوازی هەڵچنین و سوود وەرگرتن لە نەخشەسازی ڕازاندنەوە، تا هەڵچنینەکە لە ڕێگەی (دووبارەبونەوە، شێوە، هاوسەنگی لە نێوان شێوەو باکگراوندا) ئەنجام بدەین.
- خۆڕاهێنان لەسەر کرداری ڕەنگکاری (پلەی ڕەنگی، گونجاندنی ڕەنگی، ڕەنگکردنی تەواو).
- خۆڕاهێنان لەسەر ڕەنگکردن و چاپکردن، کە بگونجێت لەگەڵ گەشەی تەمەنی منداڵەکان. (بزانە منداڵی ١٠ساڵ پێویستی بەچییە؟ چۆن کار بکات؟).
- خۆڕاهێنان لەسەر چۆنییەتی تێکچڕژاندن و تێکەڵکردنی ڕەنگەکان و دروستکردنی ڕەنگی نوێ و جۆراوجۆر لەڕێگەی ڕەنگکردن و چاپکردنەوە.

---

(*)کارباشی: ‹‹کاری– باش›› بەو کەسانە دەگوترێت، کە لە ئەنجامدانی کارەکەیاندا گورج و گۆڵن و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و خێرا کارەکە ڕادەپەڕێنن. واتە شێوازی جێبەجێکردنەکەیان زۆر باش بووە. ئەم وشەیە لەبری وشەی (حسن الأداء) ی عەرەبی بەکارهێنراوە.
– (د.قادر حسێن) یش پێی وایە وشەی ‹‹کارامە››ش بۆ ئەم جێگە بەکاردەهێنرێت.

- خۆڕاهێنان لەسەر بەكارهێنانی هەندێك شێوازی چاپكردن (پەنجەمۆرو هەڵكۆڵین). هەروەها چەندین شێوازی دووبارەبونەوە.
- خۆڕاهێنان لەسەر هەندێك شێوازی پێچانەوەو لولدان و قەدكردنی هەندێك كەرەستەی جۆراوجۆری ڕەنگكراو، تا شێوەیەكی هونەری وەربگرێت (قوماش).
- ماموٚستا كەرەستەو شمەكەكانی كاركردن بە بەردەوامی چاكبكاتەوەو بە پاكی ڕایانبگرێت، تا دووبارە بەكاربهێنرێنەوە.

ئەم خۆڕاهێنانە باشترین هەلە بۆ ماموٚستاو قوتابییەكان، تا هەلبڕەخسێنن بۆ یەكتری و لێكتێبگەن و لەگەڵ یەك پێكەوە كاربكەن لە بواری هونەری و سوود بەیەك بگەیەنن و ئەنجامی باش بەدەستبهێنن، پاشان هەموو پێكەوە لە وانە كردارییەكەدا كاتێكی خۆش بەسەر دەبەن.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** بەمەبەستی دیاریكردنی ئاستی توانستە هونەری و كۆمەلاّیەتییەكان.

**ئامانجی فێركاری:** خەیاڵكردن، گوزارشتكردن، بیرۆكەی نویّ، ڕەخنەی هونەری

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** خشتەی هەڵسەنگاندن

| ژمارە | ڕەگەزەكانی جێبەجێكردن | باش | زۆرباش | نایاب |
|---|---|---|---|---|
| ١ | توانای بیركردنەوەو خەیاڵكردنیان گەشەی كردووە. | | | |
| ٢ | زوو لە مەبەستەكە تێدەگەن. | | | |
| ٣ | هاوسەنگی لە نێوان گەشەی لەشەكی و عەقڵییاندا هەیە. | | | |
| ٤ | دەتوانن بیّ هاوكاری ماموٚستا كار بكەن. | | | |
| ٥ | لەگەڵ هاوڕێكانیاندا هاوكاری پێشكەش بە یەكتر دەكەن. | | | |
| ٦ | كارەكانیان پاكوخاوێنە. | | | |
| ٧ | سەرنج و تێبینییەكانی ماموٚستا بەهەند وەردەگرێت. | | | |
| ٨ | كەرەستەو پێداویستییە خاوەكان ئامادە دەكەن. | | | |
| ٩ | لەكاتی كاركردندا ڕەچاوی كات دەكەن. | | | |

# تەوەری چوارەم



تابلۆی کەزی محەمەد

# نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری

**تەوەر: نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری**

**بابەت: گەشەپێدانی بینگەی هونەری**

**کاتی دیاریکراو: بەسەر وانەکاندا دابەشکراوە**

---

مەبەستمانە لەڕێگەی لەم تەوەرەوە قوتابی ڕابهێنین، تا لەڕێگەی بینین و خەیاڵکردن و سەرنجدانەوە گوزارشت بکات. واتە سەرنجدانێکی قووڵ بۆ هەموو ئەو شتانەی، کە لە دەوروبەریدا هەیە لەڕێگەی بینینەوە هەستیان پێبکات و بیری بجوڵێنێت، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردن و گەشەپێدانی شێوازی کارکردن و پێشخستنی کارامەییە خۆییەکانی لە ڕێگەی نیگارکێشان و دەربڕینی هونەرییەوە. هەموو ئەوانەش بەهۆی ئەو هێماو شێوانەوە دەردەبڕێت، کە لە تابلۆکەدا نەخشاندوونی و گوزارشتی پێ کردوون. هەروەها لەگەڵ هەموو ئەم دەربڕینانەشدا، وەك هەرتاکێکی ناو کۆمەڵگاکەی کاریگەری پاشخانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیریش کاری خۆی لە قوتابییەکە دەکات، بە تایبەت هاوبەشیکردن لەگەڵ خەم و خۆشییەکانی کۆمەڵگەدا، چونکە بۆخۆی تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەیە و لە نزیکەوە هەست بە ئازارو خۆشییەکانی دەکات.

لەم ڕووەشەوە گەشەپێدانی بینینی هونەری لەسەر سێ بنەما بەندە، ئەوانیش:

**یەکەم: بینین، یان ڕوانین:**

ڕوانین بۆ هەموو ئەوانەی لە ژینگەی دەوروبەرماندا هەیە، ئەم ڕوانینەش بەهۆی شتێکەوەیە، کە بە یەکەم سەرنجدان و لێڕوانینی بۆ لای خۆی هەستی بینینمان بۆ لای خۆی پەلکێش دەکات.

**دووەم: خەیاڵکردن:**

ئەمەش بەدەستدێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەم ڕوانین و بینینەی ڕوویداوە، بۆیە لە یەکەم نیگاوە سەرنجەکان دەچنە سەر شتە وردەکان لە ڕێگەی تێبینیکردنی بەشەکانی ناو شێوەکە بە هۆی خاڵ و هێڵ و پانتایی و ڕەنگەوە.

**سێیەم: چێژوەرگرتن:**

ئەوکاتەیە، کە هەستی بینین و لێڕوانین بەهۆی کارلێکی دەرەکییەوە لەگەڵ هەستە خۆییەکاندا کارلێکدەکات، بەهۆی بینینی ئەو شێوانەی لە ژینگەی دەوروبەردا بینراوە، جا ئەم شتانە دەرەختێك، یان کۆمەڵێك پێکهاتەی دروستکراوبێت، وەك ئۆتۆمۆبیل، خانو، یان هەرشتێکی سرنجڕاکێش....

بۆیە گومانی تێدانییە لێکبەستنی هەرسێ قۆناغەکە پێکەوە هاوکاری لە گەشەپێدانی توانای بینین و لێڕوانین دەکات، کە لە ژینگەی دەوروبەریدا هەستی پێکردووە.

هەروەها لەڕێگەی دەربڕینخوازیشەوە قوتابی هەوڵدەدات بەپێی شتە بینراوە ڕاستەقینەکان گوزارشت لەو شتانە بکات، کە لە دەوروبەردا هەیە ، چونکە قوتابی لەم قۆناغەدا زۆر سەرسامە بە شتە بەرجەستەکان و بیر لە دووری و نزیکی و گەورەو بچووکی شتەکان دەکاتەوە لە ڕووی ڕووانگەییەوە(*) و قوتابییەکانیش هەندێك لە یاساکانی ڕوانین فێردەبن و تێدەگەن. بۆ نموونە: ئەوەی لە پێشەوەیە دەبێت گەورەو ئەوەی دووریشە پێویستە بچووك بکێشرێت.



لەم وێنەیەدا قوتابی ‹‹ڕاز کامەران›› مرۆڤەکانی
پێشەوەی گەورەو ئەوەی دواوەشی بە بچووکی کێشاوە.

---

(*) ڕوانگە: لەبری وشەی (منظور) ی عەرەبی دانراوە. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی خاڵدا لا(٢٢٠)دا لەبارەی ڕوانگەوە دەڵێت: جێگایەکی تایبەتە، کە بە ئاسانی مانگی یەك شەوەو ئەستێرەی تێدا بدۆزرێتەوە. واتە ئەو شوێنەی لێی وەستاوین بۆ ئەو شوێنەی لێی دەڕوانین.

## پێکهاتەو بنەماکانی نەخشەسازی

کاری هونەری بە هەموو جۆرەکانییەوە پشت بە دوو لایەنی بنەڕەتی دەبەستێت، ئەوانیش مادی و هەستین:




**لایەنی مادی:**

نوێنەری پێکهاتەکانی نەخشەکێشان دەکات، وەك: خاڵ، هێڵ، ڕەنگ، ڕووگە، پانتایی و هەموو ئەو شتە هەستپێکراوانەی، کە لە ڕووگەدا دەبینرێن و هەستیان پێدەکرێت لە کارە هونەرییەکەدا.

**لایەنی هەستی:**

بریتییە لەو یاساو بنەمایانەی، کە بە شێوەیەکی گشتی نەخشەسازی لەسەر بنیات دەنرێت لە سەنگینی و یەکێتی و ڕیتم... لەگەڵ هەموو ئەو بنەمایانەی، کە دەتوانین هەستیان پێبکەین لە کاری هونەریدا.




وەك دەبینرێت هەردوو لایەنەکە تەواوکەری یەکترین، بۆیە بەکەموکورتی هەریەکێك لەم خاڵانە کارەهونەرییەکە ناهاوسەنگ دەبێت. کەواتە بە پەیڕەوکردنی هەردوو لایەن لە کارەکەدا تابلۆیکی هونەری سەنگین و سەرکەوتوو دەنەخشێنن.

# پێکهاتەکانی نەخشەکێشان

هەرچەندە لە پەڕتووکی پەروەردەی هونەر بۆ منداڵی زارۆخانە – تەوەری دووەم – لە تەوەری یاریکردن لە نێوان خاڵ و هێڵ و ڕەنگدا باسێکمان دەرخستووە، بەڵام لێرەدا پۆلێنکردنەکە بە زانستی پیشان دەدەیت و تۆش بەوردی لێی ڕابمێنە.

پێکهاتەکانی نەخشەکێشان بریتییە لەو یەکانەی، کە هونەرمەند پشتی پێدەبەستێ بۆ کاری هونەری و نەخشەکێشان. کەواتە پێکهاتەکانی نەخشەکێشان، یان شێوەکاری پێکەوە بە شێوەیەکی نەرمونیان تێکگیردەبن و پاشان شێوەیەکی هونەری تەواو جوان پێشکەش دەکەن:

## یەکەم: خاڵ Dot

خاڵ لە ڕووی ئەندازەییەوە ڕوتکراوەتەوە لە درێژی و پانی و قەبارە و بنەمایەکی سەرەکیشە بۆ بنیاتنانی هێڵ و دروستکردن، یان کێشانی شێوەیەک.

دەتوانین سوود لە خاڵ وەربگرین بۆ دروستکردن و کێشانی شێوەی هونەری و نەخشەسازی و ڕازاندنەوە لە ڕێگەی ڕیزکردنی یەکلەدوای یەکی هاوشێوەدا. هەروەها بەکارهێنانی خاڵ بۆ کاری نەخشەسازی و ڕازاندنەوە ئاستێکی جوانکاری بەرزمان بۆ دەردەخات و دەتوانین بەو ئاستەش بگەین لە ڕێگەی:

- جیاواز دەرکەون لە یەك نەخشەسازیدا.
- لە قەبارەدا جیاوازبن.
- لە ڕەنگدا جیاوازبن.
- دووری نێوان خاڵەکان جیاوازبن.
- باکگڕاوندی ڕووگە کاریگەری دەبێت لەسەر خاڵەکان.



## دووەم: هێڵ Lines

هێڵ بە هۆی گەیاندنی دووخاڵ، یان زیاتر دروست دەبێت، جا ئەو خاڵانە یەك لەدوای یەكبن، یان پێكەوەنووسابن. كەواتە ئەگەر خاڵەكان بەرەو كوێ بڕۆن؟ ئەوا هێڵەكانیش ئاڕاستەیان بەرەو ئەو ڕووە دەبێت. وات هێڵ لە ژێر كاریگەری خاڵدایە، ئەوە خاڵە ئایندەی هێڵ دیاریدەكات.

## هێڵەكان دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

### ١– هێڵە سادەكان

أ– هێڵە ڕێكەكان: هێڵی ئاسۆیی، هێڵی ستوونی، هێڵی لار.

ب– هێڵە ناڕێكەكان: هێڵە چەماوەكان، هێڵە كەوانییەكان، هێڵە داخزاوەكان.

### ٢– هێڵە ئاوێتەییەكان

أ– لە سەر بنەمای هێڵی ڕێك دانراوە: هێڵی شكاوە، هێڵی سەربەرانبەر، هێڵی هەڕەمەكی.

ب– لەسەر بنەمای هێڵی ناڕێك دانراوە: هێڵی ئاڵۆزكاو، هێڵی لولپێچی، هێڵی زەمبەلەكی.

ت– لەسەر بنەمای هێڵی ڕێك و ناڕێك و تێكەڵە دانراوە: هێڵی بادراو، هێڵی خاڵەكوتە، هێڵی یەكتربڕ، هێڵی تێكچڕژاو، هێڵی پچڕپچڕ، هێڵی ئازاد، هێڵی پێكڕاگەیشتوو، هێڵی ئەندازەیی، هێڵی ڕووبەڕوو.



وێنەی هەندێك لە هێڵە جۆراوجۆرەكان

## سێیەم: ڕەنگ Color

ئەگەر لە کونێکەوە تیشکی ڕۆژ بێتە ژوورێکی تاریکەوەو بەر شوشەیەکی ئاوێزە بکەوێت، ئەوا تیشکەکە شیدەبێتەوەو لە شەپۆلێکی پێچەوانەدا بە شێوەی گورزە ڕەنگ دەردەکەوێت، وە ئەگەر هەمان گورزە تیشکە ئاڕاستەی دیوارەکەی بکەین، دەبینین لە سەرەوە ڕەنگی وەنەوشەیی، دواتر نیللی و شین و سەوزو زەرد و پرتەقاڵی و سوور دەردەکەون، ئەم ڕەنگانە هەمان ئەو ڕەنگانەن، کە لە وەرزی بەهاردا لە کاتی بارانبارین و دوای هەورو ساماڵ لە شێوەی ‹‹پەلکەزێرینە›› دەردەکەون.

## ڕەنگە بنەڕەتییەکان:

لەم ئەزموونکردنەدا بازنەی ڕەنگەکانی پێناساندین، کە ئەوانیش لە سێ بەش پێکدێن:

یەکەم: ڕەنگە ناوەندییەکان، یان دووانییەکان:

دەتوانین لە ڕێگەی تێکەڵکردنی دوو ڕەنگی بنەڕەتییەوە ڕەنگێکی ترمان دەستدەکەوێت:



زەرد + سوور = پرتەقاڵی

شین + زەرد = سەوز

شین + سوور = وەنەوشەیی

دووەم: ڕەنگە سیانییەکان:

ئەو ڕەنگانە دەگرێتەوە، کە لە نێوان ڕەنگە ناوەندییەکان و ڕەنگە بنەڕەتییەکاندا دەمێننەوەو لە بازنەی ڕەنگیدا خۆیان جێگیر دەکەن، ئەوانیش شەش ڕەنگن:




پرتەقاڵی + زەرد = پرتەقاڵی کاڵ

پرتەقاڵی + سوور = پرتەقاڵی تۆخ

سەوز + زەرد = سەوزی کاڵ

سەوز + شین = سەوزی تۆخ

وەنەوشەیی + سوور = وەنەوشەیی تۆخ

## ڕەنگە بێلایەنەکان:

بریتین لە ڕەش و سپی. لە بواری فیزیکیدا بە دیاردە ناودەبرێن. واتە ‹‹شەوو ڕۆژ، یان ڕووناکی و تاریکی››. بە تێکەڵکردنی هەردووکیان ڕەنگی ڕەساسیمان بۆ دەردەچێت بە پلەی جیاواز. ڕەش و سپی بە ڕەنگە بێلایەنەکان ناودەبرێن و ناچنە باوەشی هیچ کام لەم گروپانەی ترەوەو هەوڵدەدەن لەگەڵ هەریەکێکیاندا خۆیان بگونجێنێن.

## ڕەنگەکان دابەش دەبن بەپێی سروشت و ڕوخساری دەوروبەرمان:

ئەمە بەهۆی کاریگەری ڕەنگ لەسەر دەروون و ئاکارمان ڕوودەدات، هەروەك لە ڕابردوودا باسمان کرد ڕەنگە گەرمەکان، گەرمیمان پێدەبەخشن و ڕەنگە ساردەکانیش، فێنکمان دەکەنەوەو ئاسوودەبەخشن، جا کاریگەری هەریەکێك لەم دوو جۆرە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر سروشتی مرۆڤەکان بەجێدەهێڵێت بەپێی سروشتی مرۆڤەکە. واتە مرۆڤ هەیە ئارەزووی هاوین دەکات و هەشە حەز بە زستان دەکات.

### ڕەنگە گەرمەکان:




بە ڕەنگە ئاڵتونییەکان ناودەبرێن، هەروەها بە گەرمکەرەوەکانیش بانگدەکرێن، ئەم ڕەنگانە ڕەنگدانەوەی ڕۆژ و ئاگرن، کە هەست بە گەرمی و گەرمبوونەوە دەکەین.

ئەوانیش سروش لە ڕەنگی سوور وەردەگرن، کە لەهەموو ڕەنگەکانی تر گەرمترە و پاشان بەلای پرتەقاڵیدا ڕەت دەبێت و دواتر بەلای زەردێکی سەوزباودا لە بازنەی ڕەنگیدا خۆی جێگیر دەکات.

### ڕەنگە ساردەکان:

بە ڕەنگە زیوینییەکان ناودەبرێن و بەرکەوتەی لەگەڵ ڕەنگی ئاسمان و دەریاکاندا هەیە.

ئەوانیش سروش لە ڕەنگی زەردێکی سەوزباو وەردەگرن، کە دوا ڕەنگی بازنەی ڕەنگییە لە زنجیرەی ڕەنگە گەرمەکاندا و سەرەتاو دەستپێکی ڕەنگە ساردەکانە.

## دابەشکردنی ڕەنگی بە پێی ئاست و کاریگەری لەسەر بینەر

**ڕەنگە نەرمونیانەکان، یان ڕەنگە گونجاوەکان** Harmonic Colours



Harmonic Colours

گونجاندن دیاردەیەکی فسیۆلۆجییەو جۆرێکە لە هەستکردن بە ئاسوودەیی و خۆویستی، وەك پەرچەکردارێك لە بەرانبەر ئەو ڕەنگە جوان و سەرنجڕاکێشانەدا دەنوێنرێت، کە لە سروشتدا، یان لە تابلۆیەکی هونەریدا تێکچڕژاون، یان تێکەڵبوون و لە کاتی بینینیدا مرۆڤ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی و جۆرێك لە دڵخۆشی دەکات.

## لەبەر ئەوە گونجاندن لە ڕێگەی دوو بنەمای سەرەکییەوە بەدەست دێت:

### ١: دیاردەی ڕەنگڕێکی:

ڕەنگڕێکی جۆرێکە لە گونجاندنی ڕەنگ لەگەڵ یەکتریدا، بەتایبەت لە کاری هونەریدا، ڕەنگە ڕێکەکان ئەو ڕەنگانەن، کە لەکاتی کارپێکردندا لە تەنیشت یەکترەوە گونجاندن دروست دەکەن و لێکدەوەشێنەوە و هیچ دزێوییەك پیشان نادەن، بۆیە لێرەدا دەتوانین ڕەنگەکان بەپێی دابەشکردنێکی زانستی گونجاندن بەدەستبهێنین، وەك:

**ئەو ڕەنگانەی پەیوەندییان بە یەك ڕەنگەوە هەیە:**

- بنەچەیان دەچێتەوە سەر یەك ڕەنگ و لە بازنەی ڕەنگیشدا هاوسێن، وەك: شین و شینی پیرۆزی، کە سەرچاوەی سەرەکی هەردووکیان ڕەنگی شینە.



- بنەچەیان دەچێتەوە سەر یەك ڕەنگ و بەڵام بە زیادکردن و تێکەڵکردنی ڕەنگێکی تر، ئەوا پلەی ڕەنگی ڕوودەدات لە کاڵەوە بۆ تۆخ، یان بە پێچەوانەوە، بەتایبەت کاتێك ئەو ڕەنگە زیادکراوە ڕەنگی سپی، یان ڕەشە.

**ئەو ڕەنگانەی پەیوەندیان بە هەمان ڕەنگی ناو بازنە ڕەنگییەکەوە هەیە:**

ئەو ڕەنگانە یەکسانن لەڕووی پلەو توندی ڕەنگییەوە، وەك کۆمەڵەیەکی ڕەنگی بنەڕەتی دەردەکەون لەگەڵ یەکتریدا، یان بە شێوەی ڕەنگی دووانی خۆ دەردەخەن، کە هەڵگری هەمان پلەو ڕزبەندی ڕەنگییە لە بازنەی ڕەنگیدا.

### دەرکەوتنی ڕەنگە گەرم و ساردەکان:

ڕەنگە گەرم و ساردەکان لە تابلۆ هونەرییەکاندا پانتایی ناو تابلۆکە داگیر دەکەن و پشت بە ڕووناکی و تاریکی، یان سێبەرو گەشی دەبەستن لە دانانی ڕەنگەکاندا.

## ٢: دیاردەی جیاوازی ڕەنگی:



بریتییە لەو دیاردەیەی، کە ئاستی بینین هەستی پێدەکات و دواتر جیاوازییە ڕەنگییەکان شیدەکاتەوەو پاشان هەستیان پێدەکات. واتە ئەو جیاوازیە کاتێك هەستپێدەکرێت، کە ڕەنگێکی تۆخ بە تەنیش ڕەنگێکی کاڵەوە دادەنرێت و لەهەمانکاتیشدا دژ بەیەکن. واتە سوور بە تەنیشت شینێکی کاڵ، یان سەوزێکی تۆخ بە کەمەر زەرەردێکی کاڵەوە، ئەمەش جیاوازی ڕەنگی توند دروست دەکات و دەبنە ڕەنگی دژبەیەك. کەواتە ئەو جیاوازییە لە دوو ڕەنگی جیاوازەوەیەو لێك نزیك نین و پلەی ڕەنگیشیان لێکدوورە.

جیاوازی ڕەنگیش لەڕێگەی ئەم هەنگاوانەوە دەبن:

١- بازنەی ڕەنگی بەکاربهێنین بەمەبەستی دانانی:

- ڕەنگی سوور بە تەنیشت ڕەنگی سەوزەوە.
- ڕەنگی شین بە تەنیشت ڕەنگی پرتەقاڵییەوە.
- ڕەنگی زەرد بە تەنیشت ڕەنگی وەنەوشەییەوە.

بەو واتایەی ڕەنگە سەرەکییەکان بە تەنیشت ڕەنگە مامناوەندییەکانەوە دابنێین لە بازنە ڕەنگییەکەدا.



٢- بەکارهێنانی هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی لە تەنیشت یەکەوە بەمەبەستی دەرخستنی توندترین جیاوازی ڕەنگی لە نێوانیاندا، بۆ ئەوەی قوتابییەکان بە باشی لەوە تێبگەن، کە مەبەستمان لە جیاوازی ڕەنگی چییە؟

## چوارەم: پانتایی، یان شێوە Shape

بریتییە لە یەکەی بنەڕەتی کاری هونەری، بە تایبەت ئەو پانتاییەی پەیوەندی بە نەخشەسازی و ڕازاندنەوەوە هەیە، هەرچەندە پانتاییەکان جیاوازییان هەیەو پێك ناچن لە ڕووی ژمارەو شێوەو ڕەنگ و قەبارەو شوێنەوە، ئەمانەش هەموو پێکەوە کاریگەریان بەسەر کارە هونەرییەکەوە هەیەو ئەوانەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە:



**ژمارەی پانتایی**: لەناو کارە هونەرییەکەدا دەردەکەوێت.



**قەبارەی پانتایی**: پەیوەستە بە گەورەیی و بچووکی قەبارەی کارە هونەرییەکە.

**شوێنی پانتایی**: پەیوەستە بە قەبارەی چوارچێوەی هەموو کارە هونەرییەکە.



**شێوەی پانتایی**: شێوەکانیان جیاوازن، خڕ لە چوارگشە ناچێت و سێگۆشە جیاوازە لە قوچەکی.

**ڕەنگی پانتایی**: پلەی ڕەنگییەکانیان جیاوازیان هەیە، بۆیە زۆر ئەستەمە بتوانین پانتایی پلەی ڕەنگی هەر ڕەنگێك لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دیاری بکەین، چونکە ئەوە هونەرمەندە دەتوانێت ئەم ڕەنگە بەسەر پانتاییەکەدا دابەش بکات و هاوسەنگیان بکات بە پشت بەستن بە پلەی ڕەنگی.



### دەتوانین شێوەکان دابەش بکەین بۆ دوو جۆر:



**شێوەی ڕووتەخت** :Shape بریتییە لە شێوەی دوو ڕوو لە ‹‹پانی و درێژی›› پێك دێت و ڕۆچوونی تێدا نییە، چواردەوری بە هێڵ ڕوو دراوەو کاریگەریان لەسەر پانتایی و قەبارەی چێوەکەدا هەیە، بۆ نموونە: چوارگۆشە، لاکێشە، سێگۆشە، بازنە... کاتێك ئەم شێوە ڕووتەختانە بە سەر پانتایی نارێکوپێدا دابەش دەبن، ئەوا پێین دەڵێن شێوەی نارێك.



**شێوەی بەرجەستە** :Form بریتییە لەو شێوەیەی سێ ڕوووە لە ‹‹پانی و بەرزی و درێژی›› پێك دێت و ڕۆچوونی تێدایە بۆ ناوەوە، وەك: چوارپاڵوو، شەشپاڵوو، قوچەکی،... ئەگەر ئەم شێوانە بەسەر ڕووگەو پانتاییەکی نارێکدا دابەش ببن، ئەوا پێیان دەڵێن شێوەی نارێك.

## پێنجەم: ڕووگە :Texture

ڕووگە تایبەتمەندییەکی دەرەوەی شتەکانە و بە شێوەو پێکهاتەکانی جیادەکرێتەوە لە یەکتر، بەتایبەت ئەوکاتەی سەیری دەکەین و هەستی پێدەکەین لەکاتی دەستلێداندا.

ڕووگە بەپێی جۆری کارە هونەرییەکە دابەش دەبن بۆ:



**ڕووگەی ڕاستەقینە:**

بەهۆی دەرچوونی شێوەی ڕووەکەوە لە ڕێگەی هەستی دەستلێدان و بینینەوە هەستی پێدەکەین. هەروەها لە ڕێگەی دەستلێدانەوە شێوەکان دەناسینەوەو ئاستی زبری و لوسییان، یان ڕەقی و نەرمیان دیاری دەکەین. هەروەها دەتوانرێت لە تابلۆی دوو ڕووشدا شێوەکان زەق بکرێنەوەو ڕووگەیان بەرز بکرێت و دەربچن لە تابلۆکەدا، بە تایبەت ڕووە تەختەکان.

## ڕووگەی نادیار:



ئەو ڕووگانە دەگرێتەوە، کە خاوەنی دوو دورین و تەنها دەتوانین لەڕێگەی بینینەوە هەستیان پێ بکەین و هەستی دەستلێدان هیچ کاریگەرییەکی نییە لە دیاری کردنی ڕووەکەدا. هەروەها هەندێك جار ڕووەکان فریودەرن و چاو هەڵدەخەڵەتێنن و ڕاستەقینەنین و لەبەرگیراوەن (کۆپین)، هەروەك ڕووی بەرد و گەچ و تەختە... ئێمە دەتوانین ئەم ڕووە دوو دوورییانە بەهۆی کۆمەڵێك وردەکاری و چارەسەری هونەرییەوە بەهۆی زیادکردنی پێکهاتەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی وەك: خاڵ و هێڵ و پانتایی و ڕەنگەوە چارە بکەین.

## بنەماکانی نەخشەکێشان

لایەنی هەستەکان دەگرێتەوەو بینراو نییە، بەڵکو لە ناخمانەوە هەستمان دەوروژێنێت و کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونمان بەجێدەهێڵێت و پاشان هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی و دڵخۆشی دەکەین، مەرج نییە هەموو کارێکی هونەری کاریگەری لەسەر بینەر بەجێبهێڵێت، چونکە ئەوە کاریگەری هونەرمەندە دەتوانێت ئەو نەخشە لەسەر هەستی بینەر دروست بکات و بیخاتە ئاستی چێژلێوەرگرتنەوە.

### یەکەم: یەکێتی Unit:



پەیوەندی بە لێبەستنی هەموو شتەکانی ناو تابلۆکەوە هەیەو پێویستە شتەکان هاوسەنگ و لێکنزیك و تەبابن. واتە هەموو ئەوانە پەیوەستن بە یەکەوەو بنەمایەکی خوازراویان هەیە بۆ کارێکی هونەری جوان و سەنگین، بۆیە لێرەدا یەکێتی بە واتای:

یەکێتی لە شێوەدا: لەڕێگەی لێکنزیکردنەوەی پارچەکانی ناو کارە هونەرییەکەوە بەدەستدێت.

**یەکێتی لە بیرۆکەدا:** چەندین بیرۆکە لێکدەبەستێت و پاشان لەسەر خەیاڵی بینەر ڕەنگدەداتەوە.

**یەکێتی لە شێوازدا:** لە ڕێگەی جێبەجێکردنەوە بابەت و شێوازی کارکردنە هونەرییەکە ڕووندەبێتەوە، کە بە یەك شێوازی هونەری کاری کردووە.

دەتوانین بڵێین جوانی کاری هونەری پەیوەستە بە یەکێتی بابەتەوە و هەموو پارچەکان پێکەوە دەبەستێتەوەو شێوەیەکی یەکگرتووی توندوتۆڵی لێ پێکدەهێنێت. بۆ یەکەمجار پێویستە پارچەکان پەیوەندیان پێکەوە هەبێت و دواتر دەبێت پێکیانەوە گرێ بدەین، ئەگەر نا کارێکی ناهەوسەنگی نا هونەریمان بۆ بەرهەم دێت.



## دووەم: هاوسەنگی Balance:

بریتییە لەو دۆخەی، کە لەڕێگەی دابەشبوونێکی هاوسەنگی شێوەکانەوە دروست دەبێت لەناو کارە هونەرییەکەدا، مەبەست لە سەنگینی هەستکردنی بینەرە بە ئاسوودەیی و جێگیری لەکاتی بینین و سەیرکردندا. لێرەدا کارامەیی و توانای هونەرمەند دەردەکەوێت، کە تا چەند توانیویەتی ئەو هاوسەنگی و سەنگینییە بپارێزێت لەناو تابلۆکەدا.



## سێیەم: ڕیتم Rhythm:

بریتییە لە ڕێکخستنی ئەو قەبارەو پێکهاتانەی لەناو کارە هونەرییەکەدان و یەکەی بینین پێکدەهێنن.

دەتوانین ڕیتم لە کاری هونەریدا دابەش بکەین بۆ:

پ- ڕیتمی ڕێکخراو Regular rhythm: بریتییە لەو بەریەککەوتنەی، کە لە نێوان شێوەو یەکە ڕەنگییەکاندا ڕوودەدات لەکاتی دووبارە بوونەوەی شێوەو قەبارەو دووررییەکاندا بە شێوەیەکی ڕێکخراو.



ج- ریتمی ڕێکنەخراو Irregular rhythm: بریتییە لەو شێوانەی، کە لەناو کارە هونەرییەکەدا ڕێکخراونین، تا دەگاتە ئاستی لێکچوونیان لە قەبارەو شێوەو دووریدا. هەروەها هەندێك جاریش لێکدەبنەوەو یەکدەگرنەوە.



ح- ریتمی ئازاد Free rhythm: بریتییە لەو کارە هونەرییەی، کە شێوەو یەکەو دوورییەکانیان لێکترازاون، یان پێکەوەن لە کارە هونەرییەکەدا. واتە هونەرمەند ئازادە چۆن هاوسەنگی، یان ناهاوسەنگی کارەکە ڕادەگرێت.



خ- ریتمی جولاو Motor rhythm: بریتییە لە کارە هونەرییەی، کە پڕە لە ریتمی جولاو لە ڕێگەی دابەشبوونی پێکهاتەو شێوە جولاوەکان بە ڕاست و چەپی کارەکەدا، ئەمەش وا لە ڕوانینەکانی بینەر دەکات لە کارە هونەرییەکەدا لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر بچێت.

## چوارەم: یەکسانبوون(*) Proportion:

بریتییە لە پەیوەندی نێوان پانی و درێژی. واتە هەموو ئەو پانتاییانە دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی پلەی ڕەنگییەوە پانتایی تابلۆکە داگیر دەکات بە شێوەیەکی پلانبۆدارێژراو، بەمەبەستی دروستکردنی هاوسەنگی، تا نەبێتە جێگەی دڵتەنگی و بێ ئارامی و دواتر لەکاتی ڕوانینی بینەردا لە هێزی نەخشەسازی کارە هونەرییەکە کەم نەکاتەوە. هەندێك جار ئەم جۆرە کارکردنە بەهرەیەکی خۆڕسکانەیە، یان پلانبۆدارێژراوە، یان پەیوەندی بە ئەزموونکردنی زۆری هونەری هونەرمەندەکەوە هەیە.



بۆیە لێرەدا یەکسانبوون جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاستی ڕێژەیی لە کارکردندا، چونکە ڕێژە پەیوەندی نێوان دوو شت دیاری دەکات، بەڵام یەکسانبوون گوزارشت لە پەیوەندی نێوان دووشت، یان زیاتر دەکات، بەتایبەت ئەوکاتەی هونەرمەند دنیابینی خۆی لە تابلۆکەدا ڕووندەکاتەوە.



---

(*) یەکسانبوون: هەرچەندە بە گونجاندن، هاوڕێژەکردن، هاوسەنگکردن، هاوڕێژە دێت، بەڵام بۆ ئەم شوێنەو بۆ ئەم مەبەستەی دەمەوێت یەکسانبوونم لا پەسەند بوو، چونکە لە کاری هونەری شێوەکاریدا زۆر پێویستمان بە یەکسانبوونی شێوەو قەبارەو دوورییە، کە دواتر لە یاساکانی ڕوانگەدا خۆی جێگیر دەکات و پاشان کاری پێدەکرێت. ئەم دەستەواژەیە لە بری (التناسب) ی عەرەبی و (Proportion) ی ینگلیزی دانراوە.

# وانەی یەکەم

**کاتی دیاریکراو: ٢وانه**

**چالاکی ١:**



داوا لە قوتابییەکان بکە هێڵی ڕێك و ناڕێك بەکاربهێنن لە کێشانی وێنەکانیاندا. واتە ئەو شێوانەی دەیکێشن ئازادانە بێت و پشت بە خەیاڵ و بیرو هزریان ببەستن، بەو مەرجەی ڕەنگە گەرمەکان زۆرتر بەکاربهێنن، وەك لە ڕەنگە ساردەکان، پاشان ڕەچاوی هاوسەنگی و یەکسانی هێڵەکان بکەن.

دواتر ڕێگە بە هەر یەك لە قوتابییەکان بدە با لەسەر وێنەکەی بدوێت.



**چالاکی ٢:**

داوا لە قوتابییەکان بکە لە نیگارکێشانەکەیاندا پشت بە هونەری خاڵەکوتە ببەستن لە دەربڕینە هونەرییەکەیانداو خاڵی ڕەنگاوڕەنگ بەکاربهێنن بە تێکەڵکردنی ڕەنگە گەرم و ساردەکان. هەروەها دوای تەواو بوونی کارە هونەرییەکە ڕێگە بە قوتابییەکان بدە، تا لەسەر خاڵ و هێڵ و ڕەنگ و شێوەی ناو تابلۆکە بدوێت، پاشان تۆش هاوکاری بکە لە گوزارشتکردنەکەیدا.

ئەم نیگارانە تەنها بۆ بەرچاوڕوونی مامۆستایەو نابێت پیشانی قوتابی بدرێت و لەبەری بگرێتەوە. واتە مامۆستا تەنها ڕێنیشاندەری قوتابییەکان بۆ کارێکی لەوجۆرە دەکات و بەس.

# وانەی دووەم

**تەوەر: نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری**

**بابەت: گەشەپێدانی بینگەی هونەری**

**کاتی دیاریکراو: ٣ وانە**

---

## بینگەی هونەری Artistic Vision:

لەم وانەیەدا مامۆستا قوتابییەکان ڕادەهێنێنێت، تا توانای بینینیان گەشە پێبدات و ئاستی جوانناسیان بۆ شتەکانی دەوروبەریان فرەوان بکات. بە واتایەکی تر کاتێك قوتابی سەیری دەوروبەری دەکات، ئەوا فێر دەبێت چۆن لە شتەکان بڕوانێت و ڕەنگ و شێوەو جۆرەکانیان بە نیگا لێکجیابکاتەوەو دواتر بیاناسێتەوە. ڕاهێنان و ڕاهێزان لەسەر بینگە قوتابی لەم تەمەنەدا زۆر گرنگە، چونکە هەستەکانی، بیری، هزری گەشە دەکات و بەش ڕاستەوخۆ ئاستی کارامەییەکانی بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئاستی گوزارشتکردن و دەربڕینی هونەری لە ڕێگەی (زارەکی و کردارەکی) یەوە پێش دەکەوێت و توانا کۆمەڵایەتییەکانی دەچنە قۆناغێکی ترەوە، چونکە قوتابییەکە دەتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ هاوڕێکانیداو توانای گفتوگۆو دانوستانی پێشدەکەوێت.

## قوتابی چی فێردەبێت؟

- ئاشنایەتی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری و پێکهاتەکانی سروشت پەیدا دەکات بۆ گەشەپێدانی بینگە جوانناسییەکەی.
- هەست بە شێوەکان دەکات و جیاوازیان دەبینێت لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت لە ڕێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوەدا.
- بە سوود وەرگرتن لە سروشت بە ئازادی نیگاردەکێشێت و دواتر ڕەنگی دەکات.
- قوتابی لە ڕەنگە جوانەکانی سروشت ڕادەمێنێ و خەیاڵ و بیری دەجوڵێنێ.
- لە وشەو دەستەواژە هونەرییە تازەکان تێدەگات و قسەیان پێ دەکات.
- هەست بەخۆزانی دەکات و متمانەی بەخۆی زۆرتر دەبێت.

## ئەرکی مامۆستا:

- پێویستە لەسەر مامۆستا ژینگەیەکی هونەری سەرنجڕاکێش و شیاو بۆ قوتابییەکانی دابین بکات و هانی قوتابییەکانی بدات بۆ گوزارشتکردن و کارە هونەرییەکانیشیان فەرامۆش نەکات، بەڵکو گرنگیان پێبدات و بە شێوەیەکی باش نمایشیان بکات، ئەمەش هاوکاری گەشەی قوتابییەکان دەکات لەو قۆناغەی تێیدا دەژین.
- لەسەر مامۆستایە شێوازی ئاڕاستەکردن و بەشدارییپێکردن بگرێتەخۆ لە گوتنەوەی وانەکەیدا. لە هەمانکاتیشدا لەسەری پێویستە پرۆسەیەکی دیموکرات و کەشێکی پڕ لە ئارام بۆ قوتابییەکانی برەخسێنێ. واتە نابێت کاری خۆسەپێنی ئەنجام بدات و جیاوازی نەکات لە نێوان قوتابییەکانداو گرنگی بە هەندێکیان بدات و ئەوانی تریش فەرامۆش بکات، چونکە هەندێك کێشەو گرفت هەن گشتییەو هەندێکی تریشیان تاکییە. کەواتە چارەی هەردوو جۆرە کێشەکەت لەسەر شانەو پێویستە دوایان نەخەیت.



## بیرۆکەی پێشنیارکراو:

- هەوڵبدە پێش نیگارکێشانی قوتابییەکان بیرۆکەی نوێ بخە مێشکیانەوە. بۆ نموونە: دیمەنی تەلارسازی، نەخشونیگارەکانی هاتووچۆ، فرگەو جوڵەو فڕینی فڕۆکەکان، یاریگاو کاتی یاریکردن، یان هەرشتێك، کە بابەتەکان دووبارەنەبن و تازە بن.
- گوزارشتکردن لە بۆنەو ئاهەنگەکان، وەك: گەڕانەوە بۆ قوتابخانە، جەژنی نەورۆز، گەشتە بەهارییەکان...
- گوزارشتکردن لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە بابەتەکانی تری خوێندن، وەك: بابەتەکانی کوردی، عەرەبی، زانست...
- یان هەرشتێك کە مامۆستا پێی پەسەندە بۆ جێبەجێکردن.

## ئەوەش بخەرە سەر خەرمانەی زانیارییەکانت

### هێڵی ستونی Horizontal line:

بریتییە لەو هێڵە ڕاستەی بەرەو بەرزی هەڵدەکشێ و لە ئاست بینگەی ئێمەدایە و بەپێی ئاستی شتەکە بەرزو نزم دەبێت لە سەر ڕووی زەوی.





دەتوانیت بۆ ئەوەی زیاتر لە هێڵ تێبگەیت پێویستە ئەم کارە بکەیت: سەردانی شەقامێکی ڕاستەڕێ بکە، بەو مەرجەی لەسەر شۆستەکانی درەخت ڕوابن، پاشان، تا چاوت بڕ دەکات لە درەختەکانی دواوە بڕوانە و دواتر سەیرێکی درەختەکانی پێشەوە بکە، دەبینیت درەختەکانی پێشەوە گەورەن و درەختە دوورەکانیش، تا دێت بچووک دەبنەوە لە قەبارەدا، تا ئاستی ون بوونیان ((خاڵی ونبوون)). ئەگەر بچیتە شوێنێکی بەرزترو لە خوارەوە بڕوانیت، ئەوا زۆر بە ڕوونی هەست بە هێڵە بەرزو ئاسۆییەکان دەکەیت.

## لەم وانەیەدا ئەم وشەو دەستەواژانە فێربوین:

| | |
|---|---|
| خاڵی ونبوون | Point faded |
| بینگە | Vision |
| هێڵی ستونی | Horizontal line |

## دیدی هونەری

**ئامۆژگاری بۆ مامۆستا:**

- ✓ هەوڵبدە لە کاتی دیدارت لەگەڵ قوتابییەکانتدا هەستێکی باشیان لا دروست بکەیت.
- ✓ هەوڵبدە سروشتی قوتابییەکانت بناسیت و ناوەکانیان لەبەر بکەیت، ئەگەر ناوەکەشت پێلەبەر نەکرا، ئەوا ناویان لەسەر پارچە کاغەزێك بنووسن و لە بەرۆکیان بدەن.
- ✓ هەوڵبدە ژینگەی هۆڵی فرەمەبەست سەرنجڕاکێش و خۆش و دڵگیربێت.
- ✓ وا پیشانی قوتابییەکان بدە، کە وانەی پەروەردەی هونەر گرنگە وەك هەر وانەیەکی تری خوێندن، بەڵکو پەیوەندیشی بە وانەکانی ترەوە هەیە.
- ✓ گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکانت بکە بەتایبەت لەبارەی ئەو بابەتە دەربڕینخوازییانەی خەیاڵی قوتابییەکان دەجووڵێنێت، کە لە ژینگەکەیدا هەن.
- ✓ داوا لە قوتابییەکانت بکە سەیرێکی دەوروبەریان بکەن و سەرنجی ئەو شتانە بدەن، کە پەیوەندی بە بابەتی هونەرەوە هەیە ((لەگەڵیدا چەند دیمەنێکی سروشتی جوان پیشانی قوتابییەکان بدە)).
- ✓ هەوڵبدە چەند دەستەواژەو واتاو وشەی هونەری بە قوتابییەکان ئاشنا بکەوە، کە لە ساڵانی ڕابردوودا خوێندوویەتی.
- ✓ پێکهاتەکانی کاری هونەرییان بۆ ڕوونبکەوە، وەك: (خاڵ، هێڵ، ڕەنگ، پانتایی).
- ✓ هەموو جارێك لەکاتی پێدانی زانیاری، یان ڕوونکردنەوەی بابەتی وانەکە تابلۆی هونەرمەندێك، یان چەند هونەرمەندێك پیشانی قوتابییەکان بدەو چاوت لەسەر ئەو هێماو بابەتانە بێت، کە هونەرمەندەکە کێشاونی، یان بەکاری هێناون، لەگەڵ ئەوەشدا ژیاننامەی هونەرمەندەکەش باس بکە.
- ✓ وایتبۆرد بەکاربهێنە بۆ ڕوونکردنەوەو نووسینی ئەو دەستەواژەو وشە هونەریانەی بەکاریان دەهێنین، تا لەبیری قوتابییەکاندا بمێنێتەوە.

## پلانی فێرکاری و جێبەجێکردن

- واز لە قوتابی بهێنە دوای ئەوەی بابەتی پێشنیارکراو ڕوونکراوەتەوەو گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، تا بە ئازادانە گوزارشت لە هەست و بۆچوونەکانی بکات لەبارەی بابەتی پێشنیارکراو، هەوڵبدە بیریان بوروژێنیت لەکاتی کارکردندا.
- ڕەچاوی پانتایی دیاریکراو بکە، کە پێویستە بۆ کارە هونەرییەکە بەکاربهێنرێت و لەگەڵ بیرۆکەو توانای قوتابییەکان و کاتی دیاریکراودا بگونجێت.
- کەرەستەی ڕەنگی فرەجۆر بەکاربهێنرێت (پاستیل، قەڵەمڕەنگی دار، ماجیك...).
- لە یەکەم دەستپێکەوە گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکان بکە، تا کۆتایی کارەکە.
- ئاڕاستەی تایبەتی هەندێکیان بکە و تێبینی و سەرنجیان پێبدە، تا تواناکانیان باشتربێت و ئاستی گەشەی سەرنج و بیرۆکەو بیرو هزریان باشتر بکات.
- چاوێکت لەسەر ئەو قوتابییانەبێت، کە سست و خاون لە کارکردندا و لە نیوەی ڕێگەدا بەجێیان مەهێڵەو هانیانبدەو فشاریشیان لەسەر دروست مەکە.
- دڵنیابەوە لەسەر پێکهاتەو بنەماکانی کارە هونەرییەکە لە کاتی کارکردندا.
- داوا لە قوتابییەکان بکە، تا جیاوازی بکەن لە نێوان کاری خۆیان و کاری هونەرمەندەکە، خاڵی وێکچوو و لێکجیاواز دەستنیشان بکەن.



قوتابیانی پۆلی چوارەم کارێکی هونەرمەندی جیهانی‹ڤانکوخ› دەکێشنەوە.

## تابلۆی هونەرمەندی کورد (عەلی کەریم)(*)











پێویستە مامۆستا سوود لە هێڵە چەماوەو خوارو بازنەکان وەربگرێت. هەروەها پلەی ڕەنگی تابلۆکان جیاوازن، لەگەڵ نەرموونیانی و تێکچڕژاوی ڕەنگە گەرم و ساردەکان لە یەك کاتدا. پاشان گەڕان بەدوای شێوە شێواوەکاندا.

(*)عەلی کەریم: شێوەکارێکی کوردەو لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری سلێمانی لە دایك بووەو ساڵی (١٩٧٢) ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی لە بەغدا تەواوکردووە. خاوەنی چەندین تابلۆی ناوازەیە. هەروەها بەشداری لە پێشانگەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا کردووە. تابلۆکانی بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.



## تابلۆی هونەرمەندی کورد (ئیسماعیل خەیات)(*)







مامۆستا و قوتابییەکان

سەرنج دەدەنە شێوە شێواو

و ناڕێکەکان، بەڵام بە

ڕەنگێکی نەرموونیان

کێشراون و ڕەنگە ساردوو

گەرمەکان بە تەنیشت یەکترەوە دانراون ((گونجاندن)).

---

(*) ئیسماعیل خەیات: شێوەکارێکی کوردەو لە ساڵی ١٩٤٤ لە شاری خانەقین لە دایك بووە، لەساڵی ١٩٦٦ خانەی مامۆستایانی لە بەعقوبە تەواوکردووە. بەشداری لە چەندین پێشانگەی شێوەکاری لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستاندا کردووە. تابلۆو کارە هونەرییەکانی بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوەوکارەکانی لەسەر تیشێرت و بەشێوەی پۆستکارت چاپکراوە.

# وانەی سێیەم

**تەوەر: نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری**

**بابەت: بنەماکانی پێکهاتەی هونەری**

**کاتی دیاریکراو: ٣ وانە**

---

بنەما بریتییە لەو یاساو ڕێسا هونەرییەی، کە هونەرمەند پێویستی پێیەتی بۆ ڕێکخستنی پێکهاتەکانی ناو کارە هونەرییەکەی، جا ئەو پێکهاتانە شێوە، یان یەکەی ڕازاندنەوە بن، کە بۆ بەرزکردنەوەی بەهای ئاستی جوانناسی کارە هونەرییەکەی بەکاریاندەهێنێت، کە کارە هونەرییەکە دەیخوازێت لەکاتی جێبەجێکردندا بەپێی ئەو کەرەستەو شمەکە خاوانەی لەبەردەستیدایە. وەك: یەکەی هونەری و لێکبەستنی، یەکسانبوون و هاوسەنگی، ڕیتم، فرەجۆری، سەنگینی...

بەڵام پێکهاتەکانی نەخشەسازی بریتییە لەو یەکە شێوەکارییانەی، کە هونەرمەند هانایان بۆ دەبات و بەکاریان دەهێنێت بۆ دەرخستنی کارە هونەرییەکەی بەو شێوەیەی، کە ئێمە دەیبینین، وەك: خاڵ، پانتایی، قەبارە، شێوە، ڕووگە...

ئەگەر سەیرێکی سروشت و دەروبەرمان بکەین بە ئاسانی هەست بەو یەکانە دەکەین و دەتوانین بیانبینین لە ڕێگەی لاسکەدارو لوتکەی شاخەکان و دۆڵ و نشێوو پێدەشتەکان...

## مەبەستی تایبەتی وانەکە:

قوتابی بتوانێت لەگەڵ بنەماو پێکهاتە هونەرییەکان مامەڵە بکات و لە نزیکەوە لە کرداری نیگارکێشاندا بەکاریان بهێنێت. واتە لە پرۆسەیەکی کرداریدا مامەڵە لەگەڵ یەکەکاندا بکات.

## قوتابی چی فێردەبێت؟

- بە قوڵی لە پێکهاتەکانی سروشت دەڕوانێت و گرنگی هێڵە گشتییەکانی بۆ دەردەکەوێت لە دیاریکردنی شێوەکاندا.
- گرنگی هێڵەکان و پانتاییە جۆراوجۆرەکان و بەهای سێبەرو ڕووناکی دەزانێت.

- بنەماکانی پێکهاتەی هونەری دەدۆزێتەوە لە ڕێگەی کاری هونەرییەوە (یەکێتی، سەنگینی، ڕیتم).
- ئاشنابوون بە دەستەواژە هونەرییەکان و بەکارهێنانەوەی لە کاتی گفتوگۆکانیدا.
- توانای ڕەخنەگرتنی هونەری پێشدەکەوێت و دەتوانێت شیکاری هونەری بکات.



## سەرچاوە فێرکارییەکان:

**کەرەستەو پێداویستییە سەرەتاییەکان:** پێویستە مامۆستا کاغەزی سپی لە جۆری (A4 یان A3) ئامادە بکات، لەگەڵ ئەم کەرستانە (جا هەرکامێکی هەڵبژارد): پاستیل، ماجیك، قەڵەمرەنگی دار، یان هەر کەرەستەیکی تر، کە مامۆستا پێی شیاوو گونجاو بوو.



**هۆکاری ڕوونکاری:** گرنگە مامۆستا چەندین وێنەی ڕوونکاری جوان و گەشی جیهانی سروشتی کوردستان پیشانی قوتابییەکانی بدات، بۆ ئەوەی قوتابییەکان ئارەزوو بکەن ژینگەو سروشتی کوردستان بپارێزن. هەروەها هانی قوتابییەکان بدرێت، تا لەرێگەی تێڕامانیان لە سروشت و چالاکییە فۆلکلۆریی و کەلتورییەکاندا سەرنج بدەن و تێبینی بکەن بۆ ئەوەی شتی لێ هەڵبهێنجن و لە کارە هونەرییەکەی خۆیاندا بەکاریبهێننەوە.



**وێنەی چەند دیمەنێکی کوردستان (بابەت)، مامۆستا دەتوانێت چەندین دیمەنی هاوشێوە سوودی لێوەربگرێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ((پیرۆکەی پێشنیارکراو)).**

## بیرۆکەی پێشنیارکراو:

- سروش لە ژینگەی کۆن و نوێی کوردستان وەربگرە.
- سروش لە خانوو و تەلارە کۆن و نوێیەکان وەربگرە.
- یان هەرشتێك مامۆستا پێی باش و گونجاوە بۆ قوتابییەکانی.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا:

- ✓ سوود لە چیرۆکێکی کوردەواری (مێژوویی، فۆلکلۆری، کەلتوری) وەربگرە.
- ✓ بگەڕێوە سەر ئەو دەستەواژە هونەریانەی لە وانەکانی پێشودا بەکارت هێناون.
- ✓ سوود لە شتە زیندەو نا زیندەکانی ناو سروشت وەربگرەو باسی بکە.
- ✓ لەڕێگەی هۆکارەکانی فێرکردنەوە بە بنەماو پێکهاتە هونەرییەکاندا بچۆوە بە شێوەکی خۆش و گاڵتەئامێزو چێژبەخش.
- ✓ گرنگی نیگارکێشان بە هێڵە جیاوازەکان بۆ قوتابییەکان ڕوونبکەوە.
- ✓ چۆنییەتی بەکارهێنانی هێڵ و ڕەنگ بۆ دەرخستن و کێشانی هەندێك شێوەو ڕووگەی خەیاڵی بۆ قوتابییەکانت ڕوون بکەوە.
- ✓ وایتبۆرد بەکاربهێنە بۆ خستنەڕووی دەستەواژە هونەرییە نوێکان.
- ✓ گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکان بکە لەبارەی ئەو بیرۆکەیەی، کە مەبەستیانە جێبەجێی بکەن. ئەگەر گفتوگۆ لەبارەی ئەو فیلم و وێنانەوە گفتوگۆ بکەن خراپ نییە پێش کارکردن.

### وەك نموونە، تابلۆی دوو هونەرمەندی کورد دەخەینە بەرچاو:



**یەکەم:** هونەرمەندی کورد (سمکۆ تۆفیق خەیات)، لە شاری سلێمانی لەدایك بووەو خاوەنی چەندین تابلۆی هونەرییە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تێکەڵکردنی مێژوو و خەیاڵ و کاری ڕاستیگەراییە. ئێستا لە ئیتاليا دەژی.



**دووەم:** هونەرمەندی کورد (ئاکۆ غەریب) لە ساڵی (١٩٦٢) لە دایك بووەو ساڵی (١٩٨٥) پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە.

**کاری هونەرمەندی کورد (سمکۆ تۆفیق):**







**چەند دیمەنێکی خەیاڵئامێزی ژن و پیاوی کورد**

**کاری هونەرمەندی کورد (ئاکۆ غەریب):**



**دیمەنی شەقامێکی شار**



**دیمەنێك لە شەری دەربەندی بازیان لە نێوان (شێخ مەحمودی حەفید) و سوپای ئینگلیز.**

## پلانی فێرکاری و جێبەجێکردن:

- ✓ پێویستە مامۆستا دوای گفتوگۆیەکی چڕ لەگەڵ قوتابییەکان لەسەر بابەتی پێشنیارکراوو پیشاندانی هەموو هۆکارەکانی ڕوونکاری، دواتر بوار بە قوتابییەکان بدە، تا بە ئازادانە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانییان بکەن لە ڕێگەی دەربڕینخوازییە هونەرییەکانیانەوە.
- ✓ کەرەستەو شمەکی جۆراوجۆر بەکاربهێنن، تا ڕووگەی کارە هونەرییەکە جیاواز دەرکەوێت و جوان و ڕەنگین بێ.
- ✓ بنەماکان و پێکهاتە هونەرییەکانیان بۆ دیاری بکە، پاشان بۆیان ڕوونبکەوە، پێویستە ئەو دەستەواژانە دووبارە بکەنەوە لەکاتی کارکردن و گفتوگۆکردن و ڕاڤەکردنی کارە هونەرییەکاندا.
- ✓ تا بۆت دەکرێت کارێکی هونەری هونەرمەندێکی کوردیان پیشان بدە، تا فێری ڕاڤەکردن و ڕەخنەی هونەری بن لە کارەکاندا.
- ✓ پێویستە بنەماو پێکهاتە هونەرییەکانی ناو تابلۆکە جیاوازی بکەن لە نێوان کاری خۆیان و کاری هونەرمەندەکەدا.

## پلانی فێرکاری و ڕەگەزەکانی وانەگوتنەوە

### شێوازی وانەگوتنەوە (پێداگۆگی):

ئەو بنەما گشتییانەی پێویستن ڕەچاویان بکەیت لە کاتی وانەگوتنەوەدا بریتین لە:

١- پێویستە قوتابی پێکهاتەی سەرەکی تەوەری پرۆسەی فێرکردن بێت.

٢- پێویستە وانەکە پێشوەخت پلان و ئامانجی بۆ دانرابێت.

٣- پێویستە پلانی وانەکە ئامانجێکی دیاریکراو بهێنێتە دی.

٤- هۆکارەکانی فێرکاری بەشێوەیەکی باش و لە خزمەتی وانەکەدا بەکاربهێنە.

٥- پاڵنەرە ناوخۆییەکانی قوتابی بوروژێنە بۆ فێربوون و کەشێکی لەبارو گونجاوی بۆ بڕەخسێنە.

٦- پارێزگاری لە پەیوەندی نێوان خۆت و قوتابییەکان بکەو باشترین نموونە بە بۆیان. ((لەڕێگەی چاوەوە پەیوەندی لەگەڵ قوتابییەکانت بگرە)).

# وانەی چوارەم

**تەوەر: نیگارکێشان و دەربڕینی هونەری**

**بابەت: گرنگی تەواوکردن لە پێکهاتەی کاری هونەریدا**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە**

---

گوزارشتی هونەری زمانی دەربڕین و جێبەجێکردنە و بریتییە لە بەیەکگەیاندن و تێکەڵبوونی ئەزموونی بینین و هەستەکانە لە یەک کاتدا لەڕێگەی پێکهاتە شێوەکارییەکانەوە، ئەم تێکەڵبوونەش لەڕێگەی خاڵ و هێڵ و پانتاییە دوو دووری، سێ دورییەکانەوە، یان زیاتر، یان لە ڕێگەی شێوە خەیاڵییەکانەوە، کە بەهۆی کاریگەرییە ڕەنگییەکان و ڕووگەکانیانەوە دەردەکەون.



بۆیە تەواوکردن لە پێکهاتەی کاری هونەریدا: بریتییە لە ڕێکخستنی پێکهاتەی «بابەت» لە تابلۆ هونەرییەکەدا لە شێوەیەکی یەکگرتوی گونجاودا، ئەمەش وا دەکات ‹چاو› لە پێکهاتەیەکەوە بۆ پێکهاتەیەکی تر بگوازێتەوە بێ ئەوەی هەست بە بێزاربوون بکات.

کاری باش و تەواوکراو هەمیشە گرنگی خۆی هەیەو ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بینەر بەجێدەهێڵێت و هەستی ئاسوودەبوونی پێدەبەخشێت، بۆیە پێویستە بۆ ئەوەی ڕێچکەیەکی باش و ڕاست و دروست لە نەخشەسازیدا بگرینە بەر، ئەوا پێویستە پشت بە یەکێتی و سەنگینی و ڕیتم و یەکسانبوون و گونجاندن و دووبارەکردنەوە... ببەستین. بۆیە ڕێکخستنی هەموان پێکەوە پەیوەستە بە لێکبەستنی هەموو



یەکەکان. لێرەدا دووبارە پێویستمان بە ‹‹گونجاندن›› دەبێتەوە، کە چۆن پارچەو بەشەکان پێکەوە دەگونجێنین لەگەڵ یەکتریدا و ئەمەش گرنگترین بەشی پێکەوەگرێدان و لێکبەستن و تێکئاڵاندن و هاوسەنگکردن و یەکسانکردنی بابەتەکانە لای قوتابی.





منداڵ هەمیشە بە دوای بیرۆکەی نوێدا دەگەڕێت، جا ئەگەر تۆ خەیاڵی بوروژێنی، ئەوا پێگومان بیر لە داهێنانی تازە دەکاتەوە لە گوزارشتکردن و دەربڕینەکانیدا، ئەم وێنانەش چەند نموونەیەکن.

## ئەرکی مامۆستا

هەندێکجار پێویست دەکات قوتابی شتێکی دیاریکراو، یان هەرشتێك، کە پێویست بکات بۆتی بکێشێت، بەڵام قوتابییەکە ناتوانێت و گیردەخوات چۆنی بکێشێت؟ نازانێت لە کوێوە دەست پێبکات؟ ئەرکی بەرێزتانە جارێکی دی لە ڕێگەی شێوەئەندازەییەکانەوە هاوکاری پێشکەش بکەیت و کارئاسانی بۆ بکەیت و ڕێنیشاندەری بیت، کە ئەنجامدانی کارەکە هێندە ئەستەم نییە. واتە شێوەکە



لە ڕێگەی یەکێك لە شێوە ئەندازەییەکانەوە دەکێشێت، بۆنموونە ئەگەر کیسەڵ بوو شێوە ئەندازەی هێلکەیی بۆ هەڵبژێرە، ئەگەر خانوو بوو شێوەئەندازەی چوارگۆشەی بۆ پێشنیار بکە. هاوکاری کردنی قوتابی بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکە زۆر گرنگە، دواتر خۆی کارەکان دەکات و جارێکی دی هانا بۆ تۆ ناهێنێتەوەو خۆی بیرۆکەی نوێ دادەهێنێت.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

بنەماکانی تەواوکردن فێردەبێت لە کاری هونەریدا لەگەڵ دڵنیابوونەوە لە ‹‹یەکێتی، سەنگینی، ڕیتم››.

## قوتابی چی فێردەبێت؟

- قووڵدەبێتەوە لە ڕوانگەی هونەریداو ئاستی خەیاڵکردنی بۆ سروشت بۆ سەرجەم شت و شێوەکانی فرەوان دەبێت.
- ڕادێت لەسەر دابەشکردن و هاوسەنگکردنی ڕەنگکردن بەسەر شێوەکاندا.
- خەیاڵی دەوروژێت و بیری ئایندەخوازی لە مێشکیدا دەچەسپێ.
- قوتابی گفتوگۆی بەرەو باشتر دەچێت و ئاستی دانوستانکردنی پێشدەکەوێت.
- ئاست و بەهای جوانناسی بۆ کاری هونەری باش و ڕێکخراو پێشدەکەوێت و تێدەگات، کە ئەوانە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی کاری هونەری سەرکەوتوو.
- ئاشنا دەبێت بە کۆمەڵێك هونەرمەندی کوردو جیهانی.




قوتابی هەوڵدەدات هەرچی ئارەزووی دەکات لە ڕێگەی خەیاڵکردنەوە بیهێنێتە دی، وەك ئەم وێنەیە.

## بیرۆکەی پێشنیارکراو



- پێویستە مامۆستا لەم وانەیەدا چەند بیرۆکەیەکی نوێ بخاتە بەردەم قوتابییەکانی، وەك: لەبارەی((گەردوون، بۆشایی ئاسمان، ئامێرەکانی گەشتکردن بۆ ناو بۆشایی ئاسمان، خەیاڵی زانستی)).
- بابەتێك پەیوەستبێت بە ڕۆڵی زانست و تەکنەلۆجیا لەسەر گەشەپێدانی ژیانی مرۆڤایەتی.
- سروشتی بێگیان (بێدەنگ).
- یان هەرشتێك، کە مامۆستا پێی باشە.









چەند دیمەنێك لە بارەی مرۆڤ و بۆشایی ئاسمان.

## ئامۆژگاری بۆ مامۆستا

- سەرەتا بابەتێك پێشكەش بكە لەبارەی بۆشایی ئاسمان و مانگ و ئەستێرەو هەسارەی خۆر.
- لەكاتی خستنەڕووی بابەتەكەدا كۆمەڵێك بابەتی خۆش و سەرنجڕاكێش باس بكە.
- بگەڕێوە سەر چەندین دەستەواژەو واتای هونەری، كە لەوانەكانی پێشووتردا باست كردوون، یان باس كراوە.
- گرنگی تەواوكردنی پێكهاتەی ناو تابلۆكە بۆ قوتابییەكان باس بكە، چونكە ئەگەر هەموو پێكهاتەكەی تەواو نەبێت، ئەوا تابلۆكە بێ واتا دەبێت.
- بیرۆكەی نوێ بە قوتابییەكانت بدە لەبارەی چۆنییەتی بەكارهێنانی كەرەستەو شمەكی خاوی تر بۆ كاری هونەری، كە لە ئاستی توانستی عەقڵی و لەشەكییاندا بێت.
- بۆ قوتابییەكانی ڕوونبكەوە، كە پێویستە بەپێی وێنەكە ڕەنگەكان دابنێین هەروەك لە وانەكانی پێشوتردا بەكارمان هێنان، وەك ((ڕەنگە بنەڕەتییەكان، ڕەنگە گونجاوەكان، ڕەنگە زەقەكان، لەگەڵ بەكارهێنانی پلەی ڕەنگی...)).



- لەسەر وایتبۆردەكە وشەو دەستەواژە هونەرییە نوێیەكان بنووسەوە.
- هەندێك نموونەو كلێشەی جۆراوجۆر بۆ قوتابییەكان بهێنەوەو پیشانیان بدە، تا لەمەبەستەكەت تێبگەن.

**قوتابی حەز دەكات، وەك بیرۆكەیەكی نوێ لەجیاتی نیگاركێشان بیرۆكەكەی بە لم بەرجەستە بكات.**

## بڕگەی جێبەجێکردنی وانەکە

- لەگەڵ قوتابییەکان بکەوە گفتوگۆو سەرنج و تێبینییەکانیان بەهەند وەربگرە لەبارەی بیرۆکەی بابەتەکە.
- قوتابییەکان ئازاد بکە، تا لەڕێگەی خەیاڵکردنی خۆیانەوە گوزارشت لە بیرۆکەی وانەکە بکەن بە ئازادی، تۆش سەرپەرشتیار و ئاڕاستەکەریان بە.
- هەوڵبدە کەرەستەو شمەکی جیاواز بەکاربهێنن، تا شێوازی دەرکەوتنی وێنەکان جوانترو جیاوازتر دەرکەون.
- هەمیشە بنەماکانی تەواوکردنی پێکاتەکانی ناو تابلۆ بە بیر قوتابییەکان بهێنەوە، تا ببێتە یاسایەك و لەبیری نەکەن و لەسەری بڕۆن لەکاتی جێبەجێکردندا.
- هەوڵبدە کاری هونەری هونەرمەندێك نمایش بکەیت، تامەبەستەکە باشتر بگات.









چەند تابلۆیەکی هونەرمەندی ڕوسی ‹‹کاندنسکی››.

## پلانی فێرکاری و ڕەگەزەکانی وانەگوتنەوە

**لە گرنگترین شێوازەکانی وانە گوتنەوە:**

### ١-ڕێگەی گفتوگۆکردن:

- شیوازی قسەکردن:

ڕۆڵی مامۆستا زۆرگرنگە لە سەرپەرشتیکردن و وروژاندنی پرسیار و بەڕێوەبردنی وتوویژەکە لە ناو پۆلدا، پاشان بیرو هزری قوتابییەکە ئاڕاستە بکات، تا قوتابییەکە بگات بە ڕاستی زانستی شتەکان لە ڕێگەی دەستکەوت و ئەنجامی گفتوگۆکەوە.

### ٢-ڕێگەی نمایشکردن:

- شێوازی کردارەکی:

بریتییە لە جێبەجێکردن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کردارەکی لەبەردەم قوتابییەکاندا.

### ٣-ڕێگەی بەشوێنداگەڕان:

- بریتییە لە بەشوێنداگەڕان و دەستکەوتنی زانیاری لە ڕێگەی گفتوگۆو گەڕان و تاقیکردنەوەو هەوڵدان بۆ دەستخستنی زانیاری و ڕاستییە سەلمێنراوەکان، کە پەیوەندی بە وانەکەوە هەیە.

### ٤-ڕێگەی وانەبێژی:

- مامۆستا تەوەری پڕۆسەی فێرکارییەکەیەو کارێکی خراپ ئەنجام دەدات، ئەگەر تەنها قوتابییەکانی لەسەر بیستن و بینین ڕابهێنێت، چونکە دەبێت ئەوە بزانێت وانەی هونەر، وەك وانەکانی تری خوێندن نییە و تەنها پشت بە گێڕانەوەو باسکردن ببەستێت، بۆیە دەبێت ئاگادربێت.

### ٥-شێوازی چارەکردنی کێشەکان:

- بابەتی وانەکە دەخرێتە ڕوو، تا کێشەکان دەربکەون و پاشان زانیاری لەسەر کێشەو بابەتی کێشەکان کۆبکەرەوەو دواتر ئەرك بدە بەسەر قوتابییەکانەوەو لەکۆتاییشدا ئەنجامەکەی لە جێبەجێکردنەکەیدا دەبینیت.

# تەوەری پێنجەم



## نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا

# وانەی یەکەم

**تەوەر: نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا**

**بابەت: نەخشەسازی**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە**

---

نەخشەسازی ئاستی ڕوانگەو بینینی هونەری قوتابی زۆر پێشدەخات و ئاستی جوانناسییان دەباتەسەر، ئەمەش بە پشتبەستن بەو زانیاری و وانانەی لە ڕابردوودا خوێندوویانەو ئەو ئەزموونەی پێیدا تێپەڕیوون، بەمەبەستی گەشەپێدانی توانا کارامەییە هونەرییەکانیانی قوتابی. واتە قوتابی توانا بینگەییەکانی هەستیاردەبێت و دەتوانێت لە وردو درشت بڕوانێت و لێیان وردبێتەوەو سەرنج و تێبینیان بکات. هەروەها بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیەش سوود وەرگرتن لە پێکهاتەی سروشت و ژینگەی دەوروبەرمان زۆر گرنگە، بەتایبەت:







- سروشت و ژینگەی کوردستان.
- ماڵە فۆلکلۆری و دەرگاو پەنجەرەو دەستگرو بەرپەنجەرەکان.
- نەخشونیگاری سەر دیوارو کەرەستەو شمەکەکانی ناوماڵ.
- شتە چنراوە خۆماڵییەکان، وەك: دزرازەو بەرماڵ و سەرشیرو چەندانی تر...





نەخشونیگاری سەردەرگاو پەنجەرەکانی شاری ئاکرێ لە

دهۆك.

وەستای کورد هەمیشە دەسترەنگین و کارسازێکی سەنگین بووە لە بواری نەخشەسازی و ڕازاندنەوەدا، بۆنموونە لە شارەکانی سنەو ئامەدو کەرکوك و ئاکرێ و هەولێرو کفری و کۆیە وەستای زۆر بەناوباگی لێبوون لەبارەی ئاسنگەری، دارتاشی و بەردتەراشی. هەروەها لەبارەی نەخشونیگاری ڕەنگکاریش لێهاتوو سەنگین بوون. سروشتی کوردستان دەوڵەمەندە بە چەندین کەرەستەو شمەکی جۆراوجۆر و لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر لەسەری دەدوێین.



وەستای کورد هەمیشە دەست و بازووی بەهێزو بیرتیژو کارامەی هونەری وردو جوانساز بووە.



## مەبەست لە نەخشەسازی چییە؟

مەبەستمان لە نەخشەسازی ئەوەیە، کە یەکێکە لە هونەرە شێوەکارییە دروستکراوو داهێنراوە جوان و چێژبەخش و بەسوودەکان. واتە لە یەك کاتدا جوان و سوودبەخشە.

بۆیە دەتوانین وا پێناسەی نەخشەسازی بکەین، کە هێڵکارییەکی نموونەیی و نوێ و داهێنەرانەیە بە سوودوەرگرتن لە ڕووگەو باکگراوندو کەمەری کارە هونەرییەکەو ئەو کەرەستەو شمەکانەی بەکاریان دەهێنین بۆ نەخشەسازییەکە، بۆیە نەخشەسازی باش و جوان ئەو نەخشەسازییەیە، کە مەبەستەکەی دەهێنێتەدی.

## گۆڕین و ئاسانکردن



بریتییە لە شێوازێکی هونەری داهێنەرانە، کە پێویستە مامۆستا خۆی بۆ ئامادە بکات، تا بۆ قوتابییەکانی ڕوونبکاتەوە و گەشەپێیدەدات لە ڕێگەی سەیرکردن و توێژینەوەو شیکردنەوەو ڕاهێنانەوە، تا هاوکارییان بکات بۆ ئاسانکردنی پێکهاتەکان لەکاتی جێبەجێکردنی نەخشەسازییەکەدا، لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندییەکانی یەکەی پێکهاتەکە.



**چەمکی ئاسانکردن:** بریتییە لە سادەکردنەوەی پێکهاتە نەخشەسازییەکە و زۆر ناچێتە وردەکارییەوەو پانتایی ڕووبەرەکە دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر شێوە گشتییەکە دروستبکات و پارێزگاری لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی دەکات.

**چەمکی گۆڕین:** دارشتنەوەی شێوە کۆنەکە بۆ شێوەیەکی سادەترو نوێتر، بەومەرجەی تایبەتمەندییە کۆنەکەی لەدەست نەدات.




هەندێ بنەمای سەرەکی هەن، کە چەمکی گۆڕینی لەسەر بەندە، وەك:

- ✓ تایبەتمەندییە باشەکانی یەکەکە بپارێزین.
- ✓ لانەدان لە یەکەکە، بۆئەوەی لەگەڵ نەخشە سروشتییەکە تێکبکاتەوە.



✓ یەکەکان لێکبچن، تا ئەو بەها هونەرییەی بۆی ئەنجام دەدەین لەدەستی نەدات.
✓ یەکەکان گونجاوبن لەگەڵ ئەو کەرەستەو شمەکانەی پێی ئەنجام دەدەن.

## کرداری بنیاتنان لە نەخشەسازی و ڕازانەوەدا

بریتییە لە چەندین شێوازی بنیاتنان و هەندێك کرداری جێبەجێکردن. هەروەها کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە لەکاتی پێکەوەبەستنەوەی پێکهاتە نەخشەسازییەکاندا. ئەگەر شێوەو پارچەی نەخشەکان لێکهەڵوەشاوەو پەرشوبڵاوبن، ئەوا بێگومان نەخشەسازییەکی سەرنەکەوتوو دەردەچێت.

بۆیە هەریەکە لە دووبارەبوونەوە و لێکچواندن و بەرانبەریەك و گەورەکردن و بچووکردنەوە هۆکارێکن لە هۆکارەکانی جێبەجێکردنی یەکەیەکی نەخشەسازی جوان، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی بینین بەجێدەهێڵێت و دواتر پێکەوە یەکەیەکی هونەری جوان بەرهەمدەهێنن.

## دووبارەبوونەوە:



دووبارەکردنەوەی یەك لەدوای یەکی نەخشێکە. هەروەها دووبارەکردنەوە شێوازێکی شێوەکاری داهێنەرانەی هونەرییە و هونەرمەند هانای بۆ دەبات، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی کارە هونەرییەکە ڕازاندنەوەی بە شێوازێکی هاوسەنگ و جوان، کە ئەمەش بەردەوامی و دوبارەبوونەوەیە لە یەك کاتدا بە پێی ئەو بەرنامەو شێوازە ڕێکوپێك و پلانبۆداڕێژراوەی بۆی دانراوە و لە کۆتاییشدا بیرۆکەو شێوەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

## جۆرەکانی دووبارەبوونەوە:

جۆرەکانی دووبارەبوونەوە بەپێی نەخشونیگارەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت، چونکە دەچێتە ناو پڕۆسەیەکی هونەری ئاڵۆزەوە و نەخشەکە مل لە دوای یەك دەنێت و خۆی دووبارە دەکاتەوە دووبارەکردنەوەکەش بەتەنیشت یەکەوە دەکشێت و ئەژماری نێوان دوورییە یەکسان و ڕێکخراوەکان دەکات، بەڵام دۆخیان جیاوازە. لە گرنگترین جۆرە بەربڵاوەکانی دووبارەبوونەوە:

### ١- دووبارەبوونەوەی ئاسایی:



دووبارەبوونەوەیەکی سادەوساکاری یەك لەدوا یەکی شێوەو یەکە ڕازاندنەوەکەیە بە تەنیشت یەکەوە بە شێوەیەکی جێگیر، جا ستونی بێت، یان بەرزی، یان بازنەیی...

### ٢- دووبارەبوونەوەی پێچەوانەیی:



دووبارەبوونەوەیەکی پێچەوانەیی شێوەو یەکە ڕازاندنەوەکەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، یان ڕاستەوە بۆ چەپ، گرنگ ئەوەیە نەخشەکان پێچەوانەی یەك بن.

### ٣- دووبارەبوونەوەی هاوبەش:



مەبەست لە بەکارهێنانی دوو، یان چەند یەکەیەکی ڕازاندنەوەیە، کە لە بنەڕەت و لە پێکهاتەدا لێکجیاوازن، بەڵام لە هەمان ڕووگەو پانتاییدان و بەتەنیشت یەکەوەن و هاوسێی یەکترین، وەك گەڵای درەخت، پەپوولە، بازنە و سێگۆشە...



### ٤- دووبارەبوونەوەی یەك لەدوای یەك:

یەکەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوەکە یەك لەدوای یەك و بەتەنیشت یەکەوە دووبارە دەبنەوە بە هەمان پانتایی و ڕووبەرو دوورییان.

لە دووبارەبوونەوەکەدا شێوازی فرەجۆرو لێکجیاواز بەکاردەهێنرێن، بۆیە دەتوانین سوودی لێوەربگرین لە کاری هونەریدا، هەر لەبەر ئەوە هانا بۆ شێوازی دووبارەبوونەوەی ستوونی، دووبارەبوونەوەی چەماوە، دووبارەبوونەوەی بازنەیی و پچڕپچڕ و لەدوویەك دەبەین. هەموو ئەوانەش ئامانجییان بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕازاندنەوەیەکی جوان و هاوسەنگ و فرەجۆری لە نەخشونیگارەکاندا لە ڕێگەی تێکگیربوون و تێکچڕژان و دووبارەبوونەوەدا.



نەخشونیگاری قوتابییەکی کوردی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بە بەکارهێنانی چەندین شێوەی جیاواز.





هونەرمەندی کورد (نامیق عەلی قادر) لە ساڵی (١٩٥٤) لە شاری هەولێر لە دایکبووە، خاوەنی شێوازی کارکردنی خۆیەتی و چەندین پێشانگەی لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان کردۆتەوە.

ئەگەر سەیرێکی ئەم جۆرە تابلۆیانەی بکەین دەبینین سوودی لە کۆمەڵێك بابەتی ڕازاندنەوە وەرگرتووە لەڕێگەی کۆمەڵێك هێماو شێوەی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی و جیهانی .













هونەرمەندی کورد ( ڕێباز عومەر) لە ساڵی (١٩٧٧) لە شاری هەولێر لەدایك بووە. دەرچووی کۆلێجی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدینە. خاوەنی شێوازی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی و لە بەکارهێنانی ڕەنگ و شێوەدا کارزانێکی دەستڕەنگینە.









بەکارهێنانی ڕەنگی گەرم و سارد پێکەوە و چەندین هێمای تێکشاو و دووبارە لەناو تابلۆکاندا بە شێوازێکی جوان و سەنگین جێگەی تێڕامانە.

## له یەکچوون

بریتییە لەو نەخشونیگارەی سەرەو خوارەیان لێکدەچن لەکاتی ڕازاندنەوەدا. واتە نیوەی لە نیوەکەی تری دەچێت و هاوشێوەن، جا ئەو نیوەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت، یان لە ڕاستەوە بۆ چەپ، هیچ کێشە نییە، بڵکو ئەوەی گرنگە شێوە دووبارەبووەکان پێکبچن.



لەیەکچوون دیاردەیەکی سروشتییەو لە هەموو شوێنێك دەبینرێت، بۆ نموونە لە گەڵای درەخت، دەمووچاوی مرۆڤ، یان جەستەی مرۆڤ، یان پەپوولە و چەندان شێوەی تر...

لەیەکچوون لە گرنگترین یاساکانی ڕازاندنەوەیەو پشتی پێدەبەسترێت بۆ نەخشونیگار دوای ئەوەی سەنگین دەبێت لە دانان و مامەڵەکردن و ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرکردنیدا.

## جۆرەکانی لەیکچوون:



- نیووە لەیەکچوو:

ئەم لە یەکچوونە بریتیە لەوەی، کە شێوەی نەخشونیگارەکە نیوە بە نیوەیە. واتە نیوەی ڕەنگێکەو نیوەکەی تری ڕەنگێکی تر، بەڵام ‹‹ڕوولەیەکن››.

- لەیەکچووی تەواو:



ئەم لەیەکچوونە دوو لەیەکچوونن، بەڵام لە دوو لەشی جیاوازدا. واتە هەردوو شێوەکە بەرانبەر بە یەکن، بەڵام لێکدەچن و جیاوازییان نییە لە شێوەدا.



## گۆڕینەوە لە نێوان شێوەو ڕووکاردا

ئێمە لە هونەری شێوەکاریدا پێی دەڵێین ‹‹گونجاندن››. واتە پێویستە لە نێوان شێوەو ڕووکاردا هاوسەنگییەك هەبێت لە دانانی ڕەنگ و شێوەدا، تا لەگەڵ ڕووکارەکەدا (باکگڕاوند) بگونجێت و شێوەکە بە جوانی دەرکەوێت و بە ئاسانی بگاتە بینەرو سەرنجی ڕابکێشێت.

## هەندێك دەستەواژەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوە:



**کەڵەکەبوون** Overlay: ئەم دەستەواژەیە کاتێك بەکاردەهێنرێت، کە بەشەکەی تر کەوتبێتە سەر نیوە بەشەکەی ترەوە، یان بەشێکی شاردبێتەوە، ئەمەش لە نێوان یەك شێوە، یان زیاتردا ڕوودەدات و شێوەیەکی جیاواز دەردەکەوێت.



**هاوکاری** Synergy: ئەم دەستەواژیە بۆ ئەو جوڵە نەخشەسازی و ڕازاندنەوانە بەکاردەهێنرێت، کە هاوکاری یەکتری دەکەن لە پیشاندنی جوانی کارەکە، وەك کەزی قژی ئافرەت تێکئاڵاون و بەتەنیشت یەکترەوە دێن و دەچن، یان دادەنرێن، یان دەچنرێت هاوشێوەی تەقەڵ.



**بەریەککەوتن** Contact: بریتییە لەو بەریەککەوتنەی، کە دوو شێوە لە یەك خاڵدا بەریەك دەکەون و بەمەش دەڵێن خاڵی بەریەککەوتن.



**گەورەکردن و بچووکردنەوە** Zoom in and out: بریتییە لەو شێوە هەڵچنراوە ڕازاندنەوەیەی، کە پارچە گەورەکان بچووك دەکەنەوەو بچووکەکان گەورەدەکەن، بەومەرجەی هەمان شێوە بن و دووبارە دایان دەڕێژنەوە لە کارێکی هونەریدا.

## ئەرکی مامۆستا:

**مامۆستای بەڕێز ئەوەی دەکەوێتە سەرشانت ئەوەیە، کە بابەتەکە زۆر سادەو ساکار بکەیتەوەو نەیکەیتە بارگرانی بەسەر قوتابییەکانەوەو کارەکەیان لێ سەخت بکەیت، بەڵکو ئەوەی زۆر گرنگە بۆ ئێمەو قوتابییەکان ئەوەیە، کە:**

١. سەرەتا سەرجەم بابەتەکە بخوێنەوەو لێی تێبگەو بزانە نەخشەسازی، پاشان ڕازاندنەوە چییە؟ دواتر هەنگاوەکانی تر بنێ.

٢. دوای خوێندنەوەو لێتێگەیشتن، هەوڵبدە بەشێوەیەکی ئاسان و چۆن خۆت پێت پەسەندە زانیارییەکان بە قوتابییەکان بڵێ، بەڵام کەم کەم و لەسەرخۆو پەلە مەکە لە پێدانی سەرجەم زانیارییەکە لە یەك سات و یەك کاتدا، بۆیە پشودرێژبەو لەگەڵ جێبەجێکردندا زانیارییەکانی تریان پێ بدەیت بۆ قوتابییەکان باشترە، چونکە قوتابییەکە بە یەکجار زانیارییەکان وەرناگرێت و توانای ئەوەشی نییە.

٣. هەوڵبدە کاغەزی ترێس و هێڵی بەیانی ئامادە بکەیت بۆ ئەوەی ئاسانکارییەك بێت بۆ قوتابییەکان و باشتر ئەرکەکە جێبەجێ بکەن. منداڵەکان دەتوانن کاغەزی ترێسەکە بۆ دووبارەکردنەوەی نەخشەکان بەکاربهێنن و هێڵە بەیانییەکانیش بۆ کێشان و نەخشکردنی ئەو بابەتەی حەزی پێدەکەن، بێگومان لە ژێر چاودێری بەڕێزتان و بە ئاڕاستەکردنی قوتابییەکان ئەنجام دەدرێت.

٤. پێویستە چەند هەنگاوێکی شێوازی کارکردن لەبەرچاوی قوتابییەکان ئەنجام بدەیت، تا بزانن چۆن دەستپێبکەن؟ و چی بکەن؟ هەروەها چەند نموونەیەکیش پیشانی قوتابییەکان بدە.

٥. ئەگەر چەند فیلمێکی دیکۆمێنتاری، یان ئەگەر چەند وێنەیەکی ئامادەکراو لەسەر سروشت و ژینگە ئامادە بکەیت زۆرباشتر دەبێت، بەتایبەت گۆڤاری نەخشەسازی جلوبەرگ، یان نەخشەسازی کەلوپەلی ناوماڵ، یان نەخشەسازی پەردەو کەرەستەو شمەکی پێویستی ناوماڵ، بۆ ئەوەی قوتابییەکان چەندین نموونەیان لابێت و سروشی لێ وەربگرن و هاوکارێکی باشیش دەبێت بۆ خەیاڵکردن و ورووژاندن.

# وانەی دووەم

**تەوەر: نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا**

**بابەت: پێکهاتەکانی نەخشەسازی و شیکردنەوەی شێوەکان**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە**

---

## چۆن پێکهاتەکانی نەخشەسازی لە سروشتدا بدۆزینەوەو شیکار بۆ شێوەکانی بکەین؟

یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی نەخشەسازی ڕازاندنەوە بریتییە لە خەیاڵکردن لە سروشتدا و پێدانی بەهای جوانناسییە بە شتەکان. لەم وانەیەدا مامۆستا هەوڵدەدات توانای داهێنان و چۆنییەتی خەیاڵکردن لای منداڵ گەشە پێبدات و هەنگاو بە هەنگاو و بە شێوەیەکی پلان بۆدارێژراو لە ڕێگەی ڕاهێنانەوە بەها جوانەکانی سروشت و ژینگە بە قوتابییەکان بناسێنێت، بەمەش قوتابی توانای تێبینیکردن و سەرنجدان و شیکردنەوەی بۆ شتەکانی دەوروبەری زۆر باش دەبێت، لە کۆتاییشدا دەتوانێت شتەکان دووبارە بکاتەوەو دواتریش بابەت و نەخشی تر بۆ ڕازاندنەوەکە زیاد بکات لە کارە هونەرییەکەدا، کە داهێنراوی خۆیەتی.





کەواتە بۆ زیادکردنی یەکەی ڕازاندنەوە و دەرخستن و کێشانی بابەتی تازە پێویستمان بە چەند هەنگاوێك دەبێت بۆ جێبەجێکردنی لە کارە هونەرییەکەماندا لە ڕێگەی ئەم چەند هەنگاوەوە:



١- قۆناغی توێژینەوەو لەبەرگرتنەوە (کۆپیکردن): بریتییە لە تۆمارکردنی شتە ڕاستییەکان هەروەك چۆن لە سروشتدا هەن.

٢- قۆناغی شیکردنەوە: توێژینەوەیەکی ورد بۆ شێوەو پێکهاتەکان دەکەین، تا لە شێوازو یاسای بنیاتنانی شێوە ئەندازەییەکە تێبگەین، کە لە سروشتدا هەیە و لە وردەکارییەکانی، ئنجا لە بەها جوانییەکەی ڕابمێنین.

٣- قۆناغی ئاسانکردن: ساکارکردنەوەی شێوەو پێکهاتەکان و داماڵینی لە هەندێك وردەکاری بێ ئەوەی شێوەو سیستەمی پێکهاتەکەی تێکبدەین.

٤- قۆناغی دووبارە داڕشتنەوە: دووبارە داڕشتنەوەی شێوەکان لە ڕێگەی ‹‹کورتکردنەوە (قرتاندن) و ساکارکردن و زیادەڕەویکردن›› لە هەندێك شوێندا، یان ‹‹گەورەکردن و بچووکردنەوە و کۆکردنەوەو لێکبەستنی هێڵ و پانتاییەکان››.



٥- قۆناغی دەرختنی شێوە نوێیەکە: لە ڕێگەی ڕێکخستنی یەکەکان و دووبارە کۆکردنەوەیان، یان لێکبەستنەوەیان بە شێوازێکی نوێ.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

شیکردنەوەی پێکهاتەو ئاسانکردنی بە مەبەستی بەدەستهێنانی یەکەیەکی ڕازاندنەوە.

## قوتابی چی فێردەبێت؟



- قوڵتر لە شتەکان دەڕوانێت و بەهای جوانییان بۆ دادەنێت و پاشان چێژیان لێوەردەگرێت و لە هەمانکاتیشدا پەیوەندی نێوان ئاستی جوانناسی و شێوە ڕووکەشە بەرجەستەکانیان لەگەڵ پێکهاتەکانیان دەستنیشان دەکات.
- گەشە بە توانای تێبینیکردن و بەدواداچوونی سیستەمی بنیاتنان دەدات

لەو شێوەو پێکهاتانەی، کە لە سروشتدا هەن.

- قوتابی دەتوانێت کۆمەڵێك هێڵکاری بکێشێت بە سروش وەرگرتن لە سروشت.
- ئاشنا دەبێت بەو بنەماو پێکهاتە سەرەکییانەی پێویستن بۆ کارێکی هونەری.
- ئاشنای کۆمەڵێك کاری هونەرمەندانی کورد دەبێت.

## بیرۆکەی پێشنیارکراو:



- توێژینەوەو کارکردن لەسەر شێوەو پێکهاتەی ‹‹گەڵای درەخت، ماسی، باڵندە››.
- ڕاهێنانکردن لەسەر سادەکردنەوەی ئەو شێوەو پێکهاتانەی، کە خوێندمان و دایانبڕێژینەوە لە یەکەیەکی ڕازاندنەوەداو پاشان دەریانبخەین.
- سوود وەرگرتن لە شێوەو پێکهاتەی دروستکراوو کاریان لەسەر بکەین و پاشان شیکارییان بکەین و لە یەکەیەکی ڕازاندنەوەدا بیانخەینە ڕوو.
- یان هەرشتێك، کە مامۆستا پێی پەسەندە، بەو مەرجەی لە یاساکان لانەدات.

## ئەرکی مامۆستا:



پێویستە مامۆستا لەکاتی جێبەجێکردنی بابەتەکەدا ڕەچاوی کاتی دیاریکراو بکات و پەیوەستبێت پێیەوە، وەك چۆن لە پلانەکەیدا ئاماژەی پێداوە. هەروەها بابەتەکان بەپێی ئەو زنجیرەی بۆی دانراوە جێبەجێ بکات و پاش و پێشیان پێنەکات. هەروەها لە پلانەکەیدا ڕەچاوی ئەو ڕۆژە پشووانە بکات، کە دێنە ڕێگەی وانەکەو پاشان قەرەبوویان بکاتەوە بێ ئەوەی کار لە پلانەکەی بکات. دەتوانرێت ڕێنماییەکان گۆڕانکارییان تێدا بکرێن، بەڵام بەومەرجەی لە یاسا گشتییەکە لانەدات. هەروەها مامۆستا دەتوانێت ئەو بیرۆکەو بابەتانەی خۆی پێی پەسەندن بۆ جێبەجێکردن تێکەڵی بابەتی وانەکەی بکات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی:



١. پێویستە بە شێوەی سادەو ساکارانە دەستپێبکات، کە لە سروشتدا هەن و جێبەجێکردنی بۆ قوتابییەکان ئاسانە، وەك: لولپێچی درەختی مێو، کە نموونەی پەنجەرەکانی شاری ئاکرێیە.

٢. لەکاتی جێبەجێکردندا پشت بە شێوازی یەك لەدوای یەکی ئاسن ببەستێت، تا دەگاتە نەخشونیگاری سەربالّی پەپوولە، کە کێشانی کەمێك سەختە. واتە لە ئاسانەوە بەرەو سەختی هەنگاو بنێ.







## ڕێنمایی بۆ مامۆستا:



١. سەرەتای وانەکە بە کەلتورو فەرهەنگی کوردی دەستپێبکەو لەبارەی کاردەستی هونەرییەوە بدوێ.

٢. وا دیمەنە سروشتییەکان پیشان بدە، تا ببنە جێگەی سەرنجی قوتابییەکان.

٣. چەندین فیلم و وێنەی جۆراوجۆری ئاژەلّان و بالّندە و گژوگیا پیشانی قوتابییەکان بدە و شێوەو بەهای هونەرییان بۆ قوتابییەکان ڕوون بکەوە.

٤. چەند نموونەیەکی بەرجەستەی گەڵای درەخت و میوە پیشانی قوتابییەکان بدە. هەروەها پێیان بڵێ سەیری بکەن و خەیاڵبکەن، دواتر چێژ لە جوانییەکەی وەربگرن.
٥. بیرۆکەی کار بخە ڕوو، پاشان داوایان لێبکە گفتوگۆی لەبارەوە بکەن.
٦. قوتابییەکان ڕاسپێرە، تا بە کەرەستەو شمەکەکان کارەکە جێبەجێبکەن، بەڵام با وانەکە لە ئاست توانستە عەقڵی و لەشەکییەکانی قوتابییەکاندا بێت.
٧. وایتبۆرد بەکاربهێنە بۆ خستنەڕووی دەستەواژە تازەکان.
٨. هەندێك نموونەو کلێشەی جۆراوجۆر بۆ قوتابییەکان بهێنەوە، تا بە باشی لە بیرۆکەی کارکردنەکە تێبگەن.

## بڕگەی جێبەجێکردن



- قوتابییەکان ئازادبکە، تا هەریەکەیان شێوەی گەڵایەك، یان هەرشێوەیەك خۆیان دەیخوازن هەڵبژێرن و پاشان ئاسانی بکەنەوە ((شێوەکە سادە بکەنەوە)).
- با قوتابییەکان چەندین جار ئەم شێوانە بەکاربهێننەوە ((دووبارەکردنەوە)) بە کۆمەڵ و بە تاك.



- کەرەستەو شمەکی جۆراوجۆر بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی پلەی ڕەنگی و شێوەی فرەجۆر، بۆیە پێویستە سەرەتا بە قەڵەم

ڕەساس کارە سەرتاییەکە ئەنجام بدەن، پاشان کاری ڕەنگکاری تێدابکەن، نەکا هەڵە بکەن.

- ئەگەر قەڵەم ‹‹سۆفت، یان ماجیك›› بەکاربهێنرێت زۆر گرنگ دەبێت بۆ دەرخستنی شێوەکان و سنووری کۆتایی شێوەکان دیاری بکە.



- بۆ قوتابییەکانی ڕوون بکەوە، کە بۆ وانەکانی تر کەرەستەو شمەکە خاوەکان دەگۆڕین و شتی تازەتر دەخەینە ڕوو.
- هەندێك لە کاری هونەرمەندان بخە بەردەم قوتابییەکان، بەتایبەت ئەو هونەرمەندانەی کارەکانیان پڕە لە ڕازاندنەوەو گفتوگۆی ئاستی جوانناسی تابلۆکانیان لەگەڵدا بکە.





## ئەوەش بخەرە سەر خەرمانەی زانیارییەکانت

### قەڵەم ڕەساس Pencil:

شمەکێکی شێوە خڕە و بۆ نووسین لەسەر کاغەز بەکاردێت و لە گرافیك دروستکراوەو ڕووپۆشکراوە بە تەختە، یان پلاستیك. قەڵەم ڕەساس لە سەدەی هەژدەیەم دۆزراوەتەوە، پێش ئەو کاتە مرۆڤ لە ڕێگەی مرەکەبی شلەوە بە پەڕەموچ، یان قامیشی بەکاردەهێنا بۆ نووسین، پاشان قەڵەم ڕەساس دروستکرا، هەرچەندە ئەم قەڵەمە لە گرافیك دروستکراوە، نەك ڕەساس. وشەی ‹‹Pencil››ی ئینگلیزی بە واتای قەڵەم ڕەساس دێت و لە ناوە لاتینییەکەیەوە وەرگیراوە، کە پێی دەڵێن ‹‹Penicillus›› بە واتای ‹‹جیَ نەخشی بچووك››، هونەرمەندان ئەم قەڵەمە بەکاردەهێنن بۆ کاری هونەری و ئەوانیش دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:



**جۆری یەکەم:**

بە (H) ناسراوە. مادەکەی ڕەقە. لە کاڵەوە بۆ کاڵترین تۆنی پێدەکێشرێت، لە بێژمارەوە، تا ژمارەکانی زۆترین ڕێژەی کاڵیەکەی زۆرتر دەبێت (HB, H, H1, H2,...). بۆ کاری هونەری زۆر تایبەت سودی لێوەردەگیرێت (وێنەیەك زۆر هەستیار بێت)، بەڵام بۆکاری ئەندازەیی و نەخشەسازی ئامانجدارە (نوکی ڕەقەو نەخشەی هەستیاری پێدەکێشرێت) بە هۆی خۆگرییەکەی لە قۆناغەکانی خوێندندا، قوتابی سوودی لێوەردەگرێت بەتایبەت بیَ ژمارەی جۆری (HB).




**جۆری دووەم:**

بە (B) ناسراوەو مادەکەی نەرمە. لە تۆخەوە بەرەو تۆخترین تۆنی پیَ دەکێشرێت. لە بێژمارەوە، تا زۆرتر ڕێژەی تۆخییەکەی زۆرتر دەبێت (B, B1, B2, B3,...). بەهۆی نەرمی ئەو مادەیەی هەیەتی (خەڵون زۆر مەسرەفە، چونکە پێویستی بە دادان و زوو تیژکردنەوە هەیە. بە دادان، دانادرێت و پێویست دەکات بەکەتەرو بەشێوازێکی نەرم مامەڵەی لەگەڵدابکەیت و تیژی بکەیتەوە، تا نووکی نەشکێت. هونەرمەندان و کەسانی خاوەن ئەزموون لەبواری نیگارکێشان بەکاریدەهێنن. بەکارهێنانی لێزانی و وەستایی دەویَ، چونکە دەست وکاغەز پیس دەکات. بۆ کاری خێرا بەسوودە. مامۆستا دەتوانێت سوودی لێوەربگرێت بۆ قوتابییانی سەروو (١٢ ساڵی). ئەم قەڵەمە تۆنی زۆر جوانەو سەرنج ڕاکێشە. لە نێوان هەردوو جۆرە قەڵەمەکەدا ڕەنگێکی هاوبەش هەیە کە بە (HB) ناسراوەو ڕەنگێکی ئاسایی هەیە.





هونەرمەندی کورد (ڕۆستەم ئاغالە) ناوی تەواوی ڕۆستەم ڕەسوڵ ئاغالەیەو لە ساڵی (١٩٦٩) لە شاری کۆیە لەدایک بووە. دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە لە ساڵی ١٩٨٩. خاوەنی شێوازی کارکردنی خۆیەتی لە نیگارکێشان و دانانی ڕەنگدا. چەندین پێشانگەی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا کردۆتەوەو تابلۆکانی بە وڵاتاندا بڵاوبوونەتەوە. سوودی لە هێماو شێوەی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووەو نەخشەسازی و ڕازاندنەوە لە تابلۆکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.







## ئەم هەڵسەنگاندنە پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت

**ئامرازی جێبەجێکردن:** خشتەی هەڵسەنگاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** بەرهەمی ئەو چالاکییانەی ئەنجامی داوە.

| خشتەی هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کارامەیی لەکاتی کارکردندا | | |
|---|---|---|
| ناوی قوتابی: | | پۆل و لق: |
| تەوەر: | بابەت: | ڕۆژ: |

| ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن | | نرخاندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | باش | زۆرباش | نایاب |
| ١ | کەرەستەو پێداویستییەکان ئامادە دەکات بۆ کارکردن. | | | |
| ٢ | نەخشەسازی دەکات بۆ ئەو شێوەیەی دەیەوێت. | | | |
| ٣ | بە شێوەیەکی دروست کەرەستەکان بەکاردەهێنێت. | | | |
| ٤ | ڕەنگ و کەرەستەی شیاو بەکاردەهێنێت. | | | |
| ٥ | فرەجۆری لە بەکارهێنانی کەرەستەکاندا پەیرەو دەکات. | | | |
| ٦ | ڕەچاوی ڕێژەی کەرەستەکان دەکات لەکاتی جێبەجێکردندا. | | | |
| ٧ | قوتابییەکە پشت بەخۆی دەبەستێت. | | | |
| ٨ | ڕەچاوی پاکوخاوێنی دەکات لەکاتی کارکردندا. | | | |
| ٩ | ڕەچاوی یاساکانی خۆپارێزی و ئاسایش دەکات. | | | |
| ١٠ | کارە هونەرییەکەی بە تەواوی تەواوکرد. | | | |
| ١١ | هەست بە پەیوەندی نێوان نەخش و ڕازاندنەوەکان دەکات. | | | |
| ١٢ | جیاوازی دەکات لە نێوان نەخشە ئەندازەیی و ناڕێکەکاندا. | | | |

# وانەی سێیەم

**تەوەر: نەخشەسازی و داهێنان لە ڕازاندنەوەدا**

**بابەت: خۆشنووسی**

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە**

# خۆشنووسی



**بریتییە لەو هێڵە جوان و سەرنج ڕاکێشانەی، کە سەما دەکەن لە سەر کاغەز، یان پێستەی ئاژەڵ، یان هەر کەرەستەیەکی تر. خۆشنووسی خاوەن تایبەتمەندیەکی زۆر جوانەو بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و جوانی ئاست بەرز ڕازێنراوەتەوە. خۆشنووسی (جواننوسی) لای کورد جێگەیەکی تایبەتی هەیەو خاوەنی جوڵەو سەمایەکی تایبەتییە، کە شێوەی پیتە کوردییەکان پیشان دەدات.**

# خۆشنووسی



نوسین و وێنەکێشانی میسریە کۆنەکان، بەیەکەوە نمایش کراوە.ئێمە پێی دەڵێین، وێنەی رونکاری.

لەدوای چەرخی بەردینی نوێ، مرۆڤ هەوڵیداوە، لە بری ئەوەی دەربڕینەکانی تەنها بە وێنە بمێنێتەوە، هەوڵیدا پیت و وشەش دابێنێت. هەوڵەکەشی سەرکەوتوو بوو. توانی لەگەڵ وێنەکان وشەو پیتیش دابنێ، وەك میسریە کۆنەکان (فیرعەونییەکان)، دواتر وێنەکانی لابردو تەنها وشەکان مانەوە، وەك سۆمەری و ئەکەدی و ئاشورییەکان، تا ژیان گۆڕانکاری بەسەردا دەهات و مرۆڤیش زۆرتر پێویستی بە نوسین و خوێندن دەبوو، تا ژیانی ڕۆژانەی خۆی بنوسێتەوە،



سەرەتا مرۆڤ تەنها بەوێنە شتەکانی دەربڕیوە.

وەك: چی بۆ هاتووە؟ چی فرۆشتووە؟ بەکێی فرۆشتووە؟ چەندی فرۆشتووە؟ چەندی ماوەتەوە؟ پارەکەی چەندە؟ چەندی دراوە؟ و چەندی گۆڕاوە؟... ئەمانەو چەندانی تر. مرۆڤ بە گرنگیەوە لە ڕابردووی ڕوانیوە دەبوایە، وەك یاداشتکردن نوسراوان و هەڵگیراوان، وەك سەنەدێکی دیکۆمێنتی، تا کەس بیری نەچێتەوەو بمێنێتەوە. ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە زۆر گرنگە باسی بکەین، خۆشنووسییە بە پیتە جوانەکانی کوردی، تا قوتابییەکانت بتوانن بە خەتێکی جوان و ڕەوان بنووسن و بخوێننەوە، خەتناخۆشی، یان خەتناڕێکی یەکێکە لەو ئەزموونانەی قوتابی پێیدا تێدەپەڕێ، کەواتە بۆ ئەوەی خەتخۆش بن، پێویستە چەند هەنگاوێك بنێن، تا بتوانن بە جوانترین شێوە هێڵ و نوسینەکانیان جوان بکەن و دواتر شانازی بەخۆیانەوە بکەن، کە خەتیان خۆشە وشەکانیان جوان نوسیوە و ڕستەکانیان بە باشی دەربڕیوە. مامۆستای بەڕێز هەوڵبدە قوتابییەکانت بێ ئومێد نەبن لە درەنگ



نوسینێکی بزماری ئاشورییەکان، لە ڕانیە دۆزراوەتەوە.

فێربوون، هەوڵەکانت چڕ بکەوەو لەگەڵ کەمێك خۆماندووکردن، دواتر قوتابییەکانت دەتوانن باشترو باشترین بن لە ئاینده و داهاتوودا.

## خەتی ڕوقعە

بەیەکێك لە خەتە جوان و سادەکان دادەنرێت. ئەگەر بتەوێت فێری جۆرەکانی تری خۆشنووسی ببیت، پێویستە سەرەتا بە خەتی ڕوقعە دەست پێبکەیت. چونکە بە بنەمای خەتخۆشی دادەنرێت و کۆمەڵێك یاساو ڕێسای خۆی هەیە. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەنجامی بدەین، تەنها کۆمەڵێك پرۆڤەی سادەن، تا دەست و پەنجەکانت ڕابێت لەگەڵ قەڵەم، یان قامیشەکەت. یەکەم هەنگاو پێویستە نەترسیت و کارەکە زۆر بە سادەیی وەربگرە. قەڵەمەکەت بخەرە ناو پەنجەکانت و لە بەسەرداچونەوەی خەیاڵیدا دەست پێبکە. بۆ نموونە، لەهەوادا پرۆڤە بکە و بەسەر پیتەکاندا بچۆوەو بزانە چیت پێدەکرێت؟ کۆڵ مەدەو بەردەوام بە.

بۆ ڕاهێنان لەسەر خۆشنووسی، پێویستمان بە چەند کەرەستەیەك دەبێت، وەك:

- ✓ قامیش
- ✓ قوتوی مرەکەب (قوتوەکە، لۆکەی تێبکەو دواتر کەمێك مرەکەبی بەسەردابکە).
- ✓ مرەکەبی چینی باشترینە بۆ ئەم کارەمان.
- ✓ پاندان، یان قەلەمی تایبەت بە خۆشنووسی هەیەو مەرەکەبی تێدەکرێت.
- ✓ ماجیکی تایبەت بە خۆشنووسی (دەمی ماجیکەکە بڕدراوە).
- ✓ بۆ کارەکەی ئێمە ماجیکەکە زۆر باشەو لەبازار دەست دەکەوێت و هەرزانە و جەستە پیس ناکات و بەئاسانی کۆدەکرێتەوەو هەڵدەگیرێت.
- ✓ کاغەزی سپی، (A4, A3) ئەگەر ئەوانەت دەست نەکەوت، هەوڵبدە لەسەر ڕۆژنامە، یان گۆڤاری بەکارهاتوو ڕاهێنان بکە. ڕاهێنان لەسەر شوشەی ڕوون زۆر باشەو نوسین لەسەری ئاسانەو باشتر فێردەبیت.
- ✓ کارکردن لە بواری خۆشنووسی، پێویستی بە دڵ و دەرونێکی ئارام هەیە.

## چەند کەرەستەیەکی خۆشنووسی:















قامیشی خۆشنوسی







قامیشی خۆشنووسی، دەتوانرێت ئامادە بکرێت، تاقیبکەوە، دڵنیام دەتوانی.

ناساندنی چەند پیتێك. خۆت هەوڵبدە پیتەکانی تریش بدۆزیتەوەو ڕاهێنانیان لەسەر بکە. سەیری جوڵەی تیرەکە بکە و ئاڕاستەکان لەیاد مەکەو دووبارەیان بکەوە. هەنگاو بەهەنگاو ئەنجامی بدە و پەلەمەکەو پشوو درێژبەو ئارام بگرە لە جێبەجێکردن.







ف له کۆتایی ف له سەرەتا ف له ناوەڕاست



ف له کۆتایی، پێوەنوساو ق له کۆتایی ق له کۆتایی، پێوەنوساو

## چەند ڕاهێنانێك لەسەر ئەم پیتانە بکە.






**من دەتوانم، من دەزانم.**





ع لە کۆتایی، سەربەخۆ



ع لە سەرەتا



ع لە ناوەڕاست



ع لە کۆتایی، پێوەنوساو

## ڕاهێنان لەسەر ئەم پیتە بکە.




له‌ كۆتایی
له‌ سه‌ره‌تا
له‌گه‌ڵ پیته‌كانی تر
له‌ناوه‌ڕاست
له‌ كۆتایی. پێوه‌نوساو


له‌ كۆتایی
له‌ سه‌ره‌تا
له‌گه‌ڵ پیته‌كانی تر
له‌ كۆتایی
له‌ سه‌ره‌تا
له‌گه‌ڵ پیته‌كانی تر
له‌ناوه‌ڕاست
له‌ كۆتایی. پێوه‌نوساو
له‌ناوه‌ڕاست
له‌ كۆتایی. پێوه‌نوساو

*ئەم نوسینی ڕاهێنانە لە لایەن خۆشنووسی کورد (سەید هاشم سەیدحیسامەدین) ـەوە نوسراوە بۆ قوتابی کورد.








ز ر هژ





















**ماموٚستای خوٚشنووس (کارزان ئەفەندی)**

**لەگەڵ قوتابییەکانیدا ڕاهێنان دەکات و چاودێری و ڕێنمایییان پێدەدات.**

## ئەركی مامۆستاو شێوازی خستنەڕوو:

مامۆستای بەڕێز، پێویستە دەستپێكی وانەكە بخوێنێتەوەو كورتە مێژوویەك لە بارەی نووسینەوە بۆ قوتابییەكان ڕوونبكەیتەوە، پاشان هەنگاوەكانی كاركردنیان بۆ ڕوونبكەوەو گرنگی و سوودی خۆشنووسییان پێ بڵێ. كەواتە لەسەرشانتە وانەكەیان لێ سەخت نەكەیت و بە شێوەیەكی سادەو ساكار تێیان بگەیەنیت، تا بزانن سوودەكانی خۆشنووسین چییە؟ ئەگەر لەمەبەستەكە تێگەیشتن، ئەوا بە دڵنیاییەوە چێژ لە وانەكە وەردەگرن و ئارەزووی كاركردنیان لا زۆر دەبێت. كەواتە لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەر ئەوەیە، كە نابێت، وەك وانەیەكی زارەكی مامەڵە لەگەڵ وانەكەدا بكات، بەڵكو ئەوە وانەیەكی كردارەكییەو لەسەرشانتە بە كرداری وانەكە بە قوتابییەكان بڵێیت و ئەوانیش ئەركەكانیان جێبەجێ بكەن. بە واتایەكی دی وانە كرداریيەكان خۆشەویستترن لای قوتابییەكان، وەك لە وانە زارەكییەكان، بۆیە ئەركی مامۆستایە ڕەچاوی ئەم بۆچوونانەی سەرەوە بكات و فەرامۆشیان نەكات. بیریشت نەچێت خۆشنووسی پێویستی بە پشوودرێژییە.



زاناو مێژوونووس وخۆشنووسی ناوداری كورد (شێخ محەمەد تاهیری كوڕی شێخ عەبدولقادری كوردی) لە ساڵی (١٩٠٣) لە شاری مەككە لەدایك بووە. باوكی شاری هەولێری بەجێهێشتووەو بۆ خواپەرستی ڕووی لە مەككە كردووە. خاوەنی (٤٠) كتێبەو بە یەكێك لە خۆشنووسە ناودارەكانی جیهان دادەنرێت. لە ساڵی (١٩٨٠) لە شاری مەككە كۆچی دوایی كردووە. خاوەنی دەستنووسی قورئانی پیرۆزە و ئێستا لە ماڵی خوا پارێزراوەو بە یەكێك لە دەستنووسە دەگمەنەكانی جیهان دادەنرێت.










خۆشنووسی ناوداری کورد (حامید ئامەدی) ناوی تەواوی (شێخ موسای عەزمییە) و بە یەکێك لە خۆشنووسە ناودارەکانی جیهان دادەنرێت لە سەدەی ڕابردوودا. ساڵی (١٨٩١) لە شاری ئامەدی باکوری کوردستان لەدایك بووەو کوڕی خۆشنووسی ناودار (ئامەدییە). لە ئەستەنبوڵ فێری خۆشنووسین بووەو لە




ساڵی (١٩١٨) دەوڵەتی عوسمانی ناردوویەتی بۆ ئەڵمانیا، تا باشتر لەبارەی خۆشنووسییەوە کارامەیی وەربگرێت. لە یابان و میسرو ئەڵمانیاوە قوتابی هەبووە. خاوەنی زیاتر لە (١٠٠) دەستنووسی کتێبی قورئانی پیرۆزە. لە ١٨ی ئایاری (١٩٨١) کۆچی دوایی کردووە.

## هەڵسەنگاندن

ئامانجی هەڵسەنگاندن: هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت.

ئامانجی فێرکاری: خەتخۆشی لە نووسیندا.

ئامرازی هەڵسەنگاندن: پەیژەی هەڵسەنگاندن.

| ژمارە | ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ قەڵەمدا بکات. | | | |
| ٢ | بە باشی دەنووسێت و گیر نابێت. | | | |
| ٣ | جیاوازی دەکات لە نێوان نوسینی ئاسایی و خۆشنووسیدا. | | | |
| ٤ | ئاسوودەیە لەکاتی جێبەجێکردندا. | | | |
| ٥ | ڕووی کاغەزەکەی پیس ناکات. | | | |
| ٦ | کارەکەی خۆی لا پەسەندە. | | | |
| ٧ | داوای هاوکاری لە هاورێکانی دەکات. | | | |

# تەوەری شەشەم




# کاردەستی Handcraft

تەوەر: کاردەستی.

بابەت:  دروستکردنی شێوەی جیاواز.

کاتی دیاریکراو: بەشە  وانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتمەندەکان.

# کاردەستی Handcraft

قوتابی لەم قوناغەدا گەشەی لەشەکی و عەقڵی چۆتە پێش و باشتر دەتوانێت کەرەستەو شمەك بەکاربهێنێت، چونکە باشتر لەجاران ماسولکە بچووکەکانی کۆنترۆڵ دەکات و لە یەك کاتدا دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان ماسولکە بچووك و گەورەکاندا ڕابگرێت و لە هەمان کاتیشدا هاوسەنگی لە نێوان هەستی بینین و دەستلێداندا دەکات، وە ئەگەر بەباشیش نەتوانێت وا بکات، ئەوا بێگومان هەوڵیان بۆ دەدات و فەرامۆشیان ناکات، چونکە ویست و ئارەزوورییەك هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەی، وەك بیرۆکە لە خەیاڵیدا ماوەتەوە. کەواتە منداڵ لەم وەختەدا کۆمەڵێك بیرۆکەو ئاستی خەیاڵکردنی بەرەو پێشەوە چووەو ئەزموونی وەرگرتووەو بە کۆمەڵێك تاقیکردنەوەدا گوزەری کردووە، بۆیە ئەوەی لەسەر مامۆستای کارزانە، ئەوەیە تەنها چەند هەنگاوێك لەگەڵ قوتابییەکانی بچێتە پێش و خۆیان لێ بەدوور نەگرێت، وەك:

١- خەیاڵی قوتابییەکان بوروژێنێت، تا ئاستی بیرکردنەوەیان فرەوانتر بێت.

٢- هەمیشە بە بیرۆکەی نویێ قوتابییەکان سەرسام بکات.

٣- لە قوتابییەکان دورنەکەوێتەوەو هەمیشە، وەك هاوڕێیەك لەگەڵیاندا ڕەفتار بکات.

٤- شێوازی گفتوگۆو دواندنی لەگەڵ قوتابییەکان باشبێت و لە ڕێزو ستایش دەرنەچێت. هەروەها ئاگاداری ئەم وشەو دەستەواژانەش بێت، کە لە پۆلدا، یان لە هۆڵی فرەمەبەستدا بەکاریان دەهێنێت. هەمیشە هەوڵبدات وشەو دەستەواژەی شیاوو گونجاو هەڵبژێرێت، چونکە قوتابییەکان بەرەو هەراشبوون هەنگاودەنێن و دڵیان ناسك دەبێت و لە زۆرشتیش تێدەگەن.

٥- مامۆستا وشەو دەستەواژەی هونەری بەکاربهێنێت و قوتابییەکانی لەسەر ڕابهێنێت و جار جارەش وشەو دەستەواژەی وانەکانی ڕابردوویان بیربخاتەوە.

# وانەی یەکەم

**تەوەر:** کاردەستی.

**بابەت:** دروستکردنی شێوەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی جیاواز.

**وانە:** لکاندن – کۆلاج Collage

**کاتی دیاریکراو:** ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)

---

# لکاندن – کۆلاج Collage



مامۆستا هەوڵدەدات لەگەڵ قوتابییەکان وانەی لکاندن ببەستێتەوە بە وانەی نەخشەسازی و داهێنان لە شێوازی ڕازاندنەوەو گوزارشتکردن بە کەرەستەو شمەکی جیاواز. لەم وانەیەدا پێویستە مامۆستا پشت بە نەخشەسازی و ڕازاندنەوە ببەستێت و قوتابییەکان سەرقاڵ بکات بەو داهێنان و بیرۆکانەی، کە قوتابییەکە لە وانەکانی پێشوودا نەیتوانیووە جێبەجێیان بکات.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

**سوودە زانیارییەکان:**

قوتابییەکان زانیاری نوێ لە بارەی داهێنانەوە فێردەبن.

**سوودە کارامەییەکان:**

قوتابییەکان کەرەستەو شمەکی نوێ تاقیدەکەنەوە.

**سوودە ویژدانییەکان:**

هەنگاوێکی نوێ دەچێتە پێش لە بارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانییەوە.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

**فێرکردنی پێشوەخت**

پێویستە قوتابییەکان بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

١- هەندێك بیرۆکەی نوێم پێ دەڵێن؟

٢- دەتانەوێت چۆن جێبەجێی بکەن؟ هەنگاوەکانم بۆ ڕوون دەکەنەوە؟

٣- دەتەوێت لەکۆمەڵەدا کار بکەیت؟ یان بە تەنیا؟ بۆچی؟

## بڕگەی خۆئامادەکردن

کەرەستەو شمەکەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، ئەگەر گۆڕانکاریشی بەسەردا نەهاتبێت، ئەوا بێگومان شێوازی بەکارهێنان و بابەتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، چونکە قوتابییەکان ئەم جارە بە هەموو شتێك ڕازیناین و دەیانەوێت جیاوازتر لە جاران کار بکەن و شتی نوێ بەرهەم بهێنن، کە لەمەوپێش نەدیتویانەو نەکردوشیانە. واتە تاقیان نەکردۆتەوە، بۆیە ئێستا بەدوای کارو کەرەستەی نوێدا دەگەڕێن، تا بەرهەمێکی ناوازەی هونەری پێ بەرهەم بهێنن.

ئەرکی مامۆستایە هەنگاوەکانی کارکردن بۆ قوتابییەکان دیاری بکات و بیرۆکەو پێشنیارەکان لە قوتابییەکان وەربگرێت و پاشان کات دیاری بکات بۆ جێبەجێکردن، ئنجا هەموو پرۆسەکە بە جوانی بەڕێوە دەچێت و ئەگەر کێشەیەکیش هاتە ڕێگە، ئەوا بێگومان دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، چونکە منداڵەکان گەورەبوون و گوێڕایەڵی مامۆستا دەبن، چونکە حەز بە وانەکە دەکەن، ئەگەر سەرکێشییەکیش هەبوو، پێویستە فەرامۆشی نەکەیت و لە هۆکارەکەی بکۆڵەوەو چارەی بکە.

چالاکی ١:



دوای ئەوەی قوتابییەکان لە بواری نەخشەسازی و ڕازاندنەوەدا زانیارییان کۆکردەوەو مامۆستاش چەندین نموونەی بەرجەستەی خستە بەردەستی قوتابییەکان، ئەوا ئێستا قوتابییەکان ئامادەن بۆ ئەنجامدانی کارێکی هونەری پڕ لە ڕازاندنەوە، بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی و پاکی و ئاستبەرزی لە جێبەجێکردندا. قوتابییەکان تەنها پێویستیان بە پیرۆکەیەك دەبێت، تا کارەکەی لەسەر ئەنجام بدەن، یان وروژاندن، تا پیرۆکەی خۆیانی لەسەر هەڵبچنن و پاشان ئەنجامی بدەن. لەم





چالاکییەدا مامۆستا دەتوانێت پشت بە کاغەزی لەزگەی ڕەنگاوڕەنگ، یان پەڕۆی لەزگەی ڕەنگاوڕەنگ ببەستێت



و دواتر قوتابییەکان ئاراستە بکات بۆ بڕینی شێوەی ئەندازەیی ڕێك و ناڕێك، تا شێوەیەکی نەخشەسازی پڕجوانی هونەری بەرهەم بهێنن، وەك لە وێنەکاندا دیارن، بە بەکارهێنانی چەندین کەرەستەو شمەکی تر، وەك: خوری و دەزووی ڕەنگاو ڕەنگ، مورو، تێلی باریك، دواتر هاوشێوەی چنین و لێکبەستن کارەکە ئەنجام بدەن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا قوتابییەکان دەتوانن هانا بۆ کەرەستەو شمەکی تریش بەرن، وەك قۆپچە، لەلەکی فڕێدراو، دارو چیلکەو هەرشتێك، کە خۆیان ئارەزووی دەکەن، ئەمەش تەنها





پێویستی بە پشتگیری کردنی مامۆستا هەیە. قوتابییەکان دەتوانن چوارچێوەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕازاوە بۆ وێنەکانیان دروست بکەن. لەگەڵ تێکەڵکردنی بیرۆکەکەیان بە بیرۆکەی تر، بەمەش ئەزموونێکی نوێ فێردەبن لە کاری لکاندن و نەخشەسازی و ڕازاندنەوەدا.



## قوتابییەکان چی فێردەبن؟

- ئێستا لە نەخشەسازی و ڕازاندنەوە تێدەگەن.
- دەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕازاندنەوەدا بکەن.



- کەرەستەو شمەك باشتر لەجاران بەکاردەهێنن و دەزانن چی دەکەن؟ و چۆن دەیکەن؟
- بیر لە بیرۆکەی نوێ و ئەنجام نەدارو دەکەنەوە.
- گیانی ململانێ گەشەدەکات لە نێوان خۆیاندا، هەمووان بەدوای داهێنان و بیرۆکەی نوێدا دەگەڕێن.
- ئاستی کۆمەڵایەتیان پێشدەکەوێت و مامەڵەیان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕێت.
- زمانی گفتوگۆی هونەریان پێشدەکەوێت و باشتر لە جاران دانوستان دەکەن.

**چالاکی ٢:**

پێویستە مامۆستا لە چالاکی دووەمدا زۆر گرنگی بە بیرۆکەی پێشنیارکراوی قوتابییەکان بدات و بواریان پێ بدات، تا بیرۆکەکانیان بخەنە ڕوو، بەڵام ئەوەی لەم چالاکییەدا زۆر گرنگ و جێگەی بایەخپێدان بێت ئەوەیە، کە پێویستە قوتابییەکان ‹‹مافی لەبەرگرتنەوە›› بپارێزن. واتە نابێت بیرۆکەی یەکتر ببەن، بەڵکو پێویستە هەرکەسەو پارێزگاری لە بیرۆکەی خۆی و هاوڕێکانی بکات، ئەگەر ویستی بەشێك لە بیرۆکەی هاوڕێکەی بەکار بهێنێت، ئەوا بێگومان پێویستە مۆڵەت وەربگرێت و پرس بە هاوڕێکەی بکات، تا ڕێگەی پێ بدات، یان نەدات.










لێرەوە قوتابی فێری یاسایەکی نوێ دەبێت و ڕێز لە ماندووبونی هاوڕێکەی دەگرێت. ئێمە چەند بیرۆکەیەك دەخەینە بەرچاوی مامۆستا، وەك بیرۆکەی پێشنیارکراو. هەروەها بە سوود وەرگرتن لە کەرەستەو شمەکی جیاواز، جا پێویستە ئەم کەرەستانە هەردوو ڕەگەز بەکاری بهێنن و ئەزموونی بکەن لە وانەی

کرداریدا.

## هەڵسەنگاندن

ئامانج: ئەم هەڵسەنگاندنە پشت بە بیرۆکەی نوێ دەبەستێت لە کاتی جێبەجێکردندا.

ئامرازی هەڵسەنگاندن: خشتەی چاودێری.

ئەنجامی فێرکاری: قوتابی بیرۆکەی پێشکەوتوو بەکاربهێنێت.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینی کردن لە کاتی جێبەجێکردندا | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| ١ | هەست بە شێوە تازەکان دەکات و جیاوازییان دەکات لەگەڵ ڕابردوو. | | |
| ٢ | دەتوانێت پێکهاتەی چڕو ئاڵۆز بە کاغەز دروست بکات. | | |
| ٣ | دەتوانێت تایبەتمەندی کەرەستە تازەکان بڵێت. | | |
| ٤ | دەتوانێت کەرەستەی تازە بەکاربهێنێتەوەو کاری نوێ ئەنجام بدات. | | |
| ٥ | دەتوانێت لەگەڵ کۆمەڵەکەی هەڵبکات و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. | | |

مامۆستای بەڕێز، پێویستە هەنگاوەکانت ورترو نەرمتر هەڵگریت و کەمێك لەسەر بابەت و شتەکان بوەستە، چونکە قوتابییەکان پەرۆشن بۆ زانین و دەیانەوێت هەر ئەمڕۆ زانیارییەکانیان پێ بڵێیت و باسی وردەکاری کارەکەیان بۆ بکەیت، بەڵام بە شێوەیەکی هاوڕێیانەو دوور لە خۆسەپێنی. بیرت نەچێت، هەوڵبدە متمانەی قوتابییەکانت بەدەست بهێنیت و پاشان کارەکەت ئاسانترو خۆشترو خێراتر دەچێتە پێش، هەتا کاری خۆسەپێنی و زمانی گفتوگۆی زبرو وشەی نەشیاو بەکاربێنیت، ئەوا قوتابییەکان لێتدەتەکنەوەو حەز بە چارەت ناکەن.

کەواتە، هەوڵی خۆت بدەو زمانی گفتوگۆی منداڵەکان بدۆزەوەو دڵیان بەدەستبهێنەو بزانە منداڵەکان بە چی دڵخۆش دەبن؟ بەچی ئاسوودە دەبن؟ ئازادییان پێ بدەو لەهەمان کاتیشدا فێری ئاکاری ناو پۆلیان بکەو بەرەڵایان مەکە هەرکەس بە حەزو ئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات. واتە ئازادییان پێ بدە، بەڵام چاودێریشیان بکە، تا منداڵەکان ئازادییەکە بەلاڕێدا نەبەن و گێرەشێوێنیت بۆ دروست نەکەن لەناو پۆلدا. سنوور بۆ ڕەفتارەکانیان دابنێ بەومەرجەی سنووردانانەکە زیان بە پرۆسەکەو وانەکەو کەسایەتی قوتابییەکان نەگەیەنێت. دەبێت خۆت بپارێزیت لەکار و جوڵەی نەشیاوو توندوتیژ، ئەمەش نیشانەی مامۆستای دڵسۆزو بە ئەمەك و بەڕێزە، یەکەم بەرانبەر بە وانەکەی، دووەمیش بەرانبەر بە قوتابییەکانی.

# وانەی دووەم

**تەوەر:** کاردەستی.

**بابەت:** دروستکردنی شێوەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی جیاواز.

**وانە:** خوری، دەزوو، داوکاری

**کاتی دیاریکراو:** ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)

# خوری، دەزوو، داوکاری



لەم هەنگاوەی کارکردن بە بەخوری و دەزووداا قوتابییەکان سوود لە بیرۆکەی وانەکانی پێشوو وەردەگرن و هەوڵ دەدەن شێوەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوە بەکاربهێنن لە کارە هونەرییەکانیاندا، بە تایبەت لەڕێگەی چنین بە خوری و دەزوو. ئەم شێوازی کارکردنە بیرۆکەی قوتابییەکان پێش دەخات و کارکردنیان گورج دەکات و بیر لە داهێنانی نوێ دەکەنەوە.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

**سوودە زانیارییەکان:**

**کچان و کوڕان بەیەکەوە کار لەو شێوازی کارکردنە هونەرییەدا دەکەن.**

**سوودە کارامەییەکان:**

**قوتابییەکان داهێنانێکی نوێ لە کارکردنی هونەری تاقیدەکەنەوە.**

**سوودە ویژدانییەکان**

**هەردوو ڕەگەز لە یەك کۆمەڵەدا کاردەکەن و هەستکردن بە جیاکاری کەمدەبێتەوە.**

## ڕاهێزان و توانستە لە پێشینەکان

**بۆ ئەوەی قوتابییەکان بتوانن، کە:**

**١- سوود لە وانەکانی نەخشەسازی و ڕازاندنەوە وەردەگرن بە کردارەکی.**

**٢- باشتر لە گرنگی نەخشەسازی و ڕازاندنەوە تێدەگەن و دەزانن و فێردەبن گرنگی ئەم وانەیە لە چی دایە؟**

**٣- بیرۆکەی نوێ، داهێنانی نوێ، ئاستی خەیاڵکردنیان پێشدەکەوێت.**

**٤- ئێستا فێردەبێت خۆی بڕیاڕ بدات چی بکات؟ و چۆن بکات؟ و بەچی بیکات؟**

## بڕگەی خۆئامادەکردن

**پێویستە مامۆستا کاری هاوبەش ئەنجام بدات لە نێوان هەردوو ڕەگەز (کوڕان و کچان) لە پۆلدا. واتە کوڕان کاری کچانە ئەنجام بدەن و بە پێچەوانەشەوە، بۆ ئەوەی لە هەستی کارکردنی یەکتر تێبگەن و ئەزموون بکەن. خوری کاری ڕەگەزی مێینەیە، بەڵام کوڕانیش حەزی پێدەکەن، چونکە نەرمەو کارپێکردنی نەرم وخۆشە. ئەم جۆری کارکردنە لە ڕستن و چنین ئاسانەو قوتابییەکان تەنها پێویستیان بە هەنگاوی یەکەمی مامۆستا دەبێت، کە یەکەم بیرۆکەی کارەکەیان بۆ شی بکاتەوە، پاشان قوتابییەکان خۆیان شێوازی کارکردن و نەخشونیگارەکان هەڵدەبژێرن و لە دواییشدا داهێنان دەکەن بە بیرۆکەی تازە. واتە مامۆستا تەنها شێوازی بیرۆکەکەیان پێدەڵێت و لە دواییدا قوتابییەکان کەرەستەو شمەکەکان هەڵدەبژێرن و ئاستی کارکردنیان بەرز دەکەنەوە، تا جوانترین نموونە دەربخەن و بەرهەم بهێنن. لەکاتی کارکردندا هەردوو ڕەگەز هاوکاری پێشکەش بە یەك دەکەن.**

## چالاکی ١:



لەم چالاکییەدا مامۆستا پێشنیارێك دەخاته بەردەم قوتابییەکان و نمونەیەکی ئامادەکراوو بەرجەسته پیشان دەدات. واته مامۆستا کارتۆنێکی شێوه چوارگۆشه، یان لاکێشه، که



قەبارەی له (٥٠×٥٠سم) کەمتر نەبێت و هەردوو سەری ڕاست و چەپی نیشانه دەکات به ڕاسته و دووری نێوان نیشانەکردنەکه (نیو سانتیم)



بێت و پاشان به مقەست به قووڵی (١سم) بیبڕێت



و پاشان به خوری ڕەنگاوڕەنگ (قوتابییەکه خۆی دیاری دەکات) ڕاست و چەپی پێدەکات، دوای تەواوبوون، به دەرزی و خوری چنینەکه دەستپێدەکات، هەروەك له وێنەکاندا ڕوونمان کردۆتەوەو شێوازی یەکەم بیرۆکەو چەند بیرۆکەیەکی کارکردنمان خستۆته ڕوو.







چالاكی ٢:





مامۆستا بە پشتبەستن بە وانەكانی ڕابردوو لە نەخشەسازی و ڕازاندنەوەدا، هەوڵدەدات بیرۆكەی نوێ بچرپێنی بە گوێی قوتابییەكاندا بە بەكارهێنانی كەرەستەو شمەكی نوێ. واتە هەندێك جار ئەم كەرەستەو شمەكانە لەبەردەستی قوتابییەكاندا هەن (لەماڵەوە)، بەڵام قەت بەبیری دانەهاتووە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم كەرەستەو شمەكانە لە كارێكی هونەری جوان و ڕازاوەدا بەكاربهێنێتەوە، بۆیە ئەم وانەیە وا لە قوتابییەكان دەكات بیر لە بیرۆكەی تازە بكەنەوەو داهێنان بكەن لە كاركردندا، هەروەك لەم وێنانەدا، چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو،



تا تۆی مامۆستاش وەك بیرۆكە سوودیان لێوەربگریت.





هەوڵبدە ئەركی ماڵەوە بدەیت بە قوتابییەكان، بە پێدانی كاتی زۆر، تا كاریگەری دروست نەكات لەسەر وانەكانی تری خوێندن.

# وانەی سێیەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: دروستکردنی شێوەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی جیاواز.**

**وانە: بەکارهێنانەوە** Recycling

**کاتی دیاریکراو: ٢ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان دریژکەیتەوە بە پێی کات)**

## بەکارهێنانەوە Recycling




**قوتابییەکان لە ڕووی هزری و لەشەکییەوە باشتر پێکەیشتوون و دەتوانن بیرۆکەی نوێ بە خەیاڵیاندابێت، چونکە ئەزموونیان زیادی کردووە لە ژیانداو باشتر شارەزابوون لە ژینگەو سروشتی دەوروبەریان، بۆیە منداڵەکەی جاران نین و ئاستی دنیابینییان جوانترو باشترە.**

## سوودی بەدەستهاتوو ئەم وانەیەدا

سوودە زانیارییەکان:

بەکارهێنانەوەی هەندێك لەو کەرەستە و شمەکانەی ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێت.

سوودە کارامەییەکان:

دروستکردنەوەو دارشتنەوەی چەندین شێوەی هونەری جیاواز لەم کەرەستە خاوانە.

سوودە ویژدانییەکان:

هەستی بەخۆزانی گەشە دەکات.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەکییەکان

قوتابی لە کەرەستە بەردەستەکان تێدەگات و دەستیان لێدەدات و بەکاریشیان دەهێنێت، بەڵام قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان بیری لەوە نەکردۆتەوە بۆ جارێکی تر هەمان ئەو شتانە لە کارێکی ترو بابەتێکی تردا بەکارهێنێتەوە، بۆیە ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە تەنها ئەوەیە بیرۆکەی نوێ، یان پێشنیار بخەینە بەردەستی قوتابییەکان و پاشان خۆیان بڕیاربدەن چی دەکەن؟ و چۆن دەکەن؟ بەم شێوەیە ئاستی خەیاڵکردن و دنیابینییان گەشە دەکات و لە هەمانکاتیشدا هەستی بەخۆزانیان گەشەدەکات و پێش دەکەوێت، لە هەمانکاتیشدا بیرۆکەی نوێ و ئاستی داهێنانیان پێشدەکەوێت و دواتر ئاستی ئەزموونکردنیان زۆرتر دەبێت، ئنجا تێدەگەن، کە دەتوانن هەمان ئەو کەرەستانەی هەیانە بۆ جارێکی دی



هەڵیانوەشێننەوەو دووبارە بیانبەستنەوە، یان لێکیانبدەنەوەو کارێکی نوێی لێ دروست بکەنەوە. ئەمەش بە جۆرێك لە داهێنان ئەژمار دەکرێت لای قوتابییەکان.

**چالاکی ١:**

کچەکان هەمیشە خاوەن مورووی جۆراوجۆرو ڕەنگاو ڕەنگن بە قەبارەو شێوەی جیاواز، کوڕانیش دەتوانن سوود لە موروو تەسبیح وەربگرن بۆ دووبارە داڕشتنەوەی شێوەیەکی تازەی هونەری، یان هەر کلێشەیەك خۆیان حەزی پێدەکەن. واتە قوتابییەکان دەتوانن نەخشەسازی بکەن بۆ کارێکی ڕازاندنەوەی هونەری جوان و سەرنج ڕاکێش. وەك لە وێنەکاندا دیارە.







**چالاکی ٢:**



ئەم چالاکییە یەکێکە لەو چالاکییە زۆر سەرنج ڕاکێشانەی، کە قوتابی زۆر حەزی پێدەکات، چونکە تێڕامان و وردەکاری زۆری دەوێت لەکاتی جێبەجێکردندا. واتە پێویستە قوتابی هەموو هەست و بیری کۆبکاتەوەو پاشان بە لێزانی و پشوو درێژییەوە کارەکەی ئەنجام بدات، چونکە



ئەگەر وانەکات، ئەوا لە جێبەجێکردندا سەرکەوتوو نابێت.

سەرەتا قوتابییەکان گەڵایەك هەڵدەبژێرن و بەشێك لە گەڵاکە بە چەقۆ لێدەکەنەوە (ناوکەفی دەکوڵن)، دوای کوڵینی بەشەکە بەو مەرجەی شادەمارەکانی نەبڕن، دواتر بۆ یەك ڕۆژ لەناو بەرگی کتێبێکدا هەڵیدەگرن، تا کەمێك



جیڕببێتەو، ئنجا بە دەرزی و داو نەخشەسازی تێدادەکەن و ڕازانەوە ئەنجام دەدەن هەروەك لە وێنەکاندا خراوەتەروو.

ئەم چالاکییە لە کەرەستەی سروشتی و داو پێکدێت، بەڵام پێویستی بە لێزانی و پشوودرێژی و ئارامگرتن هەیە، چونکە هەر هەڵەیەك کارە شکست پێدەهێنێت.







## هەڵسەنگاندن

**ئامانج:** ئەم هەڵسەنگاندنە پشت بە تێبینیکردن دەبەستێت لەکاتی جێبەجێکردندا.

**ئامرازی جێبەجێکردن:** خشتەی هەڵسەنگاندن.

**ئەنجامی فێرکاری:** بۆ ئەوەی قوتابییەکان بتوانن کەرەستە خاوە بەرجەستەکانی ناو سروشت لە کاری هونەریدا بەکار بهێنن.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینی کردن لە کاتی جێبەجێکردندا | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەستەواژەو بیرۆکەی وانەکە دەزانێت. | | | | |
| ٢ | هاوکاری پێشکەش بە هاوڕێکانی دەکات لەکاتی گەڕان و بەدەستهێنانی کەرەستەی خاو لەناو سروشت و ژینگەی دەوروبەردا. | | | | |
| ٣ | کەرەستەو پێداویستییەکان بەکاردەهێنێت. | | | | |
| ٤ | بیرۆکەی باش پێشکەش دەکات لە کاتی کارکردندا. | | | | |
| ٥ | پێی وایە ژینگە کەرەستەی بەکەڵکی تێدایە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری. | | | | |

## کارو چالاکی لاوەکی:

داوا لە قوتابییەکان بکە، وەك کارێکی لاوەکی، چەند چالاکییەك ئەنجام بدەن. بیرۆکەی ئەم چالاکییە بخە ناو کۆمەڵەکەوە، بە واتایەکی تر، هەوڵ بدە کۆمەڵەکان خۆیان پێشنیار بکەن و نەخشەسازی بۆ پێشنیارەکەی خۆیان بکەن و پاشان پلانی بۆ دابنێن. بیرت نەچێت منداڵ ئەوکاتە هەست (بەخۆزان)(*)ی دەکات، کە مامۆستا ئەرکی پێ دەسپێرێت و ئەویش تواناکانی خۆی تاقیدەکاتەوەو دەیهەوێت هێزو توانا و کارامەیی خۆی نمایش بکات بۆ مامۆستا و دەوروبەر. هەروەها ئەم پرۆسەیە پێویستی بە پشتگیری و چاودێری و سەرنجی مامۆستا دەبێت، بەو مەرجەی ڕاستەوخۆ تێکەڵی کاری قوتابییەکان نەبێت.

---

(*) بەخۆزان: لە بری وشەی (واع ذاتە) ی عەرەبی و (Self-conscious)ی ئینگلیزی بەکار هاتووە.

مەسعوود محەمەد. زاراوەسازی پێوانە، چ٢، لا٢٢٦، دەزگای ئارس، هەولێر – ٢٠١١.



هونەرمەندی کورد (ڕێبوار ڕوانین)، لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری ڕانیە لە دایک بووە. خوێندنی لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی ڕانیە تەواو کردووە. خاوەنی شێوازێکی تایبەتی کارکردنە. لە کارە هونەرییەکانیدا چەندین کەرەستەو شمەکی جیاوازی بەکارهێناوە بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینخوازی لە ژینگەی دەوروبەریدا.











خانمه هونەرمەندی کورد (نەرمین موستەفا)، لە ساڵی ١٩٨٠ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. پەیمانگەی هونەرجوانەکانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٩٩دا تەواو کردووە و ساڵی ٢٠٠٣ کۆلێژی هونەری لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. خاوەنی شێوازی کارکردنی تایبەت بەخۆیەتی و لە کارە هونەرییەکانیدا پشت بە کەرەستەو شمەکی جیاواز دەبەستێت بۆ گوزارشتکردن. لە چەندین پێشانگەی هونەریدا بەشداریکردووە.









سروشت و ژینگە پڕیەتی لەو کەرەستەو شمەکانەی، کە دەتوانین گوزارشتیان پێبکەین و لە ساتێکی دەربڕینخوازیدا هەستی خۆمانی پێ خاڵی بکەینەوە. هونەری دەربڕینخوازی سنوورەکانی فرەوانەو مامۆستا دەتوانێت لەگەڵ قوتابییەکانیدا سنووری کارکردن بۆ بەکارهێنانەوەی ئەو کەرەستەو شمەکەکانە زۆرتر بکات، کە لە ژینگەی دەوروبەردا هەن.



# تەوەری حەوتەم



# خومکاری و ڕەنگکاری

**تەوەر: خومکاری و ڕەنگکاری.**

**بابەت: ڕەنگکردنی قوماش بە ڕەنگ و شێوازی جیاواز.**

**کاتی دیاریکراو: بەشە وانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتمەندەکان.**

# خومکاری



خومکاری یەکێکە لە دێرینترین ئەو پیشانەی میللەتی کورد لە کۆنەوە ئەنجامی داوەو دوای خومکاریی[1] چنینە. واتە دوای ئەوەی مرۆڤی کورد بۆ یەکەم جار گوندی دروستکرد لە سەر خاکی کوردستان و پاشان مەڕومالاتی بەخێوکرد، دواتر خورییەکەی بڕیەوەو بەکاریهێنا بۆ دروستکردنی بەڕەو جاجم و ڕاخەڕو هەندێك جاریش پەتوو سەرشانی لێدروستکرد. هەروەها خورییەکەی ڕەنگ کرد و پاشان جلوبەرگی لێ چنی. مرۆڤی کورد ڕەنگی سروشتی لە گژوگیاو بەرووبومی درەخت دروستکردووە. هەروەها سوودیشی لە گڵ و بەردو کەرەستەکانی تری ڕەنگکاری وەرگرتووە، دوای هاڕین و کوتان ڕەنگی جۆراوجۆری لێدروست کردووە، چونکە کوردستان دەوڵەمەندە بە کەرەستەو پێداویستی ڕەنگی، جا سروشتی بن، یان مرۆڤ کردە بن. مرۆڤی کورد لەسەرووی هەموشیانەوە ژنی کورد دوای ئەوەی خورییەکەی ئامادەو پاك کردۆتەوەو ‹‹شە››[2]ی کردووەو پاشان بە تەشی کردوویەتی بە دەزوو کڵۆڵە بەن و دواتر ‹‹تەون››[3]ی لێ ساز کردووە.










---

[1] خومکاری: یان خومکردن، یان ڕەنگکردن. مامۆستا شێخ محمدی خاڵ لە فەرهەنگی خاڵ، لا ١٦٦ دا دەڵێت: ‹خوم: جۆرە ڕەنگێکی شینی لاجیوەردییە، بەن و کاڵای پێ ڕەنگ دەکرێ›. کاڵاو خوری و قوماشەکە لە ڕەنگەکەدا دەکوڵێنرێ و هەموو پرۆسەکە پێی دەگوترێت ‹خومکاری›، لە کوردەواریدا زۆر کاری لەسەرکراوە، هەروەك لە وێنەکاندا ڕوون و دیارە.

[2] شە: یان شەکردن، یان شانەکردن. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە هەمان سەرچاوە، لا٢٩٢ دا ‹‹شە›› بە شانەکردن ناو دەبات.

[3] تەون: واتە ڕایەڵی بەڕەو قاڵی، کە بەدارەوە بێ بۆ تەنین، یان چنین. هەمان سەرچاوە لا ١١٣.

# وانەکان بەسەر یەکەکاندا دابەشکراون

**تەوەر:** خومکاری و ڕەنگکاری.

**بابەت:** ڕەنگکردنی جلوبەرگ بە شێوەی خومکاری.

**وانە:** ڕەنگکردن و چاپکردن.

**کاتی دیاریکراو:** ٦ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)

## شێوازو ڕێگاکانی ڕەنگکردن و چاپکردنی ساکار

هونەرمەندی سەرەتایی هەمیشە سروشی لە سروشتی دەوروبەری وەرگرتووە لە شێوازی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەدا. بۆ نموونە کاتێك پێی لە گەڵای درەختی وەریو ناوە، دیتویەتی شوێنی گەڵاکە لەسەر زەوی دەرچوٚتەوە، یان دەستی لەناوقوڕ ناوەو پاشان بە دیواری ڕاکێشاوە، بینیویەتی شوێندەستی دەرچوٚتەوە، یان لە کاتی قوربانیکردندا دەستی لە خوێنی قوربانییەکە وەرداوەو لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە شوێن پەنجەو لەپی دەستی دەرچوٚتەوە. بۆیە لە مێژە مرۆڤ بە چاپکردن ئاشنایە، جا ئەم بەکارهێنان و چاپکردنە بۆ مەبەستی جوانکاری بووبێت، یان بۆ هەرمەبەستێکی ڕۆژانە.





ئامانج لە هونەری چاپگەری بریتییە لە گێڕانەوەی کات و ماندوبوون و خەرجی، بەهۆی لەبەرگرتنەوەو لەبەرهەڵگرتنەوە بە شێوەیەکی نەخشەسازی جوان، جا ئەم لەبەرگرتنەوەیە بەدەستەکی، یان بە دەزگا بێت.

## چاپکردن

بریتییە لە گواستنەوەی شێوەو دووبارەکردنەوەی بە ئاڕاستەی جیاواز و بە ژمارەی زۆر و بە بەکارهێنانی یەك ڕەنگ، یان زیاتر. چاپکردن دوای ڕەنگکردن پەیدابووە، کە لەڕێگەی تێهەڵکێشانی کەرەستەکە لە ڕەنگ و پاشان لەبەرگرتنەوەی، یان هەر بەمەبەستی ڕەنگکردن، جا ئەم ڕەنگکردنە هەموو بەشەکە بگرێتەوە، یان بەشێکی کەمی، ئەمەش پەیوەندی بە خواستی خۆمانەوە هەیە، چۆنمان بوێت؟ و چی لێبکەین؟

## چەند ڕێگایەکی ساکارمان هەیە بۆ لە لەبەرگرتنەوەو ڕەنگکردن:

**یەکەم: گرێدان و قمکردن[٤] و لێکبەستن** :Tie and Dae ئێمە لە کوردەواریدا پێی دەڵێین (خومکاری). واتە لە ڕەنگکردنی خوری و دەزوو و قوماشدا بەکاردەهێنرێت، قوماشەکە دەخرێتە ڕەنگەوەو پاشان دەکولێنرێت، تا بە باشی ڕەنگ بگرێت، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەم تاقیکردنەوەیە بە قوتابییەکان بکەین و باشتر لێی تێبگەن و پاشان بەمەبەستێکی هونەری بەکاری بهێنین. بۆ نموونە: تیشێرتێکی ڕەنگ سپی دەهێنین و لولی دەکەین، یان دەیپێچینەوەو دواتر بە پەتێك دەیبەستین (خڕی دەکەینەوە سەریەك) و باش توندی دەکەین، دوای گرتنەوەی ئەو ڕەنگەی مەبەستمانە قوماشە پێچراوەکەی تێدەهاوین، پاش ماوەك لێی دەگەڕێین و ئیتر دەری دەهێنین و دواتر دەیکەینەوەو دەبینین ڕەنگەکە بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو بەسەر تیشێرتەکەدا بڵاوبۆتەوەو شێوازێکی هونەری جوانی وەرگرتووە، یان دەتوانین خۆمان بەدەست و بەش بەش ڕەنگ پرژێنی بکەین.



جۆرەکانی گرێدان و لێکبەستن













(٤) قمکردن: واتە شتێك لە شلەمەنییەکدا غەرق بکەیت، یان بۆ ماوەیەك شتێك لە شلەمەنییەکدا هەڵبکێشیت و، تا ماوەیەك شتەکە لەناو شلەکەدا دیارنەمێنێت.

## گرێدان و قمکرد و لێکبەستن (خومکردن)

### مەبەست لەم چالاکییە:

دروستکردنی شێوەی هونەری لە ڕێگەی خومکارییەوە.

### قوتابی چ سوودێك دەكات لەم چالاكییە؟

١- قوتابی گرنگی خومکاری دەزانێت و فێریش دەبێت چۆن ئەنجام دەدرێت؟

٢- قوتابی ئاشنایی لەگەڵ ئەو کەرەستە و شمەکانە پەیدا دەکات، کە پێویستن بۆ خومکاری و لەبەرگرتنەوەو چاپگەری.

٣- مامەڵە لەگەڵ کەرەستەی شل و شێدارو توندو ڕەقدا دەکات.

٤- قوتابی شێوازو جۆرەکانی چاپکردن لەسەر قوماش تاقیدەکاتەوە.

٥- قوتابی ڕاهێنان دەکات لەسەر نەخشەسازی سادەو نوێ و جێبەجێکردنی لەسەر قوماش، یان لەسەر کاغەز.

٦- قوتابی فێری پشودرێژی و دانبەخۆداگرتن و ئارامگرتن و داهێنان دەبێت لە یەك کاتدا. هەروەها فێری ئەوەدەبێت هاوکاری هاورێکانی بکات لەکاتی کارکردندا.

٧- ڕێز لە پیشەگەر دەگرێت و ڕێز لەو کەسانەش دەگرێت، کە بەو پیشەیە هەڵدەستن.

### پرۆکەی پێشنیارکراو

- دروستکردن و ڕەنگکردن و سازکردنی فەرش و ڕایەخ و دەسرۆکە.
- وەك سەرەتایەك ‹‹دەسماڵکاغەزی››[٥] (دەسڕی کاغەز) ڕەنگ بکەن.
- دروستکردنی پۆستکارتی پیرۆزبایی.
- دروستکردنی بەرگی کتێب.
- یان هەر شتێك، کە مامۆستا، یان قوتابی ئارەزووی دەکات.

### پێشنیار بۆ مامۆستا:

- لە دەستپێکی وانەکەدا بەهای پەروەردەیی و چارەکردنی کێشەکان لەبەرچاو بگرەو ڕۆژانە لەگەڵ قوتابییەکانت لە پەیوەندیدابە و لێیان دامەبڕێ.

---

(٥) دەسماڵکاغەزی: ئەم دەستەواژەیە کوردییەکی تەواو پەتییەو ڕێك لە بەرانبەر ‹‹کلێنکس›› دا نراوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاردەهێنرێت.

- بۆ قوتابییەکان ئەوە ڕوون بکەوە، کە ئەوانەی کاری دەست ئەنجام دەدەن زۆر گرنگن بۆ کۆمەڵگە، چونکە ئەگەر ئەوان نەبن کارەکانمان بە ئەنجام ناگەن.
- هەنگاوە سەرەتاییەکانی دروست بوونی ڕەنگ و ڕەنگکاری، بە تایبەت خومکاری بۆ قوتابییەکان ڕوون بکەوە.
- ئەو کەرەستەو شمەکانە بە قوتابییەکان بناسێنە، کە پێویستن بۆ خومکاری.
- جۆرەکانی ڕەنگ (سروشتی و پیشەسازی) بۆ قوتابییەکان باس بکە.
- ئەو جۆرە قوماشانەی بۆ خومکاری بەکاردێن بۆ قوتابییەکانی ڕوونبکەوە.
- هەندێك نموونەی بەرجەستەو ئامادە پیشانی قوتابییەکان بدە، تا بزانن مەبەستت چییە؟ و دەتەوێت چی بکەیت؟
- تەنها خۆت بە جۆرێك، یان بە شێوازێکەوە گیرۆدە مەکە، چەندین جۆرو شێوازی تری خومکاری هەیەو بەکاریان بهێنە. هەروەها داوا لە قوتابییەکان بکە پێشنیاری نوێ بکەن بۆ ئەنجامدانی کاری داهێنەرانەی نوێتر.
- هانا بۆ فیلمی بەڵگەنامەیی و فێرکاری بەرە و وێنەی ڕوونکاری پیشان بدە.
- خۆت کارێك لەبەرچاوی قوتابییەکان ئەنجام بدە، تا باشتر ئاشنابن.
- بیری قوتابییەکانی بخەوە، کە ئەو ڕەنگانەی سەرەکین و ئەو ڕەنگانەی سەرەکی نین، چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و شوێن و جێگەیان لەکوێ بۆ بگرین لەکاتی ڕەنگکردنەکەدا؟ (پلەی ڕەنگی، ڕەنگی بنەڕەتی، ڕەنگی لاوەکی، ڕەنگە دژبەیەکەکان،...).





## ئەوەش بخەرە سەر خەرمانەی زانیارییەکانت

### ڕەنگە سروشتییەکان سێ جۆرن:

### یەکەم: ڕەنگە ڕووەکییەکان Plant Dyes

بۆ یەکەم جار مرۆڤ، کە ڕەنگی دروستکرد سەرچاوەکەی ڕووەك بوو. ڕەنگەکەی لە قەدو گەڵاو ڕەگەکەی دروستکردووە. لە گرنگترین ئەو ڕووەکانەی ڕەنگیان لێدەردەهێنرێت، بریتین لە:

((هەنار، چەوەندەر، خەنە، مازوو، توترك، گوڵی زەعفەران Saffron، گوێز، توێکڵەگوێز، ترش، ڕۆنیاس، گوڵەباخ، گەڵامێو، گوڵاڵە سوورە، گەڵای سێو،...)) ئەمەو چەندانی تر، کە دوای کوتین و کوڵاندنیان ڕەنگمان لێیان دەستدەکەوێت.

### دووەم: ڕەنگە ئاژەڵییەکان Animal Dyes

ئەم ڕەنگە لە سەرچاوەی ئاژەڵی دەردەهێنرێت، یان چنگ دەخرێت، لە ڕابردودا بەهۆی گرانی و باشی و نایابییەکەیەوە و هەروەها بە دژواری ئامادە دەکرا و گرانبەها بوو، بۆیە تەنها ماڵە خانەدان و بەگ و میرەکان بەکاریان هێناوە، چونکە تەمەنی درێژەو ڕەنگی جوان و گەشە، وەك:

((خوێنی گا، خوێنی مەڕ، زراوی گا، کرمی قز (لەسەر درەختی توو دەژیت)، میزی مانگا، میزی هێستر، توێکڵی ماسی، کرمی سوور Kermes، قالۆچکەی کۆکس کاکتای Coceus Cacti،...).

### سێیەم: ڕەنگە کانزاییەکان Metal Pigments

ئەم جۆرە ڕەنگە لە هەندێك پاشماوەی کەرەستە کانزاییەکان دروست دەکرێت، یان بەرهەم دەهێنرێت، کە وەك پاشماوەی کانزایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. هەرچەندە ئەم جۆرە ڕەنگە زۆر بەدەگمەن لە پاشماوە دێرینەکان بەرچاو دەکەون، بەڵام میسرییە کۆنەکان ‹‹ئۆکسیدی مسی سوریان›› بۆ دەستخستنی ڕەنگی سەوز بەکارهێناوەو کانزای ‹‹لازۆردی›› کانزایەکی شینە و لە کانە مسەکاندا زۆرە و بۆ دەستخستنی ڕەنگی شین بەکارهێنراوە.

**ڕەنگی ئاوێتەیی Synthetic Pigments:** بۆ دواجار لە لایەن زانای کیمیاگەری ئینگلیزی (پێرکین Perkin) کاتێك لە ساڵی (١٨٥٦) دا دەیویست لە مادەی (ئەنیلین Analine) مادەی (کوینین Quinine) دەربهێنێت، بەڵام بە ڕێکەوت بۆی دەرکەوت، کە دەتوانرێت لەڕێگەی کیمیاگەری و پیشەسازییەوە ڕەنگ ئامادەبکرێت. بۆیەکەم جار توانی سەرچاوەی دروستکردنی ڕەنگی کیمیایی بدۆزێتەوە. یەکەم ڕەنگیش، کە بەرهەمی هێنا بەناوی (ماوڤ Mauve) ـەوە بوو.

**دووەم: چاپگەری پەنجەمۆر (چاپکردن بە پەنجەمۆر) Stamping:** شێوازێکی ترە لە چاپکردن و



لەبەرگرتنەوە. هەرچەندە قوتابییەکان شێوازی (مۆنۆتایپ) یان لە ساڵانی ڕابردوودا خوێندووە، بۆیە ئێستا قوتابی دەتوانێت هەر شێوەیەك، کە خۆی مەبەستییەتی دروستی بکات، جا بە پەنجەمۆربێت، یان بە هەڵکۆڵین (لە پۆلی سێیەمدا پەتاتە و پەنجەمۆرمان بەکارهێنا)، دوای









ئامادەکردن، مۆرەکە لە ڕەنگەکە دەدەین و دەیکێشین بە قوماشەکە، یان تیشێرتەکە. واتە ئەم شێوازە خۆمان نەخشەسازی بۆدەکەین و دەیرازێنینەوە، ئەوا بێگومان دواتر دەبێتە نەخشەسازی خۆمان، چونکە ئەوە هەرخۆمان بووین نەخشەسازیمان بۆکردووە پاشان تیشێرتەکەمان پێ ڕازاندەوە (ئەمەش بۆ قوتابییەکان دەچێتە خانەی داهێناوە)، چونکە یەکەم ئەزموونەو یەکەم کاریشیانە لەو بوارەدا، هەرچەندە لە ساڵی ڕابردوو ئەنجامیانداوە، بەڵام بەشێوەیەکی چڕو پڕ نەبووەو ساکار بووە. بەڵام ئێستا شێوە دروست دەکات لە شوێنپەنجە مۆرەکان.

## چاپگەری پەنجەمۆر Stamping

یەکێکە لە شێوازە سەرەتاییەکانی چاپکردن، بەو واتایەی پاشماوەیەکی کاریگەرو سەرنج ڕاکێش لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت دوای ئەوەی لەڕێگەی ڕەنگەوە ئەم کاریگەرییانە لەدوای خۆی لەسەر ڕووگەی شتەکە بەجێدەهێڵێت. هەروەها دەتوانین بە چەندین شێوازو جۆر نەخشەکان دووبارە بکەینەوە، جا لە تەنیشت یەکەوە بن، یان یەك لەدوای یەك، یان تێك ئاڵاوو تێکچڕژاو، یان لێکجیاواز، بەڵام بەدووری یەکسان، یان بە ئازادانە نەخشەکان دابنێین.

## جۆرەکانی پەنجەمۆر

**پەنجەمۆری سروشتی:** وەك گەڵای درەخت، پەرەموچ، دەستی مرۆڤ، توێکڵی درەخت...

**پەنجەمۆری پیشەسازی:** وەك شانە، یاری منداڵان، داوو، ئیسفنج، مورو، پارچە شوشە، دراوی کانزایی، کارتۆنی لولکێش، یان کارتۆنی لولەکی، گونیە...

### سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

دروستکردن و سازکردنی شێوەی هونەری لەڕێگەی چاپگەری پەنجەمۆرەوە.

## قوتابی چی فێردەبێت؟

١- قوتابی داهێنانی ساکار لە بواری نەخشەسازیدا دەکات.

٢- ئاشنایەتی پەیدادەکات لەگەڵ ڕووگەی جیاوازی کەرەستەکان.

٣- هەستەکانی تری گەشە دەکات لەڕێگەی هەستی بینین و دەستلێدانەوە.

٤- قوتابی فێری خۆگری و ڕەچاوکردنی یاسا دەبێت و پشت بەخۆی دەبەستێت.

٥- لە یەك کاتدا ڕێز لە پیشەی کاردەستی و پیشەگەر دەگرێت.

## ئەرکی مامۆستا:

- پێویستە مامۆستا هانی قوتابییەکان بدات، بۆ ئەوەی کەرەستەو شمەکی جیاوازتر بدۆزنەوە بۆ کارکردن.
- دوای تەواوکردنی کارە هونەرییەکە، قوتابییەکان کەرەستەو شمەکەکانیان کۆبکەنەوە و ڕەچاوی پاکوخاوێنی هۆڵی فرەمەبەست بکەن.
- مامۆستا چاوێك بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی قوتابییەکانیدا بخشێنێتەوە (هەڵسەنگاندن).

## پرۆکەی پێشنیارکراو:

- کار لەسەر چەندین شێوەی سروشتی بکەن بۆ نەخشەسازییەکەیان.
- دروستکردنی کارتی پیرۆزبایی.
- دروستکردن و نەخشەکێشان بۆ بەرگی کتێبەکانیان.
- یان هەر بابەتێك مامۆستا، یان قوتابی پێی پەسەندە.

## پێشنیار بۆ مامۆستا:

- لە دەستپێکی وانەکەدا بەسەر ڕەفتارەباشەکانی قوتابییەکاندا هەڵبڵێ و با ڕەفتارە خراپەکانیش لەیاد بکەن، کە دێتە ڕێگەیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.
- با دەستپێکی وانەکە بە پەنجەمۆر بێت و پیشانیان بدە، کە هێڵی تێدانییە.



- بۆ قوتابییەکانی ڕوونبکەوە، کە چاپگەری پەنجەمۆر سادەترین جۆری چاپکردنە.
- سوود لە کەرەستە سروشتییەکان وەربگرە، وەك گەڵای درەخت و پەڕەموچ، دواتر بۆ قوتابییەکانی ڕوونبکەوە، کە چۆن شێوەکان لەبەردەگیرێنەوە؟
- وێنەی چەند شێوەیەکی ئەنجامدارو بەو جۆرە پیشانی قوتابییەکان بدە.



- توانستە کارامەییەکانی خۆت پیشانی قوتابییەکان بدە، تا لێتەوە هەنگاوەکانی جێبەجێکردن فێربن و تۆش ڕەچاوی نەرموونیانی بکە لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا.
- ئاگاداری قوتابییەکان بکەوە لە بەکارهێنانی جۆری ڕەنگ و پلەی ڕەنگییەکان.

- چاودێری قوتابییەکانت بکەو سەریان لەسەر هەڵمەگرەو فەرامۆشیان مەکە. هەروەها ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی قوتابییەکانت بکە، چونکە هەموویان وەکو یەك خێراو گورج نین و شارەزانین لە کارکردندا.

## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

- کەرەستەو شمەکە سەرەتییەکان ئامادە بکە بۆ جێبەجێکردن.
- ئەو کەرەستانە ئامادە بکە، کە خاوەنی ڕووگەی جیاوازن.
- ڕێگە بە قوتابییەکان بدە، تا بەئازادی بیرۆکەی خۆیان لەکاتی کارکردندا جێبەجێبکەن.
- قوتابییەکان دەتوانن وێنەی ئاژەڵی، باڵندەیی، یان گیایی بکێشن.
- ڕووی جیاواز دابنێ (زبر، لوس، برنجۆك)، تا چاپگەری لەسەر ئەنجام بدەن.
- لە کۆتایی وانەکەدا هەموو کارەکان نمایش بکەو پێکەوە لەگەڵ قوتابییەکان لە کارەکان ڕابمێنن و گفتوگۆیان لەبارەوە بکەن.
- داوا لە قوتابییەکان بکە، کە چۆن دەتوانن سوود لەم کارانە ببینن؟
- هانی قوتابییەکان بدە، تا لەکاتی کارکردندا هاوکاری یەکتر بکەن و ڕێز لە کاری یەکتر بگرن و لە کۆتایی چالاکییەکەدا ستایشی کاری یەکتر بکەن.

## ئەوەش بخەرە سەر خەرمانەی زانیارییەکانت

### پێشبڕکێی هونەری

پێشبڕکێی هونەری یەکێکە لە چالاکییە هونەرییەکان و وانەی پەروەردەی هونەری پشتی پێدەبەستێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و هونەری و کۆمەڵایەتییەکان، کە لەسەر بنەمای جۆشدان و هاندانی قوتابی ساز دەکرێت، تا ئاستی زانستی و هونەرییان بزانن و بزانین.

#### هەنگاوەکانی سازکردنی پێشبڕکێ:

- سەرەتا هەواڵەکە بە سەرجەم قوتابییەکان ڕادەگەیەنرێت و دیاری تایبەت بەسەر سەرکەوتووەکاندا دابەش دەکرێت لە چالاکییەکەدا.(قوتابی دەبێت پێشوەختە ئەوە بزانێت).

- کەرەستەو شمەکی پێویست بەسەر بەشداربواندا دابەش دەکرێت بەو قەبارەی خۆت مەبەستە.
- کارەکان لێکجیا بکەوەو باشترین و پاکترین و هونەریترینیان هەڵبژێرە. دواتر وردەکاری خشتەی زانیاری قوتابییەکە پڕبکەوەو بیدە لە پشتی تابلۆکە.
- پێویستە مامۆستا هەمیشە لە کۆگای قوتابخانەدا کاری نایاب و باشی قوتابییەکانی هەڵگرتبێ، تا لە بۆنەو پێشانگەکاندا بەشداری پێ بکات، چونکە لەمەوپێش بوار نەبووە نمایشیان بکات و ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی زێڕین بۆ نمایشکردنیان.














**سێیەم: چاپگەری مۆر (چاپکردن بە مۆر):** هەروەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا، قوتابی بە شێوەیەکی سادەو ساکار کاری لەم تاقیکردنەوانەدا کردووە. بۆیە ئێمە ئەم جۆرە ئەزموونە پێشدەخەین و ئاستی کارکردنەکە بەرز دەکەینەوە. واتە چاپکردن لەڕێگەی









مۆرەوە گەشە پێدەدەین و نەخش لەسەر مۆرەکان هەڵدەکۆڵین، جا هەندێك مۆر (خۆمان دروستی دەکەین، یان خۆی ئامادەیە)، لەڕێگەی تەختەی نەرم وناسك، یان ‹‹کاوچك›› لاینۆ دەتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین، ئەگەر نەخشەکانیش خۆیان ئامادەبوون، ئەوا باشترە بۆ قوتابییەکان و کاتیشیان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام گرنگە مامۆستا شێوازی دروستکردنی ئەم مۆرانە فێری قوتابی بکات، چونکە لە پۆلەکانی داهاتوودا پێویستمان بە کارامەیی قوتابییەکان دەبێت. لەم ئەزمونکردنەدا، چونکە قوتابی دەتوانێت جارێکی تر کاری (مۆنۆتایپ) دووبارە بکاتەوە بە گەڵا، یان هەرشتێك خۆی حەزی پێدەکات، بەڵام لەسەر قوماش.

## چاپگەری مۆر (چاپکردن بە مۆر)







چاپگەری مۆر بە یەکێك لە شێوازی چاپکردن دادەنرێت بە دەست. بۆ یەکەم جار چینییەکان لە سەدەی (١٣) یەمدا مۆریان هەڵکۆڵی و شێوازی چاپگەرییان پێ ئەنجامدا، سەرەتا لە بەرد مۆرەکانیان دروست دەکرد، بەڵام دواتر گۆڕدرا بۆ تەختەو پاشانیش بۆ کانزا.

وەك ئاماژەیەکی گرنگ میللەتانی وڵاتی میزۆپۆتامیا (ناوچەی کوردستان) مۆریان هەڵکۆڵیوە، بۆ نموونە ‹‹ئەکەدییەکان، ئاشوورییەکان، سۆمەرییەکان...››. (ساڵانی داهاتوو زیاتری لەسەر دەدوێین).

لە دوای گەشەسەندنی ژیان و پاشانیش بواری پیشەسازی، ئەوا جۆری قاڵبەکان سادەکرانەوەو گۆڕانکاریان بەسەرداهات و لەڕووی وردەکارییەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی.

شێوازی چاپکردن لەسەر ‹‹لاینۆ›› یان ‹‹کاوچك››(٦) پەرەی سەند لە بواری چاپگەریدا، چونکە نەرمەو قوتابی دەتوانێت بە ئاسانی نەخشەسازی لەسەر بکات و ئاستی ڕازاندنەوەکەی بەرز بکاتەوەو بە دڵی خۆی کاری تێدا بکات. هەروەها مامۆستا دەتوانێت، چەند کەرەستەیەکی بەکارهاتووش بۆ ئەم بوارە بەکاربهێنێت، وەك تەپەدۆڕ، یان چوپ، یان گاعی ناو ئۆتۆمبێل. هەروەها قوتابییەکان دەشتوانن لاستیکی ڕەشکردنەوەی بەردەستی خۆیان بەکاربهێنن.

---

(٦) کاوچك: ناوە زانستییەکی ‹‹لاینۆ›› یە، بەڵام لە بەشە هونەرییەکان هەر بە کاوچك ناوی دەرکردووە. مادەیەکی مەتاتی نەرمی توندوتۆڵە و لەبواری هەڵکۆڵین و چاپگەری (گرافیك) بەکاردەهێنرێت و مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئاسان و خۆشە. هەروەها دەتوانرێت بە ئاسانی کاری هەڵکۆڵینی لەسەر ئەنجام بدرێت (خۆشبڕە).

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

بەکارهێنانی شێوەی نەخشەسازی و ڕازاندنەوەی هونەری جوان لە ڕێگەی چاپگەرییەوە.

## قوتابی چی فێردەبێت؟

- قوتابییەکان لەسەرهەنگاوەکانی چاپگەری فێردەبن و ئاشنایەتی پەیدادەکەن.
- قوتابییەکان ئاشنای ئەو کەرەستەو شمەکانە دەبن، کە لە چاپگەریدا بەکاردەهێنرێن.






- قوتابییەکان نەخشونیگارە سەرەتاییەکانیان لەسەر پانتایی و ڕووگەی قوماش و کاغەز تاقیدەکەنەوە، بەمەبەستی جوانکاری و سوودگەیاندن.
- قوتابی قاڵبێکی تایبەت بەخۆی لە نەخشەسازی دروست دەکات.
- قوتابی ئەزموونی چاپگەری لەسەر قوماش تاقیدەکاتەوە لە ڕێگەی قاڵبی مۆرەوە.



- قوتابی هەست بە بەهای هونەری و جوانناسی ئەو شتە هەڵکۆڵدراوانەی سەر قاڵبەکە دەکات، کە لەسەر ڕووی جیاواز هەڵکۆڵدراون.

## ئەركی مامۆستا:




- پێویستە لەسەر مامۆستا چاودێری شێوازی هەڵكۆڵینەكە بكات، تا لە كاتی چاپكردنەكەدا بەشێوەی دووبارەكردنەوە نەخشەكان دابنێنەوە لەسەر قوماشەكە.



- پێویستە قاڵبەكان سادەو ساكار بن و پێكبێن لە شێوەو كلێشەی ئەندازەیی، یان ئازاد و دواتر سەرەتا لەسەر كاغەز تاقیبكەنەوە، تا بزانن نەخشەكان چۆنن.



## بیرۆكەی پێشنیاركراو:

- نەخشاندنی تابلۆی هونەری.
- دروستكرنی كارتی پیرۆزبایی.
- دروستكردنی بەرگی كتێب.
- دروستكردنی بەرگی دیاری و كاغەزی نەخشداری سەر دیوار.
- نەخشاندنی كارتۆنی دیاری.
- یان هەرشتێك قوتابی، یان مامۆستا پێی باشە.






## ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن

- لە یەکەم واندا بەها پەروەروەردەیی و هونەرییەکان، یان چارەسەرییە پەروەردەییەکان بخە ڕوو، کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی قوتابییەکان دەبێتەوە.
- قوماشێکی ڕەنگکراو بە نەخشی جۆراوجۆرو دووبارە پیشانی قوتابییەکان بدەو دواتر گفتوگۆ لەبارەی نەخشەکانیان لەگەڵدا بکە.
- چەند کلێشەیەکی سادەی ئامادە لە نەخشەکانی (پیتەکان، ژمارەکان، گوڵ، شێوەی ئەندازەیی) پیشانی قوتابییەکان بدە.
- بۆ قوتابییەکان ڕوون بکەوە چۆن ئەو نەخشونیگارانە دەگوازینەوە سەر ڕووی کلێشەکە و پاشان هەڵیدەکۆڵین بە ئامێری تایبەتی هەڵکۆڵین.
- هەندێك ڕێگەو شێوازی هەڵکۆڵین لەبەرچاوی قوتابییەکان ئەنجام بدە.
- ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوونبکەوە، کە کلێشەی مۆر زۆر ئاسان و خێراترە بۆ دووبارەکردنەوەی شێوەو نەخشە دووبارەبووەکان.
- چەندین ڕەنگی جۆراوجۆر ئامادە بکە، تا قوتابییەکان بە دڵی خۆیان بەکاریبێنن.
- بۆ قوتابییەکانی ڕوونبکەوە چۆن ڕەنگەکان بەکاردەهێنن لە کاری هونەریدا (ڕەنگە سەرەکییەکان، ڕەنگە لاوەکییەکان، ڕەنگە جیاوازەکان، پلەی ڕەنگی...).

## بڕگەی جێبەجێکردن:

- سەرەتا هەموو کەرەستەو پێداویستییەکانی وانەکە ئامادە بکە.
- هەر قوتابییەك کلێشەی تایبەت بەخۆی هەبێت.
- لێگەڕێ با قوتابییەکان خۆیان کاری خۆیان بەپێی ئەو ڕێکارانەی بۆیان دانراوە ئەنجام بدەن، ئەگەر پێویستی کرد ئاڕاستەیان بکەو پاشان ڕێنماییان پێ بدە.
- دەتوانن هەرسێ جۆرە چاپکردنەکە تێکەڵ بکەن.
- دەتوانن کەرەستەی تر بەکاربهێنن بۆ چاپکردن (مورو، گونییە...).
- گرنگی ئاستی جوانناسی خۆیان و کارەکەش بۆ قوتابییەکان ڕوونبکەوە.

## ئەرکیماڵەوە

زۆرگرنگە مامۆستا چەند چالاکییەك بسپێرێ بە قوتابییەکان، تا لەماڵەوە ئەنجامی بدەن، بەڵام بەو مەرجەی نەیکاتە سەربارو فشاریان لەسەر دروستبکات، بەڵکو وەك کارێکی دڵخوازانە ئەنجامی بدەن، تا ئەزموونی زۆرتر لەو بارەیەوە کۆبکەنەوە.



**چالاکی ١:**

داوا لە قوتابییەکان بکە دوو چەوەندەر بهێنن دوای شۆردنەوە وردی بکەن، پاشان بیخەنە ناو مەنجەڵێك و ئاوی تێبکەن، تا چەوەندەرەکان قمدەبن، دواتر بیخەسەر ئاگرێکی کزو تا ماوەیەك (٣٠ خولەك) لێبگەڕێ، ئنجا سەیربکەو ببینە چیمان دەستکەوتووە؟ ڕەنگێکی سووری تۆخی گەش دروست بووەو دەتوانین بۆ کاری خومکاری، یان نیگارکێشان بەکاری بێنین. (ڕەنگی سروشتی).





**چالاکی ٢:**

داوا لە قوتابییەکان بکە لەماڵەوە لەگەڵ دایکیان، یان خوشکی گەورەیان بە قاڵبی کێك، یان کولیچە، چەند کولیچەیەکی نەخش جیاواز دروست بکەن، بزانن و ببینن، چی ڕوودەدات؟ کلێشەکان زۆر جوانن و نەخشەکانیش ڕازاوەو ڕەنگینن. (چاپکردن و نەخشکردن لەسەر هەویر).





**چالاکی ٣:**

داوا لە قوتابییەکان بکە لەڕێگەی چەند پارچە کاشییەك (مۆزائیکی ئامادە)، یان پارچە تەختەیەکی ئامادە،



کلێشەیەکی مۆر دروست بکەن و چەند نەخشێکی دووبارەی پێ ساز بکەن، دواتر تاقیبکەنەوە لە ڕێگەی چاپکردنەوە (هاوشێوەی کاری مۆزاییك)، بەڵام کلێشەکە بچووك بێت و پڕ لە مشتبێت.

# هەڵسەنگاندن

ئامانج: هەڵسەنگاندن پشت دەبەستێت بە بەخۆداچوونەوە (هەڵسەنگاندنی خۆیی).

ئامرازی هەڵسەنگاندن: خشتەی هەڵسەنگاندن.

ئەنجامی فێركاری: تا قوتابییەكان كاری چاپگەری ئەنجام بدەن و پلەی چەند ڕەنگی بۆ نەخشەسازی كارە هونەرییە جۆراوجۆرەكان بەكاربهێنن.

| ژمارە | پێوانەكانی تێبینی كردن لە كاتی جێبەجێكردندا | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قوماشەكە بە شێوەیەكی گونجاودادەنێم. | | | |
| ٢ | كەرەستە شیاوەكان ئامادە دەكەم. | | | |
| ٣ | كارێكی جوان بە قەڵەم ڕەساس نەخشەدەكێشم. | | | |
| ٤ | مۆرەكان باش هەڵدەكۆڵم. | | | |
| ٥ | ڕەچاوی یاسای ڕەنگدانان دەكەم. | | | |
| ٦ | ئایا وردم لە هەڵكۆڵینی مۆرەكە؟ | | | |
| ٧ | ئایا جیاوازی لە چڕی بە ڕەنگەكانمەوە دیارە؟ | | | |
| ٨ | لە كاتی كاركردندا پشت بەخۆم دەبەستم. | | | |
| ٩ | كەرەستەكان دوای كاركردن پاك دەكەمەوە. | | | |
| ١٠ | ڕەچاوی پاكوخاوێنی كەرەستەو شوێنكارەكەم دەكەم. | | | |
| ١١ | ڕەچاوی مەرجەكانی خۆپارێزی دەكەم. | | | |
| ١٢ | كەرەستەی جیاواز بەكاردەهێنم بۆ كاری چاپگەری و لەبەرگرتنەوە. | | | |
| ١٣ | نەخشونیگاری جیاواز بەكاردەهێنم. | | | |
| ١٤ | ڕەچاوی پاكوخاوێنی كارە هونەرییەكە دەكەم. | | | |



**(سەروەت سەوز)، ناوی تەواوی (سەروەت ئەنوەر سەوزە)، لە ساڵی (١٩٥٤) لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. ساڵی (١٩٧٥) پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا بەشی گرافیکی تەواو کردووە. بەشداری چەندین پێشانگەی گرافیکی کردووە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان. خاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆی بوو لە هەڵکۆڵین و چاپکردندا و کەرەستەو شمەکی جیاوازی بەکاردەهێنا. مەخابن لە ساڵی (٢٠٠٤) بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەستدا.**















هونەرمەندی کورد (ڕێبوار سەعید) لە ساڵی (١٩٦٢) لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. خاوەنی بڕوانامەی ماجستەرو دکتۆرایە لە بواری هونەردا لە زانکۆی لەندەن. چەندین پیێشانگەی هونەری لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان کردۆتەوەو خاوەنی شێوازی کارکردن بە خۆیەتی. لەسەر کەرەستەی جیاوازی، وەك تەختەو فایبەرو کارتۆن و کاغەزو قوماش کاری کردووە. ڕەنگی گەش و شێوەی گرافیکی هەڵدەبژێرێت بۆ کارەکانی و زوو بە شێوازەکەی دەناسرێتەوە.















# تەوەری هەشتەم



# پڕۆژە Project

تەوەر: پرۆژە.

بابەت: دارشتن و پێکهێنانی پرۆژە.

وانە: پرۆژەی بەکۆمەڵ.

کاتی دیاریکراو: ٥ وانە (دەتوانرێت بەپێی چالاکییەکان پرۆژە هونەرییەکان دابەش بکرێن)

# پرۆژەی بە کۆمەڵ The Collective Project



بە یەکێك لە چالاکییە گرنگەکانی ئەم قۆناغەی منداڵ دادەنرێت، چونکە بە دروستی پەیڕەوی ئەو چالاکییە هاوبەشانە دەکات، کە لە ڕابردوودا لە ڕێکەی کاری بە کۆمەڵەوە ئەنجام دراون، بەڵام ئەم جارە بیرۆکەو پرۆژەی هاوبەش یەك دەخەن و یەك ئامانج کۆیان دەکاتەوە.

## پڕۆژەی بە کۆمەڵ

لە کارێکی هونەریدا یەك بیرۆکە لەخۆ دەگرێت، بەڵام هەڵگری کۆمەڵێك ئەزموونی جۆراوجۆرە، کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارێکی هونەری هاوبەش و دەربڕین لەو بیرۆکەیەی دایان ڕشتووەو لەسەری ڕێك کەوتوون، بەڵام بە چاودێری و سەرپەرشتی کردنی مامۆستا. مامۆستا هەموو پێکهاتەکان کۆدەکاتەوەو لێکیان نزیکدەخاتەوەو پاشان لێکیان گرێ دەدات، بەمەبەستی سەرخستنی پڕۆژە هاوبەشەکە.

## ئامانجی ئەم وانەیە چییە؟

جێبەجێکردن و کۆکردنەوەی ئەو ئەزموونانەی، کە لەڕابردوودا قوتابی ئەنجامی داون.

## قوتابی چی فێردەبێت؟



- وا لە قوتابی دەکات بیرۆکەی یەکتر پەسەند بکەن و پاشان گەشەی پێبدەن.
- ئاڕاستە جیاوازەکان کۆدەکاتەوە لە یەك کۆمەڵدا.



- دڵنیابوونەوە لەو زانیارییە تایبەتییانەی لەڕابردوودا فێری بوون.
- گەشەپێدانی توانا کارامەییەکانی قوتابی لە کاری بەکۆمەڵدا.



- گەشەپێدانی توانا کارامەییە داهێنەرەکانی قوتابی.
- ڕاهێنانکردن لەسەر بیرۆکەو ئەزموونە جیاوازەکانی تر.
- هەلی زیاتر بۆ قوتابی دەڕەخسێنێت، تا داهێنان و بیرۆکەی نوێ بدۆزێتەوە.
- توانا خۆییەکانی قوتابی دەردەخات.



- توانای کارامەیی قوتابی بەهێز دەکات لە چارەکردنی کێشەکانداو هێزی بڕیاردانی پێ دەبەخشێت.
- فێردەبێت تامی سەرکەوتن بکات.

## چۆن سەرکردە هەڵدەبژێریت؟

- لە هەفتەی یەکەمدا قوتابییەکی چاونەترس و گورج و گوێڕایەڵ هەڵبژێرەو دواتر قوتابییەکی شەرمن، تا متمانەی بەخۆی هەبێت و هێزی بەخۆزانی لا دروست ببێت.




- بیرۆکەکە بۆ کۆمەڵەکە بەجێبهێڵە، تا گفتوگۆی لەسەر بکەن و دواتر کەرەستە شیاوەکان هەڵبژێرن.
- لەگەڵ کۆمەڵەکاندا گفتوگۆ لەبارەی کەرەستەکان بکە.



- ڕۆڵ بەسەر قوتابییەکاندا دابەش بکە، بەو مەرجەی لە ئاست توانا هونەری و لێهاتووییانەوە گونجاوبێت و لە گەڵ کاتی وانەکەدا بێتەوە.
- ڕێگە بە سەرکردەی کۆمەڵەکە بدە، تا لەبارەی پرۆژەکەیانەوە بدوێت.

**یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سەرخستنی پرۆژەکە، هاریکاری یەکتر کردنە لە کاتی کاردا.**

## خۆ ئامادەکردن بۆ داڕشتن و خستنەڕووی بیرۆکەی پرۆژە

مامۆستا کۆمەڵەکان سەرپشك دەکات لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی بیرۆکەی پرۆژەکەیان. واتە قوتابییەکان پێویستە هەموو پێکەوە لەناو کۆمەڵەکەیاندا، چەند هەڵبژاردەیەك بخەنە بەردەم خۆیان، وەك:

- تاك تاك کار بکەن و پاشان هەموو کارە هونەرییەکان لە یەك کاردا نمایش بکەن.
- هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە تەنها یەك بیرۆکە سازبکەن و لەسەر یەك پانتایی جێبەجێی بکەن.
- چەند کۆمەڵەیەك (دوو یان سێ) پێکەوە پرۆژەیەك دابڕێژن و پاشان هەمووان لێکبدەن و لە یەك کاری هونەری گەورەدا نمایشی بکەن.

ئەركی مامۆستایە لەكاتی پێویستدا هاوكاری پێشكەش بە كۆمەڵەكان بكات، هەندێك جار پێویست دەكات مامۆستا پێشنیار بكات بۆ كۆمەڵەكان، یان پێشنیارێك بخاتە بەردەم سەركردەی تیمەكەو ئەو كارانەی پێویستن بیان كات بەرچاوڕوونی پێدەدات، یان ئاستی هەڵەكردنەكەی بۆ كورد دەكاتەوە، تا هەرنەبێت كاتیان بۆ بگەڕێتەوە، بێگومان ئەوەش پاش گفتوگۆكردن لەگەڵ تیمەكەی، چونكە نابێت كاری خۆسەپێنی و دیكتاتۆری ڕووبدات و دەبێت هەموو پڕۆسەكە بە دیمۆكراتی بەڕێوەبچێت. لێرەدا چەند پڕۆژەیەكی هونەری دەخەینە ڕوو، وەك نموونە.













ئەمەو چەندان نموونەی تر هەیە، كە مامۆستاو قوتابی دەتوانێت، وەك پێشنیار بیخەنە ڕوو، بەڵام ئەگەر بیرۆكەی خۆیانبێت گرنگترو پەسەند ترە.

## بڕگەی خۆئامادەکردن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی هونەری

- قوابییەکان دابەش بکە بەسەر چەند کۆمەڵەیەکی (٤ بۆ ٦) کەسی.
- بیرۆکەی هونەری کارەکە بخەڕوو، بەشێوەیەك بێت، کە کێشەیەك هەیەو پێویستی بە چارەسەرکردنە. واتە کێشەکە بەوردی دەستنیشان بکە. بۆ نموونە: دروستکردن و پێکهێنانی خانوو لە کوردستان.



- گرنگی بیرۆکەکە بۆ منداڵەکان بخە ڕوو، یان خۆیان گفتوگۆی لەسەربکەن. بۆ نموونە: خانوو لە سەرماو گەرما دەمانپارێزێت.
- شێوازی گەشەکردن و پێشکەوتن لەو بیرۆکەیەی خراوەتە ڕوو باس بکە. بۆ نموونە: خێزان لە ژێر سایەی خانوودا کۆدەبنەوە، دەخەون، نان دەخۆن...



- بەشێك لەو وێنانە پیشانی قوتابییەکان بدە لەسەر دروستکردنی شێوازەکانی خانوو لە کوردستان (خانووی قور، بەر، چیمەنتۆ، خشتی سوور، ...) ئەگەر هەنگاوەکانی کارکردن بخرێتە ڕوو خراپ نییە.



- **لەگەڵ قوتابییەکان بگەڕێ بۆ:**

– لە کتێبخانەو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بگەڕێن بۆ بەدەستهێنانی وێنەی دیکۆرو ڕازاندنەوەی ناوماڵ.



– داوا لە قوتابییەکان بکە بەدوای سروودێك، یان چیرۆکێکدا بگەڕێن، کە بەسەرهاتی خانوێك بگێڕێتەوە.

### پرۆژەو دەستپێکی کار:



– هەندێك نەخشەو پلانی کار بخە بەردەم کۆمەڵەکان (نەخشەی خانوو).

– کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ و کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە، قوماشی لەزگە، کارتۆنی بەتاڵ. هەروەها کەرەستەو شمەکی کارکردن

ئامادە بکە.

- دوای تەواوکردنی خانووەکان، دواتر بیان ڕازێننەوە.
- سوود لە ئەزموونی ڕابردوو وەربگرن، وەك: چاپگەری، لکاندن.
- مەرج نییە پڕۆژەکە تەنها خانووبێت، بەڵکو دواتر قوتابییەکان سەرپشك بکە لە هەڵبژاردنی هەر بیرۆکەیەك، کە خۆیان بڕیاڕی لەسەر دەدەن.

هەندێك لەو بیرۆکانە دەخەینە بەرچاو:









ئازادکردنی قوتابی بۆ کارکردن، وا دەکات بیرۆکەی نوێ و کاریگەر جێبەجێبکات. قوتابی تەنها ئەوەندەی لا ئەستەمە، تا لە داواکارییەکە تێدەگات، دوای تێگەیشتن لە مەبەستی داواکراو، پاشان کارەکە زۆر باش دەچێتە پێش و تەنها پێویستی بە ڕێنمایی و هەندێکجاریش پێویستی بە پێشنیاری مامۆستا دەبێت.

**پێویستە مامۆستا قوتابییەکان لەسەر چەند شتێك ڕابهێنێت پێش کارکردن، ئەوانیش بریتین لە:**

١- پلاندانان پێش کارکردن. واتە بزانن چی دەکەن؟ و چۆن دەکەن؟ و بەچی جێبەجێی دەکەن؟

٢- ڕەچاوی کات بکەن و ئەو کەرەستانەش دیاری بکەن، کە کاری پێدەکەن.

٣- سەرەتا پێویستە قوتابییەکان پێشکار نەخشەی ئەوشتە لەسەر کاغەزێك بکێشن و هەنگاوەکان دیاری بکەن، تا لە هەڵەکردن دووربکەونەوە.

٤- مەرج نییە لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆژەدا تەنها پشت بە یەك سەرچاوەی کارکردن ببەستن، بەڵکو قوتابییەکان ئازاد بکە، تا بگەڕێنەوە سەر ئەو وانانەی لە ڕابردوودا خوێندویانە، وەك: هەویرکاری، لکاندن، ڕەنگکاری، خوریکاری، شێوەی بەرجەستە... هەروەها چەندین کەرەستەی جیاواز بەکاربهێنێت، وەك: قەڵەمڕەنگی دار، ماجیك، پاستیل، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، قوماشی ڕەنگاوڕەنگ، کارتۆن، شوشە، قوتو، هەرکەرەستەیەك، کە قوتابییەکان لە بیرۆکەکەیاندا جێگەی بکەنەوە.



**چەند پرۆژەیەکی هونەری پێشنیارکراو:**











## بەکارهێنانی مێشک Brainstorming

بەکارهێنانی مێشک، بریتییە لە تازەترین شێوازی وانەگوتنەوەی داهێنەرانە، کە ئەمڕۆ لەگەڵ قوتابی بەکاردەهێنرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١. کێشەو بابەتی پێشنیارکراو بخە ڕوو.

٢. دواتر گوێبیستی پێشنیارو بیرۆکەی قوتابییەکانت بەو وردە وردە لە تێنوسی تێبینییەکانت، یان لەسەر وایتبۆردەکە ئاماژەیان پێ بکە، یان لەڕێگەی سەرۆکی کۆمەڵەکە (تیملیدەر) ـەوە پێشکەش بە مامۆستا دەکرێت لە ڕێگەی پەڕەیەکی نووسراوی پێشنیارکراو. هەروەها نابێت مامۆستا بەرپەرچی بیرۆکەی پوچ و بێواتاکانیش بداتەوە، نەکا ببێتە بەربەست بۆ داهێنانەکانی قوتابییەکان، بۆ نموونە: ‹‹ئەسپەکە دەفڕێت و قسەش دەکات››.



٣. هەوڵبدە بیرۆکەو پێشنیارەکان دەستەبژێر بکەیت، بەتایبەت ئەو بیرۆکەو پێشنیارانەی توانای جێبەجێکردنیان زۆرە. هەروەها لەگەڵ قوتابییەکان ئەو دەستەبژێرە بکەو داواشیان لێبکە، بزانە چ کەرەستەیەك بۆ جێبەجێکردن بەکار دەهێنن؟ و چۆن؟





٤. هەر کۆمەڵەیەك لەسەر ئەو بیرۆکەیەی ڕێك کەوتووە دەست بە کارەکەی بکات و کەرەستەو شمەکە ئامادەکراوەکانیان بەکاربهێنن.

٥. هەوڵبدە لەناو کۆمەڵەکاندا یەك یەك قوتابییەکان ئاڕاستە بکەیت و ئاڕاستەکردنەکەشت لەگەڵ توانای لەشەکی و عەقڵی قوتابییەکاندا بێتەوە.

٦. هەوڵبدە گیانی ململانێ لەناو قوتابییەکاندا گەشە پێبدەیت و هانی کارە باش و نایاب و داهێنەرەکان بدەو جەختیش لە پاکوخاوێنی و هاریکاری یەکتری بکەوە.

٧. پێویستە مامۆستا جەخت لەسەر بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژە بکاتەوە، کە پێویستە لەلایەن قوتابییەکانەوە بەکاربهێنرێت، وەک:






(بەیارمەتیت، سوپاس، دەتوانم ئەوە بەکاربهێنم، یارمەتی هەیە، دەتوانم ئەوە ببەم و ئێستا بۆتی دەگێڕمەوە...).



٨. هەوڵبدە بوار بۆ قوتابییەکان بڕەخسێنیت، تا کۆمەڵەکەیان پێکەوە بیرۆکەی کارەکەیان لەسەر وایتبۆردەکە دابڕێژنەوە.



٩. بەهیچ شێوەیەک نابێت بەکەم سەیری بیرۆکەو پێشنیارەکانی قوتابییەکان بکەیت، هەروەک لە خاڵی دووەمدا جەختمان لەسەر کردەوە، چونکە ئەوە دەروازەی بەخۆزانی قوتابییەکانە.

## خستنەڕووی پرۆژە

- سەرۆکی کۆمەڵە (تیملیدەر) پرۆژەکەی پێشکەش دەکات و بەهاو بنەماو توانستە خۆییەکانی کۆمەڵەکەی لە بەئەنجام گەیاندنی کارە هونەرییەکە دەخاتە ڕوو.
- لەکاتی گفتوگۆکاندا زۆرترین توانستە هونەرییەکانی ڕابردوو بە بیری قوتابییەکاندا بهێنەوە.
- پرۆژەکان بەتەنیشت یەکەوە دابنێ هەوڵبدە قوتابییەکان بەراوردکاری بکەن و خوێندنەوە بۆ هەردوو پرۆژەکە بکەن لەڕووی (لێکچوون و دژبەیەک).
- هەوڵبدە وا لە قوتابییەکان بکەیت لەکاتی گفتوگۆکاندا دەستەواژەی هونەری بەکاربهێنن.
- ئاست و بەهای کارە هونەرییەکان دیاری بکەو هۆکارەکەش بۆ قوتابییەکان ڕوونبکەوە.

## هەڵسەنگاندن

ئامانج: ئەم هەڵسەنگاندنە پشت بە تێبینیکردن دەبەستێت لەکاتی جێبەجێکردن و گفتوگۆکردندا.

ئامرازی هەڵسەنگاندن: خشتەی هەڵسەنگاندن.

ئەنجامی فێرکاری: تا قوتابییەکان بتوانن داڕشتن و پێکهێنانی پرۆژە سازبکەن و بە گروپ پرۆژە ئامادەبکەن.

| ژمارە | پێوانەکانی تێبینیکردن لە کاتی جێبەجێکردندا | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|---|
| ١ | قوتابی لەناو کۆمەڵەکەیدا هەڵدەکات و خۆی دەگونجێنێت. | | | |
| ٢ | تیملیدەر ئەرکی سەرشانی جێبەجێ دەکات. | | | |
| ٣ | قوتابییەکان گوێڕایەڵی تیملیدەرن (سەرۆکی کۆمەڵە). | | | |
| ٤ | کۆمەڵەکە کەرستەو پێداویستییەکانیان ئامادە دەکەن. | | | |
| ٥ | کۆمەڵەکە پلانی کار دادەڕێژن، ئنجا کارەکە دەستپێدەکەن. | | | |
| ٦ | لەناو کۆمەڵەکەدا ڕاوێژو زانیاری لەنێوانیادا دەگۆڕنەوە. | | | |
| ٧ | کۆمەڵەکان لەنێوان خۆیاندا ڕاوێژدەکەن. | | | |
| ٨ | هەموو قوتابییەکان، وەك یەك هاوکارن و کاردەکەن. | | | |
| ٩ | کۆمەڵەکان ڕەچاوی پاکوخاوێنی هۆڵی فرەمەبەست دەکەن. | | | |
| ١٠ | کۆمەڵەکان ڕەچاوی مەرجەکانی خۆپارێزی دەکەن. | | | |
| ١١ | کۆمەڵەکان ڕەچاوی کاتی دیاریکراو دەکەن. | | | |
| ١٢ | کۆمەڵەکان کارەکانیان بە وردی و بە ڕێکی ئەنجام دەدەن. | | | |
| ١٣ | قوتابییەکان هەنگاو بە هەنگاو کارەکەیان ئەنجام دەدەن. | | | |

مامۆستای بەڕێز.. چاودێریکردن و ڕێنمایی کردنی قوتابییەکان کارێکی زۆر گرنگ و لەپێشینەیە، چونکە هەمیشە قوتابی چاوی لەدەستی مامۆستایە، تا تێبینی و ڕێنمایی پێ بدات و پاشان پێشنیاری بۆ بکات. واتە ئەرکی مامۆستایە دوای هەروانەیەك، یان چالاکییەك هەڵسەنگاندنێك بۆ وانەکەو قوتابییەکانی بکات، ئەگەر هەڵسەنگاندنەکە سەرپێییانەش بێت، چونکە ئەمە دەرفەتێك دەداتە مامۆستا، تا لە ئاست و توانای قوتابییەکانی تێبگات و بزانێت، تا چ ئاستێك مەبەستەکە گەیشتۆتە قوتابییەکان؟ و ئەوانیش، تا چەند وەریان گرتووە؟ مامۆستا لەسەر ئەم هەڵسەنگاندنە پلانی نوێ دادەڕێژێتەوەو کارو فرمانی تر ئامادە دەکات بۆ وانەکانی داهاتوو.

# فەرهەنگۆك

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
| --- | --- | --- |
| Stability | استقرار | ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتکەگرتن |
| Liberty | الحرية | ئازادی |
| Level | مستوى | ئاست |
| Simplification | تبسيط | ئاسانکردن |
| Familiar | مألوف | ئاسایی، باو، ئاشنا |
| Attention | الانتباه | ئاگاداری، وریاکردنەوە |
| Moral | اخلاق | ئاکار |
| Instrument | آلة، أداة | ئامێر، ئامراز، کەرەستە |
| Readiness | الاستعداد | ئامادەیی |
| Preface | تمهيد | ئامادەکردن، ئاسانکردن، پێشەکی |
| Preliminary | تمهيدي | ئامادەکاری، ئامادەیی |
| Thickness | ثخانة | ئەستوری، سەختی، دژوار |
| Attitudes | الاتجاهات | ئاڕاستەکان |
| Tendency | مَيل، اسلوب | ئارەزوو، حەز، مەبەست |
| Experience | اختبار، تجربة، خبرة | ئەزموون (تاقیکردنەوە) |
| Experimental | اختباري، تجريبي | ئەزموونگەری |
| Result | نتيجة | ئەنجام |
| Imagination | التخيل، تصور | ئەندێشەکردن، خەیاڵکردن |
| Envy, Jealousy | حسد، غيرة | ئێرەیی، ئیرەیی، چکۆسی، کندۆسی، حەسوودی |

| | | |
|---|---|---|
| Handdicraft | أعمال يدوية | ئیشی دەست، کاردەستی |
| Valuable | قيم | بایەخدار، بەنرخ |
| Self - conscious | واع ذاته، الوعي الذاتي | بەخۆزان |
| Self consistent | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | بەخۆگونجاو، خۆگونجان |
| Self approbation | الاستغراق في الذات | بەخۆوەگلان |
| Self indulged | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | بەخۆوەگلاو |
| Comparison | مقارنة | بەراورد، بەراوردکردن، بەراوردکاری |
| Response | استجابة، الاستجابة | بەرتەك |
| Voluntary Reaction | لاستجابة الارادية | بەرتەکی خوازەکی |
| Seek | التماس | بەریەککەوتن، گەڕان |
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، بەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، تجنيد، إحداث، تقليد، تخليق | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| A paragraph | فقرة | بەند، بڕگە |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Creative | خَلاق | بەهرەدار |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |
| Generalization | التعميم | بڵاوکراوە (گشتاندن) |
| Basis, Basics | اساس، عنصر اساسي | بنەڕەت، بنچینە |
| Basics of Design, Principies of Design. | اسس التصميم | بنەماکانی نەخشەسازی |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعلم | بواری فێربوون |

| | | |
|---|---|---|
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | صبغ البوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | صبغ الجواش | بۆیەی گواش |
| Water color | صبغ المائية | بۆیەی ئاوی |
| Acrylic color | صبغ اكريليك | بۆیەی ئەکریلیك |
| Quick Thinking | تفكير السريع | بیرکردنەوەی خێرا |
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Ideas | أفكار | بیرۆکە |
| Boredom | ملل | بێزار، بێتاقەت، بێ ئومێد |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Educational board | لوحة تعليمية | تابلۆی فێرکاری |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Acceleration | تسارع | تاودان |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری، (هەڵچوون بۆ ئەم دەستەواژەیە بەکارنایەت چونکە مرۆڤ هەڵناچێت، بەڵکو تاوێك گیر دەبێت). |
| Emotions | انفعالات | تاوگیریەکان |
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Translation | ترجمة | تەرجومە، (وەرگێڕان) |
| Formation | تكوين، تشكيل، بنية | تەواوکردن |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Fear | خوف | ترس |
| Ability | قدرة | توانا |

| | | |
|---|---|---|
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای ڕاهاتن، توانای خۆگونجاندن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمه بینەوەریەکان، پێکهاتە بینەوەریەکان |
| Anger | غضب | توڕەیی |
| Anatomy | تشريح | توێکاری |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Look | تمعّن | تێڕوانین، دیقەتدان، تێبینیکردن |
| Comprhension | استيعاب | تێگەیشتن |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترك | تێگەیشتنی هاوبەش |
| Rivalry | تناحر | تێك بەربوون |
| Mix | خلط | تێکەڵاوکردن |
| Destruction | هدم، تخريب، تدمير | تێکدان، ڕووخاندن |
| Damage | عطب | تێکچوون |
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێکگەیشتن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقژان (تێکهەڵپژان) |
| Learning theory | نظرية التعلم | تیۆری فێربوون |
| Reward | ثواب، مكافأة | پاداشت، خەڵات |

| | | |
|---|---|---|
| Prophylaxis | وقاية | پاراستن |
| Hindsight | الاستبصار الخلفي | پاشبینی |
| Thrift | ادخار | پاشەکەوتکردن، زۆرکردن |
| Background | خلفية | پاشخان، پاشینە |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Space | مساحة، الفضاء، مسافة | پانتایی |
| Evolution | تطور | پەرەسەندن، گەشەکردن |
| An example | مثال | پەند، نموونە |
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعميق | پتەوکردن، بەهێزکردن |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية ديناميكية | پڕجووڵە، کەسێتی پڕجووڵە، جرپن |
| Project | مشروع | پرۆژە |
| Program | برنامج | پرۆگرام، بەرنامە |
| Educational programs | برامج تعليمية | پرۆگرامی فێرکاری |
| Plan, policy, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە، |
| Scheme | مخطط | پلانبۆداڕێژراو |
| Classification | تصنيف | پۆلێنکردن |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسکردن |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقلانە |
| Artisan | حرِفي، صنائعي | پیشەگەر |
| Collapse | طي | پێچانەوە، قەدکردن، لولدان |
| Winding | متعرج | پێچاوپێچ، بەرزو نزم |

| | | |
|---|---|---|
| Identical | مطابق | پێکچوو |
| Structure | بنية | پێکهاتە |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێکهاتە ڕووتەڵەکیەکان |
| Artistic elements | العناصر الفنية | پێکهاتە هونەریەکان |
| Structure | تركيب، بُنية | پێکهاتە، پێکهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |
| Design Elements | عناصر التصميم | پێکهاتەکانی نەخشەسازی |
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری |
| Biological need, Biochemstry | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیولۆجیەکان، زیندەکی |
| Delinquent | جانح | جرِن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرِنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم جمال | جوانناسی، جوانزانی |
| Discrimination | تمييز | جیاکردنەوە، جیاکاری |
| Individual Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تكامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Application | تطبيق | جێبەجێکردن |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| Desire, Inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |

| | | |
|---|---|---|
| Dot | النقطة | خاڵ |
| Dotting | تنقيطي، تنقيط | خاڵەکوتە |
| Point Faded | نقطة تلاشى | خاڵی ونبوون |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الأحلام | خەون، خەونبینی |
| Self Realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self- centeredness (Autocentrism) | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص من الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن، خۆدانەگومان خۆتاوانبارکردن |
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن لە خود |
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن، خۆچاککردن |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل للاخمار | خۆگور (وەکو خۆڕسک) |

| | | |
|---|---|---|
| Self acting | ذاتي الفعل، آلي | خۆكار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆكاری |
| Self denial | انكار الذات | خۆنایاندن، نكۆڵی لەخۆكردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Habit | عادة | خوو |
| Egoism | انانية | خۆویستی، (خۆپەرست) |
| Self | الذاتي | خۆیی |
| Family | الأسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Distribution | توزيع | دابەشكردن |
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریك كردنەوە، جیاكردنەوە |
| Invention | ابداع | داهێنان |
| Inventor | مبدع | داهێنەر |
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Stupid (Moron) | الغبي، (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژك، كەودەن، گەوج |
| Expressionism | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Expression | تعبير | دەربڕین، گوزارشت |
| Projection | الاسقاط | دەرپۆقین، چوكڵە، دەرپەڕین |
| Psyche | نفس، روح | دەروون، گیان |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيء في باطن الذات | دەروونزا |
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |

| | | |
|---|---|---|
| body | هيئة | دەستە |
| Handmade | يدوي | دەستكرد |
| Artificial | إصطناعي | دەستكرد، دروستكراو |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندكردن |
| Innovation, Invention | ابتكار | درەستكردن، دروستكردنێكی داهێنەرانە |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستكردنی هێما |
| Mental bygiene, Psychological health | الصحة النفسية | دروستی دەروونی، دروستی دەرونایەتی |
| Long | طويل | درێژ |
| Volunteer | تطوع | دڵخواز، دڵخوازانە (خۆبەخش) |
| Mental retardation | التاخر العقلي | دواكەوتنی هۆشەكی |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، ظرف، مركز | دۆخ، بار، چۆنییەتی |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، هەڵێنجان |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Formalism | صوري | دیتەنی، وێنەیی |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، حضارة | ژیاری، ڕۆشنبیری |
| Environment | البيئة | ژینگە |
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕا ڕا، دوودڵ |

| | | |
|---|---|---|
| Ornament | زخرفة | ڕازاندنەوە |
| Adornment | زينة، زخرفة ديكور | ڕازاندنەوە (ڕازاندنەوەی بنمیچ) |
| Ornamentation | تزيين، تزين، (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە (شتێك بڕازێنینەوە) |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | واقعي، حقيقي | ڕاستییەکی، ڕاستێتی |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەکردنی بابەتێك |
| Stretch | تمطط، تمتد | ڕاکێشان، درێژبووەوە، کشان |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين، توجيه | ڕاهێنان |
| Integration | تكامل | ڕەخسکان |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |
| Diffuse Behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتار بلاو، ڕەفتاری<br>پەرشوبلاو، ڕەوشتی پەرتوبلاو |
| Behaviour | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، کردار |
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتاریەتی، ڕەوشتایەتی |
| Instinct | غريزة | ڕەمەك |
| Paint, color | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ |
| Daltonism<br>Achromatism | عمى الالوان<br>عمى الالوان العام | ڕەنگ کوێری |
| Cool color | الألوان الباردة | ڕەنگە ساردەکان |
| Primary color | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |

| | | |
|---|---|---|
| Colouring, coloring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن بە شێوەی هونەری |
| Tempra color | الوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Pastel color | لون الباستيل | ڕەنگی پاستیل |
| Oil color | اللون الزيتي | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass color | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Gouache color | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Fresco color | الوان الفريسكو، الألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صَبَغَ، صبِغ | ڕەنگی کردن، ڕەنگکار |
| Water color | الألوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic color | لون الاكريليك | ڕەنگی ئەکریلیك |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Perspective | منظور | ڕوانگە |
| Vision | الرؤية | بینگە |
| Artistic Vision, Technical vision. | الرؤية الفنية | ڕوانگەی هونەری |
| Abstract | تجريد | ڕوتەڵەك، (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕوخاندن، سەرنەکەوتن |
| Feel | ملمس | ڕووگە |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |
| Rhythm | ايقاع | ڕیتم |
| Irregular Rhythm | ايقاع غير منتظم (غير رتيب) | ڕیتمی ڕێکنەخراو |
| Attribution | نسب | ڕێژە |
| Sequence | تسلسل | ڕیزکردن، زنجیرە |
| Arrangement | ترتيب، تنظيم | ڕێکخستن، سازکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Labial | شفوي | زارەكی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانە، باخچەی منداڵان زارۆك: بە كرمانجی یانی منداڵ خانە: بە هەورامی یانی ئەو شوێنەی لێی كۆدەبنەوە، یان خانو. (زارۆخانە) كتومت لە بڕی وشە ئینگلیزییەكە دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری، زانیار |
| Kataphasia | التهتهة، ثقل اللسان | زمان گرتن، لاڵ، زمان پەڵتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زماننـاسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێكردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەكی |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەكان |
| Brawler | مشاكس | سەركێش |
| Contemplation | تأمل | سەرنجدان، تێڕامان، لێوردبونەوە |
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاكێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |
| Inspiration | الهام | سرووش |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانە |
| Triangle | مثلث | سێگۆشە |

| | | |
|---|---|---|
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیی، لێزانی |
| Comb | مشط | شانە، شە |
| Passion | شغف | شەیدایی، پەرۆش |
| Agitation, disturbance | اضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |
| Style, method, manner, way, mode, technique | أسلوب، نمط، سلوك، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگا |
| style, pattern, type, fashion, manner, modality | نمط | شێواز، چەشن، بابەت، شێوە |
| Direct style | الاسلوب المباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال هندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Print With a Fingerprint | طباعة بالبصمة | چاپگەری پەنجەمۆر |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |
| Observation | مراقبة | چاودێری (چاودێریکردنی شتێك) |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەرکوتکردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمك، بیرۆکە |

| | | |
|---|---|---|
| Square | مربع | چوارگۆشه |
| Taste | ذوق، (تذوق الفني) | چێژ (چێژی هونەری) |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Humour, Funny mock | سُخرية، سخرَ | گاڵتە: بەبابەتێکی هونەری یان ئەدەبی کە ببێتە هۆی پێکەنین |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناك، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجوڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالێری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Ceramic | سيراميك، فخار | گڵێنەکاری، سیرامیك |
| Modulation | تحوير | گۆڕین، (گۆڕانکاری لە چینەکانی دەنگدا) |
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێك پەنگدەخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |

| | | |
|---|---|---|
| Social isolation | انعزال اجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Canvac | خيش | گونییە، گوش، پەرچەمی ڕەشماڵ، قوماشێکی زبر |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |
| Diversity | التنوع | فرەجۆری |
| Polychrome, miscellaneous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ |
| Frottage | فروتاج | فروتاج |
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Learning | تعليم | فێربوون |
| Education | تعليم | فێربوون |
| Festival | مهرجان، احتفال | فێستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Size | حجم، مقاس | قەبارە |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |
| Pyramid | هرم | قوچەك |
| Gulp | بلع | قووتدان |
| Good Performance | حسن الاداء | کارباشی (کەسێك کاری باش ئەنجام دەدات) |
| Touching | مؤثر | کارتێکەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | کاردانەوە، پەرچەکردار |
| Interaction | تفاعل | کارلێككردن |
| Metal | معدن | کانزا |
| Glue | صمغ | کەتیرە |
| Raw material | مواد خام | کەرەستەی خاو |
| Person | شخص | کەس |

| | | |
|---|---|---|
| Personality | الشخصية | کەسایەتی |
| Atmosphere, General mode | وضع، وضع العام | کەش، بارودۆخی گشتی |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | کەڵك وەرگرتن، بەکارهێنان |
| Superposition | تراكب | کەڵکەبوون، چونەسەریەك (بۆ شێوە ئەندازەییەکان بەکاردێت) |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجراءات، عملية، طريقة، أسلوب | کردار، کرداری، پڕاکتیکی |
| Short | قصير | کورت |
| Barrier | حاجز، عقبة | کۆسپ، بەربەست |
| Society | مجتمع | کۆمەڵ، کۆمەڵگە |
| Formation | تكوين، تشكيل | کۆمەڵەکردن، کەڵەکەکردن |
| Problem | مشكلة | کێشە، گیروگرفت، ئاریشە |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | کێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Skewness, deviation | انحراف | لادان |
| Slanted | مائل | لار، خوار، لێژ |
| Aberration | جنوح، انحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەرکێش، ڕێزپەر |
| Imitation | تقليد، المحاكاة | لاساییکردنەوە، لاساکردنەوە، دەمەلاسکێ، چاولێکەری |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفاءة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتویی |
| Body | جسم | لەش، بەدەن، جەستە |
| Physical | جسدي | لەشەکی، تەنیەتی، جەستەیی |
| Similarity | التماثل | لەیەکچوون، وەك یەکبوون |

| | | |
|---|---|---|
| Proceedings, procedure, steps | إجراءات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | بەردەوامیدان، بەدواداچوون |
| Investigation | استقصاء | لێکۆڵینەوە، بەشوێنداگەڕان |
| Skilful | بارع، مُتفنن | لێهاتوو |
| Muscle | عضلة | ماسوولکە |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، کۆڵدان، شەکەت بوون |
| Mongolism | المنغولية | مەنگۆلی |
| Backward child | طفل متخلف | منالّی دواکەوتوو، بیرکۆڵ |
| Museum | متحف | مۆزەخانە |
| Brain | دماغ | مێشك، دەماغ |
| Unfit | غير مناسب | ناجۆر |
| Agnosticism | اللاأرادية | نازانمکاری، بێخۆویستن |
| Contradiction | تناقض | ناکۆکی، دژواری |
| Conflict | صراع | ناکۆکی، ململانێ، کێشە |
| Alienation | اغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، کەسێکی هۆشڕۆیشتووە |
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری (بێ بەهرە) |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Design | تصميم | نەخشەسازی |
| Embroidery | تطريز | نەخشکاری بە دەرزی و دەزوو، دەزوکاری، دەرزیکاری |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Mores / Tradition | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت)، عورف |
| Dissonant | مُتنافر | نەشیاو، نالەبار، جیاواز، |

| | | |
|---|---|---|
| | | نەگونجاو |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Evaluation, Estimate, Estimation | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەملاندن |
| Assessment | اضفاء، التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Sample | عينة | نموونە |
| Trait | سمة | نیشانە، هێما، مۆرك |
| Oil painting | رسم بالوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الأطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |
| Suspense | تشويق | هاندان، لاشیرینکردن |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدێرن، نوێ |
| Synergy | التضافر | هاوکاری، یارمەتی |
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆ نەکردن |
| Feelings | الأحاسيس | هەستەکان |
| Consciousness | احساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | احساس | هەستکردن |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Educational bags | حقائب تعليمية | هەگبەی فێرکاری |
| Chance | فرصة | هەل |
| Cavalletto, Stand. | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |

| | | |
|---|---|---|
| Attitude | موقف، اتجاه | هەڵوێست، ئاڕاستە |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Cause | سبب، علة | هۆ |
| Art | الفن | هونەر |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artist | فنان | هونەرمەند |
| Artistic | فني | هونەری |
| The art is the language of communication | الفن لغة اتصال | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگەیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | الفن التجريدي | هونەری ڕووتەڵەك |
| Graphic arts | فن جرافيك | هونەری گرافیك |
| Modern art | فن معاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Lines | الخطوط | هێڵ |
| Horizontal Line | خط الافقي | هێڵی ستونی |
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |
| Slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Meaning | مدلول | واتا، ناوەرۆك، کرۆك |
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | اثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | استجابة مرجأة | وڵامدانەوەی دواخراو، بەرتەکی دواخراو |
| Conscience | وجدان | ویژدان |
| Imagingation | الخيال، تخيل | وێناکردن، ، خەیاڵکردن، وێنا، |

| | | |
|---|---|---|
| | | خەیاڵ |
| Image | صورة | وێنە |
| Mental Image | صور ذهنية | وێنەبیریەکان |
| Illustration | رسوم إيضاحية | وێنەی ڕونکاری |
| Assistant | مساعد | یاریدەدەر |
| Lesson Vocabulary | مفردات الدرس | یەکەکانی وانە |
| Lesson units | وحدات الدرس | یەکەکانی وانە |
| Vocabulary | مفردات | یەکەی زمان، وشە، یەکە |
| Monochrome | أحادي اللون | یەکڕەنگی، یەك ڕەنگ |
| Proportionality | تناسب | یەکسانبوون، هاوتایی |

## سەرچاوە کوردییەکان

– ئازاد شەوقی. ئا: بەختیار سەعید، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت، ٢٠١٣.

– ئۆسە ویدن. زمان و فێربوون، ئاخاوتن لە زارۆخانەو سالآنی بەرایی فێرگەدا، ت: ئاسۆس شەفیق، تۆڕی فێرکاری برادۆست، ستۆکهۆڵم– ٢٠١٦

– تاهر، عبدالستار (د). قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی، چ١، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٨٥.

–عمر، محمد (د)– فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣

– ڕەسوڵ، وەهبی. ڕەنگ، لە بڵاوکراوەکانی پڕاوگەی نزاران: کۆمپانیای ئارت گرافیك، سلێمانی، ٢٠١٥.

– ڕەسوڵ، وەهبی. هونەری نیگارکێشان مێژووی لە کورددا و لە جیهاندا، تەکنەلۆجیا. تەکنیك، چ١، وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.

– خاڵ، شێخ محەمەد. فەرهەنگی خاڵ، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

– جۆن، ستیڤن کلبەرت. زمانی جەستەی ڕەنگ، تێگەیشتن لە پەیامە نهێنییەکانی مرۆڤ. و: مینە – کەمال حەسەن. لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە. سلێمانی، ٢٠٠٧

– سەعید، فایەق – قوتابخانەکان ڕوویان لە قیبلە نییە – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر، ٢٠٠٨

– سلێمان، حسن – سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هونەری تەشکیلی – و. نەژاد عزیز سورمێ، چ١، بەغدا، ١٩٨٦ .

– سوبحانی، جەلال مەحمود عەلی. ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.

– سیستەمی فێرکاری، ئا: هۆمەر قەرەداغی، چ٢، کۆمەك، کوردستان – ٢٠٠٦.

– شێخ محەمەدی خاڵ. فەرهەنگی خاڵ، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

– شێوەکارانی کوردستانی باشوور، ئا: ئیسماعیل خەیات و نامیق علی قادر، ز١، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

– لالە عەبدە. ئا: کۆسار وەلی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرێتی هونەری شێوەکاری سلێمانی.

– عبداللە، مجید– فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی–کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤

– عەلی، خەلیل. بنەماکانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانەو خوێندنگاکان. چ٢، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦

– عەلی، خەلیل. پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناخی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤

– محەمەد، مەسعوود– زاراوەسازی پێوانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠١١

– مستەفا، محمد، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٢.

## سەرچاوە عەرەبییەکان


– أبو شعيرة، خالد. مدخل الى التربية الفنية، ط١، دار جرير– عمان، الأردن، ٢٠٠٠.

– أبو غزالة، هيفاء. دليل المرشد التربوي، عمان، ١٩٨٥.

– أبو غزالة، هيفاء. الحلقة الدراسية في الارشاد والتوجيه الطلابي، عمان، ١٩٨٢.

– أبعاد التعلم – تقويم الاداء بأستخدام نموذج أبعاد التعلم، ت: أ.د.صفاء الاعسر، أ.د.جابر عبدالحميد، أ.د.نادية شريف. الناشر: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٠.

– أحمد حافظ و آخرون. التصميم في الفن التشكيلي، ط١، علم الكتب، القاهرة، ١٩٨٥.

– أحمد، سهير كامل (د). التوجيه و الارشاد النفسي للصغار، مركز الاسكندرية للكتاب، مصر، ٢٠٠٢.

– أنور محمد الشرقاوي. علم النفس المعرفي المعاصر، الانجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٢.

– البعلبكي، منير (المورد) قاموس انكليزي – عربي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٥.

– العشماوي، محمد زكي. فلسفة الجمال في الفكر المعاصر. دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٠.

– الزعبي، أحمد محمد (د). مشكلات الاطفال الفنية و السلوكية و الدراسية (أسبابها و علاجها)، دار الفكر، ٢٠٠٥.

– الزعبي، أحمد محمد (د). الموهبة والتفوق والابداع، أسباب الكشف عنها و توجيهها و رعايتها، دار الفكر، ٢٠٠٩.

– الزعبي، أحمد محمد (د). التوجيه والارشاد النفسي و المدرسي، دار الفكر، ٢٠١٣.

– الشيخ، عبدالسلام أحمدي. علم النفس في مجال التعليم المدرسي، كلية الآداب – جامعة طنطة، ٢٠٠٤.

– المهنا، عبدالله. التخطيط لتدريس التربية الفنية –مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٩٣.

– الهابط، محمد السيد. التكيف والصحة النفسية، الاسكندرية، ١٩٨٥.

– اولسن، ميرل. التوجيه، القاهرة، ١٩٦٤.

– بدري، مالك. سايكولوجية رسوم الاطفال – دار الفرقان للنشر و التوزيع، ٢٠٠١.

– حمدان، محمد زياد. تعديل السلوك الصفي، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٢.

– جودت سعادة. تعليم المفاهيم للموضوعات المختلفة، دار الكتاب، بيروت – ١٩٨٧.

– جودت سعادة. مقدمة في التربية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٣.

– د. محمد الحيلة. مهارات التدريس الصفي، دار المسيرة للنشر، عمان، ٢٠٠٢.

– د. رفعت الزغلول– عماد الزغلول. علم النفس الادراكي، دار الشروق، عمان، ٢٠٠٣.

– د. ربحي عليان – د. محمد الدبس. وسائل الاتصال و تكنلوجيا التعليم، دار صفاء للنشر، عمان، ٢٠٠٣.

– د. محمد الخوالدة. مقدمة في التربية، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ٢٠٠٣.

– ديون، جون. الفن خبرة – ترجمة: زكريا ابراهيم –دار النهضة العربية – القاهرة – ١٩٦٣.

– ريد، هربرت. الفن اليوم – ترجمة: محمد فتحي و جرجيس عبده –دار المعارف، مصر، ١٩٨٥.

– روبرت رتشي. التخطيط للتدريس، ت: محمدامين المفتي و آخرون، دار ماكروهيل للنشر، القاهرة، ١٩٨٢.

– رياض، عبدالفتاح. التكوين في الفنون التشكيلية، دار النهضة العربية.

– زكي، لطفي محمد (د). نظريات في السلوك الفني و تطبيقاتها التربوية – دار المعارف، قاهرة: ١٩٦٩.

– زهراء عاطف زكريا. تنمية قدرات الطفل –الدار الوطنية الجديدة، الرياض.

– زهران، حامد عبالسلام. التوجيه والارشاد النفسي، جامعة عين الشمس، ١٩٧٧.

– سوزانا ميلر. سيكولوجية اللعب، ت: يسي، رمزي حليم، ط١، المكتبة العربية، القاهرة، ١٩٧٤.

– صنورة، مصري عبدالحميد. سيكولوجية التذوق الفني – دار المعارف، القاهرة – ١٩٨٥.

– عبدالمطلب أمين القريطي. مدخل الى سيكولوجية رسوم الاطفال – دار المعارف، مصر: ١٩٩٥.

– عبدالحميد، جابر. الاشراف والاستشارة، القاهرة، ١٩٧٨.

– عبدالستار ابراهيم و محمد فرغولي. السلوك الانساني، نظرية علمية، دار الكتب الجامعية، القاهرة، ١٩٧٤.

– عبدالفتاح رياض. التصوير الملون. ط١، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ١٩٦٥.

– عبدالكريم، احمد محمد علي. نظم تصميم الفنون البصرية، ط٢، اطلس للنشر والانتاج الاعلامي، الجيزة، ٢٠١٣.

– عزت، دري حسن. الطب النفسي، الكويت، ١٩٨٩.

– عيسوي، عبدالرحمن. العلاج النفسي، الاسكندرية، ١٩٧٩.

– عويسي، عفاف أحمد. التعامل مع الاطفال علم، فن، موهبة، الناشر: مكتبة الزهراء، القاهرة، ١٩٩٤.

– عمر، محمد ماهر محمود. المقابلة في الارشاد والعلاج النفسي، الاسكندرية، ١٩٨٥.

– نشواني، عبدالمجيد. علم النفس التربوي، دار الفرقان، عمان، ١٩٨٥.

– فايز محمد علي الحاج. الصحة النفسية، الرياض، ١٩٧٧.

– فليب فنكس. فلسفة التربية، ت: محمد النجيحي، دار ماكروهيل، فرانكلين، القاهرة،١٩٨٥.

– فرج، صفوة. الذكاء و رسوم الاطفال – القاهرة – ١٩٨٦.

– لونفيلد، فيكتور. طفلك و فنه – ترجمة: سامي جمال و يوسف قطف – مكتبة الاداب، مصر، ١٩٦١.

– مجاهد، عبدالمنعم. دراسات في علم الجمال. دار الثقافة، القاهرة، ١٩٩٠.

– محمد، مصطفى حنفي. مجالات في التربية الفنية، دار المفردات، ١٩٩٧.

– محمد، علي عبدالمعطي. الابداع الفني و تذوق الفنون الجميلة، الأزرايطة: دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٠.

– محمد حماد و محمد فتحي. التشجير المعماري، ط١، دار النشر للجامعات المصرية، القاهرة، ١٩٧١.

– مطر، أميرة حلمي. علم الجمال و فلسفة الفن –دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٩.

– مهدي، محمد عبدالفتاح (د). مستويات النفس، الناشر: الملتقى المصري للابداع و التنمية، ٢٠٠٢.

– هويمان، دنيس. علم الجمال، ت: أميرة حلمي طه. مراجعة أحمد فؤاد الأمواني. دار احياء الكتب العربية، القاهرة، ١٩٥٩.

## گۆڤار و ڕۆژنامە:


- ابن سلم، أحمد سعيد. موسوعة الأدباء والكتاب، جـ ٣، وفيها وفاته ١٣٦٥هـ.
- أبو سليمان، عبد الوهاب بن إبراهيم. مؤرخ مكة الكبير وكاتب مصحفها رحمه الله، مقالة بجريدة المدينة المنورة، العدد ٤٨٦٨، نشر في ١٤٠٠/٥/١٠هـ. وفي مقدمة الجزء الخامس من التاريخ القويم.
- ذنون، يوسف. محمد طاهر الكردي، مقالة بجريدة العراق ١٩٨١/٣/٢. وفي مقدمة الجزء الخامس من التاريخ القويم.
- رجب، عبد الله. صحيفة البلاد، العدد ٩٣٣٩، في ١٤٠٠/٥/٧هـ، صحيفة المدينة، العدد ٤٨٦١، في ١٤٠٠/٥/٣هـ.
- الرفاعي، عبد العزيز. رسالة الى الراحل الشيخ محمد طاهر الكردي، مقال بجريدة الرياض، العدد ٤٥١٤، في ١٤٠٠/٦/٦هـ، ص ١٢. وفي مقدمة الجزء الخامس، التاريخ القويم.
- معجم الأدباء والكتاب، جـ ١.
- المغربي، محمد علي. أعلام الحجاز، جـ ٢، ص ٣١٥، ومقدمة الجزء الخامس من التاريخ القويم.


## سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


- Caroline Eael. Introduction to Silk Painting- Classic Crafts. N.P.N.D.
- Charles Harrison and Paul Wood. Art in Theory (1990) an Anthology of Changing Ideas.
- Charlotte-Hug. Margo Veillon.N.P.N.D.
- Edwin Moore. Flona Mackenzie Moore. Concise Dictionary of Art and Literature.N.P.N.D.
- Eggen, P.D. and Kauchak, D.P: Strategies for Teachers. Teaching content and Teaching Skills. Boston: Allyn and Bacon. 1996.
- Feinberg, Sandra; Kuchner Joan F. and Feldman, Sari: Learning Environments for Young Children. Chicago, American Lebrary Association, 1998.
- Fiona Wait. Complete Books of Art Ideas. USPORNE PUBLISHING.Ltd. 2004.
- Fisher, Bobbi: Joyful Learning in Kinergarten, Revised Edition. New York, Heineman, 1998.
- Grer. W. Art as a Basic (The Reformation in Art Education) Bloominaton & Phi Kappa Education Foundation. N.D.

- James C. Stone and Frederick W. Schneider, Foundations of Education, New York Thomas Y. Crowell Co., Inc. 1971.
- James Rath (Editor) Studying Teaching, Prentice- Hall Inc., Englewood Eliffs, N.J., 1971.
- Joy Evans – Jo Ellen Moore. How to Teach Art to Children. Evan – Mooe Grop. 2001.
- Kackny; Jeffrery Quality in School Environments: Amultiple, Case Study. A: 4963. 12, no, 57, DAL, ph.D, Milwaukee, 1996.
- Kestrom, J.M. (1998) the Untapped Power of Music: Its red in the Curriculum and Its Effect on Acadmic Achievement. Nassp Bullentin, 82,34-43.
- Lendal Haskell. Art in Early Childhood Year.N.P.N.D.
- Leo Carles Daley, Philosophy of Education, N.Y: College Notes, Inc., 1966.
- Lewine, M.A., Cognitive Theory of Learning, N.Y. Weley, 1975.
- Mcfee Degge &, June, Regent Art. Culure And Encironment Acatalyst for Teaching Kendall, UI.S.A Hunt publishing Company. 1980.
- McGraw- Hill Book Company, Inc., 1962.
- Murphy. N. "Helping Per Service Teachers Master Authentic Assessment for the Learning Cycle Model in: Behind the Methods Class Door, Schfer. L. (E D). U.S.A: ERIC Clearing House for Scince, Mathematic And Environmental Education. 1994.
- Nancy R. Smith. Experience and Art (Teaching Children to Paint).N.P.1983.
- Petra Bosse: Salt Dough,Condon Newyork, Sydney, 1996.
- Robert M., Gane, Essentials of Learning for Instruction, Holt Rinehart and Winston, 1975.
- Robin Montana Turner,PH.D. Art Thecher's Edition Grade – 1. Scott Foresman. 2005.
- Robin Montana Turner,PH.D. Art Thecher's Edition Grade – 2. Scott Foresman. 2005.
- Robin Montana Turner,PH.D. Art Thecher's Edition Grade – 3. Scott Foresman. 2005.
- Robin Montana Turner,PH.D. Art Thecher's Edition Grade – 4. Scott Foresman. 2005.
- Robin Montana Turner,PH.D. Art Thecher's Edition Grade – 5. Scott Foresman. 2005.

- Robin Montana Turner,PH.D. Art Thecher's Edition Grade – 6. Scott Foresman. 2005.
- Sally Moomaw and Brendahieronymus. More Than Painting (Exploring to Wonder of Art in Preschool Land Kindergarten).N.P.1999.
- Shertzer, B, and Stone, S, Fundamentals of Guidance, Houghton Mifflin, Co, 1981.
- Smith Othanal, B. et.al., Fundamental of Curriculum Development. Wordbook Com. 1957.
- Spodek, Bernard; and Saracho, Olivia N.: Issuse in Early Childhood Curriculum. New York, Teachers College Press, 1991.
- Stewart, Eric Lane (1991). Using Music in the Classroom, Mathematics Teacher, V.84,N.8,Nov.
- T.W. Moor, Educational Theory: An Introduction, Routhedges and Kagan Paul, London, 1974.
- The international Encyclopedia of Education. Research and Studies V6 M-O, 1985.
- Thomassina Smilh: Finger Puppet London, Newyork, 1996.
- Travers, Essemtial of Learning, N.Y. MacMillan, 1977.
- Tuman Donna Marie. Subject Matter and the Fomal Artistic Characteristics of, Dal – a 59/07, Dissertation Abstract International, Childrens Drawing Colunbia University Teachers College, 1999.
- Tuman Donna Marie. Subject Matter and the Fomal Artistic Characteristics of, Dal – a 59/07, Dissertation Abstract International, Childrens Drawing Colunbia University Teachers College, 1999.
- Waxman, H.C. and Walberg, H.J: New Directions for Teaching Practice and Research. McCutchan Publishing, Berkeley C A. U.S.A, 1999.
- William Travis Hanes III. World History (Continuity and Change) USA: Rinehart and Winstion 1997.
- Wolff. Th.F.and Geahigan, G.Art Criticism and Education. USA: The University of IIIinos.1997.
- Wood, D.Drawing Research and Development (Art & Design Education). USA: N.P.1992.
- Zelanki, P.and Fisher, M.P.The Art og Seeing. USA: NJ. Prentice-Hall.1994.